# گوڵان

سـاڵی سییەم (١٣٦٣)- (٨)ی ئایاری ٢٠٢٣

کۆنفرانسی جینۆسایدی کوردی فەیلی

## نووسینەوەی مێژوویەکی تراژیدی بە شێوەیەکی زانستی



## سەرۆک بارزانی پێشنیاری کرد ناوەندێک بۆ بەدواداچوونی پرسی جینۆسایدی کوردی فەیلی دابمەزرێت

"سەرچاوە و بەڵگەنامەکان ساغیان کردووەتەوە ٣٨٠ هەزار کوردی فەیلی ڕووبەڕووی قڕکردن و جینۆساید بوونەتەوە و ئاسەوارەکانیشیان ماون"

## هەتا ئێستا دەوڵەت و حکومەتی عێراق نە داوای لێبوردنی لە جینۆسایدی کوردی فەیلی کردووە، نە قەرەبووشی کردوونەتەوە




# بارودۆخی ساڵی ۲۰۰۲ و ئاماژەکانی گۆڕانکاریی گەورە

## ٦٤

ڕۆژی ۳۰ی کانوونی دووەمی ۲۰۰۲، سەرۆک بۆش لە وتارە ئیتحادییەکەیدا[1] لەسەر بارودۆخی گشتی، هێرشێکی زۆری کردە سەر عێراق و ڕایگەیاند ماوەی دە ساڵە عێراق لە ئەمەریکا یاخی بووە. هەروەها هێرشی کردە سەر هەر یەک لە ئێران و کۆریای باکوور و بە میحوەری شەڕ پێناسەی کردن. دوای ئەم وتارە توندە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هێماکانی لێدانی عێراق زیاتر دەردەکەوتن. لەو چوارچێوەیەدا ڕۆژی ۱٦ی شوباتی ۲۰۰۲، کۆڵن پاوڵیش ڕایگەیاند کە پێویستە ڕژێمی عێراق بگۆڕدرێت و ئەگەر پێویست بێت ئەمەریکا بە تەنیا ئەم ئەرکە ڕادەپەڕێنێت. لە ۲۷ی شوباتی هەمان ساڵدا تۆنی بلێر، سەرۆکوەزیرانی بریتانیاش ڕایگەیاند، عێراق بەردەوامە لە دروستکردنی چەکی کۆمەڵکوژ.


لە ۱۷ی شوباتی ۲۰۰۲–دا، شاندێکی سەر بە سی ئای ئەی[2] کە پێک هاتبوو لە جۆن ماکوایر، مایک و ستیف و ئەندی سەردانی کوردستانیان کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ شاندی سی ئای ئەی کە جگە لە من، نێچیرڤان بارزانی و جەوهەر نامیق و هۆشیار زێباری و مەسرور بارزانی و کەریم شنگالیش ئامادە بوون، تێیدا باسی بارودۆخی ناوچەکە و دواپێشهاتەکان کرا.

---

(۱) بەپێی برگەی دووی بەشی سێی ماددەی دەستووری ئەمەریکا، سەرۆکی ئەمەریکا دەبێ وتارێکی گرنگی ساڵانە لە بارەی بارودۆخی ناوخۆیی و دەرەکی پێشکەشی کۆبوونەوەیەکی هاوبەشی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی سینات بکات. ئەمە وەک عورفێکی سیاسی و دەستووریی ئەمەریکایە و ئەم وتارە لە ئەمەریکا بە (State of the Union Address) بەناوبانگە.

(۲) لە دوای ۳۱ی ئابی ۱۹۹٦ ئەوە یەکەم جار بوو شاندێکی سی ئای ئەی سەردانی کوردستان بکات.




بەرگی چوارەمی کتێبی «قەیرانی ئەقڵ» بە قەبارەی گەورەی ٤٣٢ لاپەڕە و نووسینی نووسەر و ڕووناکبیر (فوئاد سدیق) کەوتە بەر دیدەی خوێنەران.

کتێبی قەیرانی ئەقڵ لە ڕوانگەیەکی فیکری و مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەوە، هەڵوەستەی لەسەر تەواوی قەیرانە کەلتووری و کۆمەلایەتی و سیاسی و ئایینییەکانەوە کردووە، کە لە ماوەی یەك سەدەی ڕابردوودا کورد تێی کەوتووە. لەم ڕوانگەیەوە بە وردی هاتووەتە سەر شوناسی کورد، کە شوناس بە هۆی ئەم قەیرانانە، کەوتووەتە نێو تەمتومانێکەوە، کە بەم دۆخەی ئێستای کورد، شوناس نەیتوانیوە بونیادێکی پتەوی وەها بۆ خۆی مسۆگەر بکات، کە بۆ خۆی مانیفێستێك بێت.


یەکێك لەو تەوەرە گرنگانەی کە لەو کتێبەدا هاتووە، نووسەر ڕای وایە پێویست بوو، ڕۆڵی خۆی ببینایە و، ژیانی ئایندەی بۆمان دەستنیشان بکردایە، ئەویش نوخبەی ڕووناکبیری کوردییە، کە لە ئێستادا نوخبەش کەوتووەتە نێو قووڵترین قەیرانەوە و، ڕێگاکانی دەرچوون لەو قەیرانانەشی لێ ون بووە.

ئەم کتێبە بە وردی ئاماژەی بە کاروانی مێژوویی کوردان کردووە، کە چۆن گەیشتووەتە قۆناغی ئێستاکەی و بەرەو کوێوەش هەنگاو دەنێت.

فوئاد سدیق لەم کتێبەیدا، دەیەوێ هەوڵەکانی خۆی لەوەدا کۆ بکاتەوە، دەستنیشانی برینەکان بکات، ئینجا چاری برینەکانیش بخاتە ڕوو، تاکە ڕێگای چارەسەریش پشتبەستنە بە مەعریفە. دەتوانین ڕێگاکانی ئەقڵانییەت بگرینە بەر، چونکە بە بێ مەعریفە و بەکارهێنانی ئەقڵ، هەموو هەوڵدانێك هەمیشە دەمانگەڕێنێتەوە سەر خاڵی سفر. لەم ڕوانگەوە، لەم کتێبەدا دەستنیشانی شۆڕشێکی فیکریی کردووە، بە بێ ئەو شۆڕشە فیکرییە، ناتوانین ئامانجی بەرەوپێشچوونمان ڕووناك بکەینەوە. ئەم شۆڕشە فیکرییە، هەڵوەشاندنەوەی میراتی مردنی نەتەوەیەکە، کە چەندین هەزار ساڵە نەیتوانیوە لە ناو ئەم میراتە بێتە دەرەوە، بۆیە پێویستە لە ناو میراتی مردن، ئیتر میراتێك بۆ ژیان دروست بکەین، ئەمەش شۆڕشێکی فیکریی پێویستە، چونکە لە چەقبەستوویەکی ئەقڵانیداین و قەیرانێکی قووڵی لێ بەرهەم هاتووە.


لە بابەتەکانی دوایی ئەم کتێبەیدا، فوئاد سدیق ئاماژەی بۆ کۆمەڵگەی کوردی کردووە، کە زۆر جار بەرەو شێتی مل دەنێ و خۆی لە ناویدا نقوم کردووە، ئەمەش وای کردووە، کورد دوور بکەوێتەوە لە هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی فەلسەفییانە، هەر ئەمەیشە وای کردووە کورد تا ئێستا خاوەنی هیچ فیکر و فەلسەفەیەك نەبێت، بەمەش هەموو جیاوازییەکانمان بنەڕەتی فیکر و مەعریفەی بەزاندووە و کەوتووەتە ناو شتی لاوەکی و تەنانەت زۆر بێتام و بێماناش.

سیپان شێروانی :




**یاسای بودجەی حکومەتی عێراق دداننانە بە مافی دەستووریی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان**

سعوود مستۆ نەجم :




**ئەوەی لە بارەی ڕووداوەکەی شنگالەوە بڵاوکرایەوە بانگەشەیەکی بەتاڵ بوو**

دکتۆر عیماد خۆشابا :



**حکومەت بە بێ جیاوازی ڕێزێکی زۆری لە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان گرتووە**

د. هونەر ئەحمەد :



**زیرەکیی دەستکرد شۆڕشێکی جیهانییە و دەبێت ئێمەش خۆمانی بۆ ئامادە بکەین**





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**


**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulanmedia.com***

دکتۆر هێمن میرانی :



## لە پێناو کەمبوونەوەی تاوان و توندوتیژیدا دەبێت هێزە سیاسییەکان بۆ جێبەجێکردنی یاسای داماڵینی چەک هاوکار بن



د. ڤیان سلێمان

## لەیلا قاسم سیمبولی شۆڕشگێڕیی ئافرەتی کورد

## سوودە تەندروستییەکانی پاودەری کاکاو



## کاتژمێرێک دەبێتە ڕیمۆت کۆنترۆڵی ئۆتۆمبیل




شەهرام سەمەد:

## گەنجانی کوردستان بە بەراورد بە وڵاتانی دیکە زۆر بەتوانان



## لەبەر چی ڕیالیزم؟






# کۆنفرانسی جینۆسایدی کوردی فەیلی

## نووسینەوەی مێژوویەکی تراژیدی بە شێوەیەکی زانستی



لە رۆژانی ٢-٤ی ئاداری ساڵی ٢٠٢٣ بە چاودێری و ئامادەبوونی سەرۆك بارزانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی گەلی کوردستان (جینۆسایدی کوردی فەیلی) لە هۆڵی شەهید مامۆستا سەعد عەبدوڵا بەڕێوە چوو.

ئەم کۆنفرانسەش وەك (د.داود سلێمان ئەترووشی) لە وتاری بە خێرهێنانی میوانانـدا ئاماژەی پێ کرد، بەرهەمی فیکر و پێشنیاری سەرۆك بارزانی بووە و، هەر سێ زانکۆی (سەلاحەدین، دهۆك، سۆران) ئەرکی رێکخستنی ئەم کۆنفرانسەیان لە ئەستۆ گرتووە، لە ماوەی سێ رۆژی ئەو کۆنفرانسەدا زیاتر لە ١٠٠ توێژینەوەی هەمەلایەنە لە پرسی جینۆسایدی کوردی فەیلی بەسەر پەنێڵەکانی هەر سێ رۆژەکەی کۆنفرانسەکەدا دابەش کرابوون.

بەشداربووانی پەنێڵەکانی ئەم کۆنفرانسە جیا لە ئەکادیمیست و توێژەرانی زانکۆکانی کوردستان و عێراق، ئەکادیمیست و توێژەری دەوڵەتانی عەرەبی و دەوروبەر و بیانی و نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرسی جینۆساید بەشدارییان تێدا کردبوو، سەرەنجامیش کۆنفرانسەکە بە سەرکەوتوویی و بە کۆمەڵێك و پێشنیار و راسپاردەی زانستی کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

هەر لەم کۆنفرانسەدا، سەرۆك بارزانی دوای پێشکەشکردنی وتارەکەی، پێشنیاری کرد ناوەندێك بۆ بەدواداچوونی پرسی جینۆسایدی کوردی فەیلی و کاروبارەکانی کوردی فەیلی لە کوردستان دابمەزرێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە بەردەوام بایەخێکی تایبەتی بە پرسی جینۆساید و باروودۆخ و کاروباری کوردی فەیلی بدرێت، هەروەها جێگەی دەستخۆشییە کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: «ئەم پێشنیارەی سەرۆك بارزانی جێبەجێ دەکرێت و ئەو ناوەندە لە ماوەیەکی کورتدا دادەمەزرێت».

## • ئامانج لە کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی جینوسایدی گەلی کوردستان

نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرسی جینۆساید لەم کۆنفرانسەدا وتارێکی پێشکەش کرد و پێی گوتین: «جینۆساید تەنیا پەیوەندی بە رابردووەوە نییە، لەبەر ئەوەی لە ئێستا و داهاتووشدا مەترسیی دووبارەبوونەوەی هەیە»، ئەمەش واتە هەتا ئەو ئەقڵییەتە شۆڤێنی و نامرۆڤانەیە لە ناو جوگرافیای عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەندین شوێنی جیهاندا هەبێت، ئەم مەترسییە هەر دەبێت و مەترسیی دووبارەبوونەوەی جینۆساید کۆتایی نایەت.

لە ٢٦ی شوباتی ساڵی ١٩٨١ رۆژنامەی ئەلسەورەی زمانحاڵی رژێمی بەعسی رووخاو لەسەر زاری دیکتاتۆر سەدام حوسێن نووسیویەتی: «دەبێت کوردی فەیلی ریشەکێش بکرێن و رێگە نەدرێت لە رێگەی ژن و ژنخوازییەوە خوێنیان تێکەڵی خوێنی

**هەتا ئێستاش دەوڵەت و حکومەتی عێراق نە داوای لێبووردنیان لەو کارە نامرۆڤانەیە کردووە، نە وەک پێویستیش قەرەبووی کوردی فەیلییان کردووەتەوە و ئاوڕیان لێ نەداونەتەوە**

**لە ئێستاشدا رۆژانە ئەقڵییەتی شۆڤێنیی عەرەبی عێراق هەڵدەکوتنە سەر کوردی قەزا و ناحیەکانی پارێزگای کەرکووک و بە زەبری چەک زەوییەکانیان داگیر دەکەن و، لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەریان دەکەن**

**لە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ هەمان ئەقڵییەتی شۆڤێنی، بەڵام ئەم جارەیان لەژێر پەردەی ئایدیۆلۆژییەتێکی مەزهەبگەرایی توندڕەودا هەمان کۆمەڵکوژی و جینۆسایدیان دژی کوردی شارۆچکەی توزخورماتوو دووبارە کردووە**

**لە دوای سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش، ئەم گرووپەش بە هەمان شێوەی سەدام حوسێن فەتوای جینۆسایدی کوردی ئێزدییان دەرکرد و بە هەمان شێوە ئەم بەشەی گەلی کورد جینۆسایدیان کردن**

**هەتا ئەو ئەقڵییەتە شۆڤێنی و نامرۆڤانەیە لە ناو جوگرافیای عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەندین شوێنی جیهاندا هەبێت، ئەم مەترسییە هەر دەبێت و مەترسیی دووبارەبوونەوەی جینۆساید کۆتایی نا**

**سەرۆک بارزانی دوای پێشکەشکردنی وتارەکەی، پێشنیاری کرد ناوەندێک بۆ بەدواداچوونی پرسی جینۆسایدی کوردی فەیلی و کاروباری کوردی فەیلی لە کوردستان دابمەزرێت**

عێراقییەکان ببێت و خوێنی عێراقییەکان پیس بکات»، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، هەموومان بینیمان ڕژێمی بەعسی شۆڤێنیی ڕووخا و دیکتاتۆر (سەدام حوسێن)یش لە سێدارە درا، بەڵام ئایا ئەو فیکرە شۆڤێنییەی بەعس و سەدام دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و لە سێدارەدانی سەدام کۆتایی هات و لە ئەقڵییەتە شۆڤێنیەکاندا کۆتاییان هاتووە؟ بێگومان واقیعی حاڵی ٢٠ ساڵی ڕابردووی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس و سەدام پێمان دەڵێت: نەخێر ئەو ئەقڵییەتە شۆڤێنییە نامرۆڤانەیە بەردەوامیی هەیە و کۆتایی نەهاتووە، لێرەدا چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو:

١. عارف تەیفوور کە ماوەی دوو خول جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بووە لە کتێبی (بەشێك لە ڕووداوەکانی تەمەنم) نووسیویەتی: «لەسەر پرسی کەرکووك یاسایەك لە پەرلەمان تێپەڕێندرا کە لە بەرژەوەندیی عەرەبەکانی کەرکووك بوو، فراکسیۆنی کوردستانی ڕازی نەبوون و هۆڵەکەیان بەجێهێشت و چوونە دەرەوە، منیش لە گەڵیان چوومە دەرەوە، بەڵام دواتر فراکسیۆنی کوردستانی پێیان باش بوو من وەك جێگری سەرۆکی پەرلەمان بگەڕێمەوە ناو هۆڵی پەرلەمان، کە گەڕامەوە ناو هۆڵی پەرلەمان بینیم پەرلەمانتارە عەرەبە شۆڤینییەکان بە مۆبایل وێنە دەگرن و هوتاف دەکێشن و شادی دەگێڕن، لەمەش زیاتر پەرلەمانتارێکی عەرەب کە ناوی محەمەد تەمیمی بوو، کاتێك کاغەزی دەنگدانەکەی دەخستە ناو سندوقی دەنگدانەوە ڕووی لە من کرد و گوتی: «ئەمەش لەبەر خاتری حزبی بەعس»، دوای ئەویش ساڵح موتڵەگ کاغەزێکی دەنگدانی بەدەستەوە بوو و خستیە ناو سندوقی دەنگدانەکە و گوتی: «ئوستاز عارف . بژی حزبی بەعس».

٢. لە دوای سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش، ئەم گرووپەش بە هەمان شێوەی سەدام حوسێن فەتوای جینۆسایدی کوردی ئێزدییان دەرکرد و بە هەمان شێوە ئەم بەشەی گەلی کورد جینۆسایدیان کردن لە چوارچێوەی هەمان ئەقڵییەتی شۆڤێنیدا، بەڵام لەژێر پەردەی ئایدیۆلۆژییەتێکی ئایینیی توندڕەودا.

٣. لە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ هەمان ئەقڵییەتی شۆڤێنی، بەڵام ئەم جارەیان لەژێر پەردەی ئایدیۆلۆژییەتێکی مەزهەبگەرایی توندڕەودا هەمان کۆمەڵکوژی و جینۆسایدیان دژی کوردی شارۆچکەی توزخورماتوو دووبارە کردەوە.

٤. لە ئێستاشدا ڕۆژانە ئەقڵییەتی شۆڤێنیی عەرەبی عێراق هەڵدەکوتنە سەر کوردی قەزا و ناحیەکانی پارێزگای کەرکووك و بە زەبری چەك زەوییەکانیان داگیر دەکەن و، لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان دەریان دەکەن.

کەواتە مێژووی ٢٠ ساڵی دوای بەعس و سەدام، ئەوەمان بە ڕاشکاوی پێ دەڵێن، ئەم ئەقڵییەتە شۆڤێنییە هەتا ئێستاش هەیە و، بوونەکەشی لە ڕیشەداکوتانی ئەم شۆڤێنیتەیە کە لە ناو کۆمەڵگەی عەرەبیدا ڕیشەی داکوتاوە و، بە ئاسانی هەڵناکێشرێت و تەنانەت دەستەبژێر و ئەکادیمیست و توێژەرەکانیشیان لە زانکۆکانی عێراق و وڵاتانی عەرەبیدا بێدەنگییان هەڵبژاردووە، هەر بۆیە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەم کۆنفرانسە ئەوە بوو کە هەموو بیر و بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر ئاستی زانکۆکانی کوردستان و عێراق و دەوڵەتانی عەرەبی و جیهان کۆبکاتەوە و، لەبەر ڕۆشنایی هەموو بیر و بۆچوونە جیاوازەکاندا ئەم پرسە تراژیدییە بکاتە بابەتیکی گرنگی لێکۆڵینەوە، سەبارەت بەم لایەنە (د. داود سلێمان ئەترووشی) سەرۆکی زانکۆی دهۆك لە لێدوانێکدا بۆ گوڵان پێی گوتین: «سەرۆك بارزانی نایەوێت ئەو مێژووە بمرێت و نەوەکانی ئێستا و داهاتوو نەزانن چ کارەسات و تاوانێك دەرهەقی گەلی کوردستان کراوە، بۆیە پێشنیاری کردووە کە ساڵانە ئەم سێ زانکۆیە (سەلاحەدین، دهۆك، سۆران) کۆنفرانسێکی زانستیی نێودەوڵەتی لەسەر جینۆساید گەلی کوردستان ڕێك بخەن و، بانگهێشتی تەواوی ئەکادیمیست و توێژەری زانکۆکاکانی عێراق و دەوڵەتانی عەرەبی و جیهان بکرێن، بۆ ئەوەی وەك خۆی دیراسەتی ئەم تراژیدیایە بکرێت، ئامانجی ئەم کۆنفرانسە ئەوەیە کە ڕاستییەکان وەك خۆیان تۆمار بکرێن، هەروەها گوێ لەو خەڵکانەش دەگرین تەنانەت ئەگەر بۆچوونێکی زۆر جیاوازیان هەبێت، بەڵام سەرەنجام کۆنفرانسەکە بە کۆمەڵێك پرسیار و



ڕاسپاردەی زۆر گرنگ گەڵاڵە دەکات و دەیان و سەدان توێژینەوەی ئەکادیمی دێتە بەردەست، کە دەتوانرێت توێژینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت.

## • تراژیدیای کوردی فەیلی لە کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی جینوسایدی گەلی کوردستاندا

سەرۆك بارزانی لە بەرگی چوارەمی کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان) سەبارەت بە جینۆسایدی کوردی فەیلی نووسیویەتی: «کوردی فەیلی کە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا نیشتەجێبوون و لە ڕووی ئایینەوە پەیڕەوی مەزهەبی شیعەن، لەلایەن دەوڵەتی عێراقی ژێر فەرمانڕەوایی بەعسەوە لەساڵی ١٩٦٣ بە هەموو شێوەیەك کۆمەڵکوژ و جینۆساید کران، دواتر لە ساڵی ١٩٨٠ وەزیری ناوخۆی عێراق فەرمانی وەدەرنانی کوردە فەیلیەکانی لە وڵات دەرکرد، لە فەرمانەکەی وەزیری ناوخۆی عێراقدا هاتووە: «ئەو ئێرانییانەی لە وڵاتدان و ڕەگەزنامەی عێراقییان نییە، هەروەها ئەوانەش کە مامەڵەیان کردووە و بڕیاریان لە بارەوە دەرنەچووە، دەردەکرێن، لاوانی کوردی فەیلی لە تەمەنی ١٨-٢٨ ساڵی بگیرێن و لە بەندیخانەی پارێزگاکاندا تا ماوەیەکی نادیار دەستبەسەر بکرێن»، هەروەك بڕیارەکەی وەزیری ناوخۆی عێراق ئەوەشی دووپات کردووەتەوە: «هەر کەسێك لەو کوردانەی ئاودیوی ئێران دەکرێن، ئەگەر هەوڵیان دا بگەڕێنەوە، تەقەیان لێ بکرێت» واتە بکوژرێن! ئەوەشی سەرچاوە و بەڵگەنامەکان ساغیان کردووەتەوە ٣٨٠ هەزار کەسی کوردی فەیلی ڕووبەڕووی قڕکردن و جینوساید بوونەتەوە و ئاسەوارەکانیشیان ماون و بۆ چەندین دەیەی دیکەش هەر دەمێنن.

واقیعی ئەم تراژیدیایەی کە بەسەر کوردە فەیلییەکاندا هاتووە و سەرۆك بارزانی لە بەرگی چوارەمی کتێبەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە، لە سێ ڕۆژی ئەو کۆنفرانسەدا هەر لە بەڵگە فیلیمی دیکۆمێنتاری و ئەو هەموو بەڵگانەی لە چوارچێوەی توێژینەوە زانستییەکاندا بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر کوردی فەیلی لە هەر سێ ڕۆژی کۆنفرانسەکەدا بوو، بوونە دووبارە زیندووکردنەوەی ئەو تراژیدیا تاڵە و ئەو جینۆسایدەی دژی کوردانی فەیلی ئەنجام دراون، کە هەتا ئێستاش دەوڵەت و حکومەتی عێراق نە داوای لێبوردنیان لەو کارە نامرۆڤانەیە کردووە، نە وەك پێویستیش قەرەبووی کوردی فەیلییان کردووەتەوە و ئاوڕیان لێ نەداونەتەوە.

## د. سەمیر محۆ جەمیل
راگری پەیمانگەی تەکنیکیی بەردەڕەش بۆ گوڵان:

# کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم گۆڕانکاری لە فەلسەفە و دیدگەی حوکمڕانیدا دروست کردووە

**هەڵسەنگاندنی ئەدا و کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئەکادیمیست و شارەزاکانەوە، ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای ئەو هەموو تەحەددا و قەیرانانەی ڕووبەڕووی بوونەوە، بەڵام توانیویەتی لە ئەرکی خزمەتکردنی هاووڵاتیان و گۆڕانکاری لە زۆر سێکتەر بەردەوام بێت، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر سەمیر محۆ جەمیل ڕاگری پەیمانگەی تەکنیکیی بەردەڕەش ساز دا، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** سەرەتا دەمانەوێت وەکو کەسایەتییەکی ئەکادیمی و شارەزا، هەڵسەنگاندنت بۆ ئەدا و کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بزانین؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمی خەبات و قوربانیدانی خەڵك بووە و سەرۆك بارزانی پارێزەری ئەم قوربانیدانە بووە، گەورەترین دەستکەوتی ڕاپەڕین و شۆڕش و بەرخۆدانی میللەتی کوردیش ئەم حکومەتەیە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەدا و کارەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بەراورد لە نێوان کارەکانی ئەم حکومەتە و کابینەکانی پێشوودا بکرێت، کە ڕەنگە لێرەدا ئەو بوارە نەبێت، بەڵام کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای کەڵەکەبوونی کۆمەڵێك گرفتی زەقی ئابووری و دارایی دامەزرا، لەوانە قەرزاری و قەیرانی دارایی و پشتبەستن بە تاکە سەرچاوەی داهاتی نەوت و سستبوونی کار و ئەدای زۆربەی سێکتەرەکان و زاڵبوونی عەقڵییەتی حزبایەتی لە ناو زۆربەی دامەزراوەکاندا، لە هەمووشی مەترسیدارتر گەندەڵیی سیاسی بووە، هەر



بۆیە کاتێك بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارنامەکەی ڕاگەیاند، ڕاستکردنەوەی هەموو ئەم کارانەی لەخۆ گرتبوو، بەتایبەتی ڕاگرتنی نەزیفی دارایی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە تاکە سەرچاوەی داهاتی فرۆشتنی نەوت. لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا ئێمەی مامۆستایانی ئەکادیمی دەرکمان بەو بەهێزییەی کابینەکە کردبوو، ئەمە لەگەڵ ئەو تێبینی و سەرنجانەی کە لەسەر زۆر سێکتەر هەمان بوو، بەڵام هەرگیز لەگەڵ زۆر لەو تۆمەتانە نەبووین کە نەیارانی گۆڕانکاری و چاکسازی لە ناو هەناوی ململانێی حزبایەتی و بۆ بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان لێرە و لەوێ چەواشەکارییان دەکرد، بۆیە بە هەموو پێوەرەکان کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەیەکی بەهێز بووە.

*** باسی قەیران و ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددییەکانت کرد، یەکێك لەو تەحەددییانە قەیرانی دارایی بوو کە بە هۆی پەتای کۆرۆنا و بڕینی بودجە و داشکانی بەهای نەوتەوە دروست بوو، پرسیار لێرەدا ئەوەیە تا چەند حکومەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانانەدا سەرکەوتوو بووە؟**

- قەیرانی دارایی بەرهەمی ساڵ و دوو ساڵی حکومەت و هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو ئەزموونی حوکمڕانیی کوردستان و هێرشی نەیارانی کورد و بەشێکی زۆری دژایەتی عێراق و ڕۆڵی خراپی حزبەکان و کاربەدەستەکانیان بوو، کە هەر خۆیان پێکهێنەری کابینە یەك لە دوای یەکەکان بوون و ڕۆڵیان لەم قەیرانە داراییانەدا

هەبووە، واتا قەیرانی دارایی هۆکاری سیاسی و ئابووریی خۆی هەیە، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانە لەلایەن مەسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانەوە بە چەند ڕێگەیەك بوو، سەرەتا کاری حزبی لە حکومەت دوور خستەوە و دواتر بەهەدەرچوونی خەرجییە زەبەلاحەکانی ڕاگرت، ئەو خەرجییانەی دەچووە چوارچێوەی خەرجیی ناپێویستەوە، لەمەشدا ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی کە زۆرجار کێشە و گرفت و سەرئێشەی زۆری بۆ حکومەت دروست دەکرد، بەو پێیەی ئەوانەی لەپشت قۆرخکاری و گەندەڵییەوە بوون کەسانی دەستڕۆیشتووی سیاسیی ناو حزبەکان بوون، تەنیا بە چاوخشاندنەوە بە گرێبەستەکاندا و کەمکردنەوەی بەهەدەردانی پارەی گشتی و ڕێکخستنەوەی باج و مولزەمکردنی ئەوانەی خۆیان لە باجدان دەدزییەوە، پارەیەك زۆری بۆ حکومەت گەڕاندووەتەوە، لە بەرانبەریشدا چەند دوژمنایەتیی حکومەت کراوە، لەلایەکی دیکەوە تەرشیقکردنی حکومەتێکی قەبە کە چەندین ساڵ حزبەکانی پێکهێنەری حکومەت و دروستکەری بوون، زیانێکی زۆری بە گەنجینەی حکومەت و موڵکی گشتی و لاوازیی ئەدای خزمەتگوزارییەکان گەیاندووە، هەروەها پشتبەستن بە تاکە سەرچاوەی داهاتی فرۆشتنی نەوتێکی ناجێگیر مەترسییەکی زۆری لێ کەوتەوە، بۆیە سەرۆك وەزیران هەنگاوی بۆ فرەچەشنکردنی ئابووری ناوە، بەڕێز وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە حزبێکی دیکەیە و هەڵگری دروشمی گۆڕانکاری و چاکسازییە و پێگە و مەکانەتی خۆی هەیە، هەموو ئەو ڕاستی و خەمخۆرییەی سەرۆکی حکومەت و تیمەکەی بۆ خەڵك ئاشکرا کرد و، زۆر بە ڕوونی دەموچاوی ڕاستەقینەی بەرهەڵستکارانی چاکسازی و گۆڕانکارییەکانی خستە ڕوو، ئەگەر ئەو گۆڕانکارییانە نەبوایە کە لە بواری سیستمی دارایی و ئاراستەی ئابووری و ڕاگرتنی گەندەڵی و نەزیفی داراییدا هەنگاوی بۆ هەڵگیرا، ئەوا هەرگیز نەدەتوانرا لە ماوەی چوار ساڵدا هەموو مووچەکان بێ پاشەکەوت بدرێت و ئەو هەموو هەلی کارەش لە کەرتی تایبەت دەست خەڵکی نەدەکەوت.

*** زۆر جار باس لە نەیاران و بەرهەڵستکارانی گۆڕانکاری و چاکسازی دەکەیت، وەکو کەسێکی ئەکادیمی دەکرێت زیاتر ئەمەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە؟**

- سەرەتا بە شاهیدیی هەموو خەڵك و وەزیری دارایی، لای هەمووان ئاشکرا بووە کە هەنگاوەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕاستکردنەوەی فەلسەفە و دیدگەی حوکمڕانی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵکاران بووە و لەم پێناوەدا زۆر جددی بووە، بەوەی حکومەت کاری خۆی بکات و ئەم بەهەدەردان و بێ سەروبەرییە ڕابگرێت و، حکومەت کاری خۆی بکات و، حزبەکان چ حزبە حوکمڕانەکان بن، یان ئۆپۆزسیۆنەکان دژی گۆڕانکاری و چاکسازی نەبنەوە، بێگومان هەنگاوەکانی حکومەت لای وڵاتانی هەرێمییش دڵخۆشکەر نەبووە، ئەوان و زۆر لە حزبەکان هەرگیز پێیان خۆش نەبووە کورد ببێتە خاوەنی حکومەتێکی بەهێز و نموونەیی لە ناوچەکە و جیهاندا، بۆیە هەرچەندە لە کارنامەی حکومەتەکە و لە واقیعیشدا سەرۆك وەزیران دەستی هاوکاری و یارمەتیی بۆ هەمووان درێژ کرد، بەڵام ئەوان مەبەستم زۆر لە حزبە کوردستانی و عێراقییەکان و وڵاتانی دەوروبەریش قسە و دروشمەکانیان لەگەڵ ڕەفتارەکاندا یەکیان نەدەگرتەوە، بۆ نموونە لەلایەك ئیدعای ئارامی و ئاسایشی هەرێم و پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیانیان دەکرد، کەچی لە ناو دامەزراوەکانیاندا کاری تیرۆر و کوشتنیان ئەنجام دەدا، لە لایەك ئیدعای چاکسازییان دەکرد، تا ئەو کاتە لەگەڵیدا بوون کە چاکسازییەکان نەیەتە سەر بەرەکانی خۆیان، کاتێك سەرۆکی حکومەت دەیویست سەرچاوەکانی داهات دیار و ڕوون بێت و هەمووی بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، هەر وەکو چۆن لە مەسەلەی داهاتی گومرك و ڕسووماتی دەروازە سنوورییەکان بینیمان، ئەوان هەڕەشەی شەڕی ناوخۆیان دەکرد، هەندێك بەناو حزبی ئۆپۆزسیۆن بوون کەچی خێر و خۆشییان بۆ میللەتەکەیان لە ئەرزی واقیع نەدەویست و لە بەغدا کاریان بۆ بڕینی بودجە و قووتی مووچەخۆران و خەڵك دەکرد، ئەوان ئۆپۆزسیۆنێك بوون خوازیاری بەردەوامیی مەینەتی خەڵکیان

**حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمی خەبات و قوربانیدانی خەڵک بووە و سەرۆک بارزانی پارێزەری ئەم قوربانیدانە بووە، گەورەترین دەستکەوتی ڕاپەڕین و شۆڕش و بەرخۆدانی میللەتی کوردیش ئەم حکومەتەیە**

**کاتێک بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارنامەکەی ڕاگەیاند، ڕاستکردنەوەی هەموو ئەم کارانەی لەخۆ گرتبوو، بەتایبەتی ڕاگرتنی نەزیفی دارایی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە تاکە سەرچاوەی داهاتی فرۆشتنی نەوت**

**هەرگیز لەگەڵ زۆر لەو تۆمەتانە نەبووین کە نەیارانی گۆڕانکاری و چاکسازی لە ناو هەناوی ململانێی حزبایەتی و بۆ بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان لێرە و لەوێ چەواشەکارییان دەکرد**

**ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم قەیرانە لەلایەن مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانەوە بە چەند ڕێگەیەک بوو، سەرەتا کاری حزبی لە حکومەت دوور خستەوە و دواتر بەهەدەرچوونی خەرجییە زەبەلاحەکانی ڕاگرت، ئەو خەرجییانەی دەچووە چوارچێوەی خەرجیی ناپێویستەوە**

بوون، تاوەکو ماکینە ئیعلامییەکانیان گەرم بێت، نەك ئامادەکردنی پرۆژە و بەکاری باش بڵێن باش و بە خراپ بڵێن خراپ، بە کورتی و کوردی حزبە کوردستانییەکان لە دوای هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان و پرۆسەی حوکمڕانی هەر لە ناو ئەو هەڵمەتە لەو چوار ساڵەدا بەردەوام بوون، ئەوەیان لە بیر کردووە کە ئەوان خۆشیان بەرهەمی ئەم واقیعە بوون و بەشدارن لە حوکمڕانیدا، بۆ نموونە یەکێتی نیشتمانی کوردستان چ لە ناو حکومەت و ئەنجومەنی وەزیران، چ لە ناوچەی زۆنی سەوز حوکمڕانی ڕاستەقینەن، کەچی دەڵێن لە حکومەت کشاوینەتەوە، ئەی باشە کێ ناوچەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ڕاپەرین و گەرمیان بەڕێوە دەبات؟ حزبایەتی لە هەرێمی کوردستان تەنیا بە هێزی گەل و سندووقەکانی دەنگدان ڕاست دەکرێتەوە، زۆرینەی میللەت دەنگی خۆی بەو حزب و سەرکردانە دەدات کە لە بەرپرسیارێتی هەڵنایەن و لە ڕۆژە سەختەکاندا میللەتەکەی خۆیان بەجێ ناهێڵن و بە حەقیقی دروشمی «کردار شەرتە» جێبەجێ دەکەن .

*** پاراستنی ئارامی و ئاسایش بە یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت، ئایا لەم ڕووەوە تاچەند توانراوە پارێزگاری لەم دەستکەوتە بکرێت؟**

- پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان لە پێشەنگی کارەکانی سەرۆك وەزیران بووە، ڕەنگە هەندێك جار لێرە و لەوێ کێشەی کوشتن و تیرۆر هەبووبێت، ئەمە لە هەموو دونیادا هەیە، بەڵام کاتێك دامەزراوەکانی پۆلیس و ئاسایش و دادگاکان بەکاری خۆیان هەڵدەستن و لە کاتی بوونی تیرۆر و کوشتندا ڕاستەوخۆ خەڵکی پەنا بۆ داواکردنی سەرۆکی حکومەت (خودی مەسرور بارزانی ) دەبات، هەروەکو چۆن لە هێرشەکەی داعش بینیمان لە گوندی خدر جیجە لە نزیك مەخموور و ئەویش دێتەدەنگ و بە هانای هاووڵاتیانی خۆیەوە دێت، لە ناو جەرگەی پایتەخت کارێکی تیرۆری ئەنجام دەدرێت، ڕاستەوخۆ دەزگاکانی ئاسایش دێنە سەر هێڵ و ئاشکرای دەکەن، یان لە شارێکی دیکە کەسێك بە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتییەوە بەرپرسێکی حزبێکی دیاریکراو دەکوژێت و لە پایتەخت خۆی دەشارێتەوە، تەنیا لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا دەستگیر دەکرێت، ئەمە نموونە زیندووەکانی پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیانە، ئەوەتا لە ڕووی یاسایی و دادگاشەوە لەم کابینەیەدا یاسای چەك دەرچوو بۆ کۆنترۆڵکردنی چەکی بێمۆڵەت، لەپێناو کەمکردنەوەی تاوان و توندوتیژییەکان .

*** ڕێککەوتنی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا بە گرنگییەوە وەسف کراوە، چۆن ئەم ڕێککەوتنە هەڵدەسەنگێنن؟**

- هەر لە دەستپێکی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە کارنامەکە و دواتر، یەکەمین وێستگەی سەردانی سەرۆکی حکومەت بۆ لای سەرۆکی حکومەتی عێرق بوو، لە ماوەی ڕابردوودا بەم سەرۆك وەزیرانەی عێراقەوە سێ سەرۆکی حکومەتی عێراقمان بینی، لە کۆتاییدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی بۆ پاراستنی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم لە بەغدا پەیوەندییەکانی بگەیەنێتە ئاستێکی بەرز، یەکێك لەم دەستکەوتانەی ئەم پەیوەندییانە ڕێککەوتنی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بوو، کە ڕێخۆشکەر بوو بۆ چەسپاندنی مافە دەستووری و شایستە داراییەکانی هەرێم لە ناو پرۆژە یاسای بودجەی گشتیی عێراقدا و، لە چاوەڕوانیی کۆمەڵێك دەستکەوتی دیکەشداین، وەکو چەسپاندنی مافی هەرێم لە یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و دروستکردنی بەنداوی گەورە و بەرزکردنەوەی ئاستی پێداویستییەکانی هەرێم لە هەر دوو بودجەی حاکیمە و سیادی، بە دڵنیاییشەوە ئەم ڕێککەوتنە نەیاری زۆرە، بەڵام پاڵپشتیی سەرۆك بارزانی و پەیوەندییە بەهێزەکانی لە ناوخۆی عێراق و ناوچەکە و جیهاندا هێزێکی گەورە دەبەخشێتە شکستهێنانی هەموو ئەو جۆرە پیلان و مەرامانە، بۆیە ئایندەیەکی باش چاوەڕوانی ئەم پەیوەندییانە دەکات، ئەمەش لە کاتێکدایە ئەنجام و بەرهەمی گۆڕانکارییەکان لە فەلسەفەی حکومەت و هەنگاوەکانی سەرۆك وەزیرانی هەرێمدا بە کردەوە وردە وردە بۆ هەمووان دەردەکەوێت.

**هەنگاوەکانی حکومەت لای وڵاتانی هەرێمییش دڵخۆشکەر نەبووە، ئەوان و زۆر لە حزبەکان هەرگیز پێیان خۆش نەبووە کورد ببێتە خاوەنی حکومەتێکی بەهێز و نموونەیی لە ناوچەکە و جیهاندا**

**هەندێک بەناو حزبی ئۆپۆزسیۆن بوون کەچی خێر و خۆشییان بۆ میللەتەکەیان لە ئەرزی واقیع نەدەویست و لە بەغدا کاریان بۆ بڕینی بودجە و قووتی مووچەخۆران و خەڵک دەکرد**

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان چ لە ناو حکومەت و ئەنجومەنی وەزیران، چ لە ناوچەی زۆنی سەوز حوکمڕانی ڕاستەقینەن، کەچی دەڵێن لە حکومەت کشاوینەتەوە، ئەی باشە کێ ناوچەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ڕاپەرین و گەرمیان بەڕێوە دەبات؟**

**زۆرینەی میللەت دەنگی خۆی بەو حزب و سەرکردانە دەدات کە لە بەرپرسیارێتی هەڵنایەن و لە ڕۆژە سەختەکاندا میللەتەکەی خۆیان بەجێ ناهێڵن و بە حەقیقی دروشمی «کردار شەرتە» جێبەجێ دەکەن**

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئەو وادەیەی کە وەزارەتی ناوخۆ دایبنابوو بۆ ئەوەی هاووڵاتیان چەکە بێ مۆڵەتەکانیان لە یەکێك لەو ٤٢ بنکەیەی دانرابوون تۆمار بکەن، هەڵمەتەکانی ئەم بوارە زیاتر دەبێت. گۆڤاری گوڵان بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی تایبەت بە هاتوچۆ و ئاوارەکان، دیمانەیەکی لەگەڵ دکتۆر هێمن میرانی بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ ئەنجام دا و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە .

## دکتۆر هێمن میرانی بۆ گوڵان:

# لە پێناو کەمبوونەوەی تاوان و توندوتیژیدا دەبێت هێزە سیاسییەکان بۆ جێبەجێکردنی یاسای داماڵینی چەک هاوکار بن



*** بابەتی دەستبەسەرداگرتنی چەکی بێ مۆڵەت بە کوێ گەیشتووە و لەم پێناوەدا گرنگترین ڕێنماییە نوێیەکان چین؟**

- لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆنترۆڵکردنی چەکی بێ مۆڵەت و دیاردەی چەکداری کراوەتە یەکێك لە کارە لەپێشەکان و، وەزارەتی ناوخۆ توانای زۆری بۆ ئەم پرسە تەرخان کردووە، لە ساڵی ٢٠٢٢ یاسایەکی نوێی چەك دەرچوو، وەزارەتی ناوخۆ بۆ جێبەجێکردنی یاسای نوێی چەك، چەند ڕێنماییەکی گرنگی دەرکردووە، وەکو ڕێنمایی ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠٢٢ کە ڕێنمایی جێبەجێکردنی یاسای چەك و پێدانی مۆڵەتی چەکهەڵگرتنە و هەروەها ڕێنمایی ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٢٢ کە تایبەتە بە داماڵینی چەکی جەنگی و تۆمارکردنی چەکی ئاگرین. دوو ڕێنمایی دیکەش پەیوەندیدارن بە ڕێکخستنی دیاردەی چەکداری و بابەتی چەك وەکو ڕێنمایی ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە جێبەجێکردنی یاسای کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان ژمارە ١٨ی ساڵی ٢٠٢١ و ڕێنمایی ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٣ کە تایبەتە بە دروستکردنی کۆمەڵگەی (کڕین و فرۆشتن و چاککردنەوەی چەکی ئاگرین) و شوێنی ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانی چەك، و سەنتەری مەشق و ڕاهێنانی کارمەندانی کۆمپانیای ئەمنی. واتا ساڵی ٢٠٢٢ و ساڵی ٢٠٢٣ لە بواری زەمینەی یاسایی و ڕێکاری نوێ، لە بابەتی کۆنترۆڵکردنی چەکدا دوو ساڵی گرنگن. ئەمساڵ، واتا ٢٠٢٣ بە تایبەت لە دوای مانگی تەمووزەوە، ئەم پرسە دەچێتە قۆناغێکی نوێوە، لە ڕێنمایی ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٢٢، لە ماددەی دەیەم هاتووە: «دوای ماوەی یەك ساڵ لە بەرکاربوونی ئەم ڕێنماییە، هەر چەکێك دەستی بەسەردا بگیرێت هەڵگرەکەی، یان خاوەنەکەی بە پێی یاسای چەك ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ ڕەوانەی دادگا دەکرێت».

**لە ڕێنمایی ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٢٢، لە ماددەی دەیەم هاتووە: «دوای ماوەی یەک ساڵ لە بەرکاربوونی ئەم ڕێنماییە، هەر چەکێک دەستی بەسەردا بگیرێت هەڵگرەکەی، یان خاوەنەکەی بە پێی یاسای چەک ژمارە (٢) ی ساڵی ٢٠٢٢ ڕەوانەی دادگا دەکرێت**



**داوا لە هاووڵاتیانی ئازیز دەکەین تا ٢١ی تەمووز چەکەکانیان لە یەکێک لە بنکەکان تۆمار بکەن، بە پێچەوانەوە لە ٢٢ی تەمووزەوە ئەگەر چەکی بێ مۆڵەتیان پێ بگیرێت، بە گوێرەی ماددەی ١٥ سزا دەدرێن**

ئەم ڕێنماییە لە ٢٠٢٢/٧/٢١ دەرچووە و چووەتە بواری جێبەجێکردن. لە ماددەی سێزدەیەم هاتووە: «ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە بۆ ماوەی یەك ساڵ کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە» و لە ماددەی چواردەیەم هاتووە: «هەر کەسێك دوای تەواوبوونی ئەو ماوەیەی کە لە (ماددەی سیانزدەیەم) دیاری کراوە، چەکە ئاگرینەکەی تۆمار نەکات و چەکە جەنگییەکەی ڕادەست نەکات، ئەوا بە چەکی قاچاغ دادەندرێت و بە پێی یاسا ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت». ئەمە مانای ئەوەیە کە تا ٢١ی تەمووزی ٢٠٢٣ مۆڵەت دراوە کە هاووڵاتیان ئەگەر چەکی ئاگرینیان هەیە (کە دەکاتە دەمانچە و کلاشینکۆف و...هتد) پێویستە سەردانی یەکێك لەو ٤٢ بنکەیە بکەن کە وەزارەتی ناوخۆ بۆ تۆمارکردنی چەك ڕایگەیاندووە. تۆمارکردن واتا وەرگرتنی پسوولەیەك و تۆمارکردنی ئەو چەکە لە لای حکومەت و چەکەکە لەو ماوەیەدا دەستی بەسەردا ناگیرێت، هەروەها ئەگەر هاووڵاتی چەکی جەنگیی هەبێت (قازیفە و دۆشکە و بی کەی سی و ئەو جۆرە چەکانە) پێویستە ڕادەستی بنکەکانی داماڵینی چەکی جەنگیی بکات، چونکە ئەم جۆرە چەکە بە هیچ جۆرێك ڕێگەپێدراو نییە لای هاووڵاتی بێت، لە دوای ئەو بەرواره هەر هاووڵاتییەك چەکی بێ مۆڵەت و تۆمارنەکراوی پێوە بگیرێت، دەدرێتە دادگا و بە گوێرەی برگەی یەکەم لە ماددەی ١٥ لە یاسای چەك ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٢ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. لەو ماددەیەشدا هاتووە: «هەر کەسێك بە بێ مۆڵەتی دەسەڵاتی مۆڵەتدان، دەستکاریی چەکێکی ئاگرین، یان تفاقی بکات، هەڵیبگرێت، یان بیفرۆشێت، چاکی بکاتەوە، یان دەستاودەستی پێوە بکات، ئەوا بە بەندکردن بۆ ماوەیەك کە لە یەك ساڵ کەمتر نەبێت و لە سێ ساڵ زیاتر نەبێت، و بە پێبژاردنێك کە لە (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (٥،٠٠٠،٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت، سزا دەدرێت». بۆیە داوا لە هاووڵاتیانی ئازیز دەکەین تا ٢١ی تەمووز چەکەکانیان لە یەکێك لە بنکەکان تۆمار بکەن، بە پێچەوانەوە لە ٢٢ی تەمووزەوە ئەگەر چەکی بێ مۆڵەتیان پێ بگیرێت، بە گوێرەی ماددەی ١٥ سزا دەدرێن.

*** هیچ بڕیارێك هەیە بۆ ئەوانەی لە هێزەکانی ناوخۆ و پۆلیس، یان پێشمەرگە کار**



**دەکەن تا لە دوای دەوامی فەرمی چەکەکانیان لە شوێنێکی تایبەت دابنێن؟**

- بەپێی یاسای چەك تەنیا ئەفسەران لە دەرەوەی دەوام دەتوانن چەکی خۆیان هەڵبگرن، کارمەندانی ئاسایش و پۆلیس و وەزارەتی پێشمەرگە، هەروەها کارمەندانی کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان، لە دەرەوەی کاتی دەوام دەبێت چەکەکانیان لە شوێنی کارکردنیان بەجێ بهێڵن، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە کۆگای چەك لە سەرجەم ئەو شوێنانە دروست بکرێت، تا کارمەندان کە دەوامیان تەواو دەبێت، چەکەکانیان لەوێ دابنێن، تاوەکو لە دەرەوەی دەوامی فەرمی ئیجرائات و لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵ نەکرێت.

*** بۆ جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی بواری چەك تا چەند پێویستە پارت و هێزە سیاسییە مۆڵەتدراوەکانی هەرێمی کوردستان هەماهەنگ و هاوکار بن، چونکە دواجار ڕێژەیەکی زۆری چەك لای ئەندامان و لایەنگرانی ئەو پارتە سیاسییانەیە؟**

- هەڵبەتە لە پێناو کەمکردنەوەی تاوان و توندوتیژیدا یاسا و ڕێنماییەکانی چەك دەرچووە، لەم پێناوەدا هەماهەنگی و کاری پێکەوەیی لە نێوان دامەزراوەکانی حکومەت و هێز و لایەنە سیاسییەکاندا گرنگ و پێویستە. بەڕێز وەزیری ناوخۆ بە نووسراوی ژمارە ١٠٣٣٨ لە ٢٠٢٣/٤/٢٥ نامەیەکی بۆ هێز و لایەنە سیاسییە مۆڵەتدراوەکانی کوردستان ڕەوانە کردووە، داوای لە هەموو ئەو هێز و پارتە سیاسییانە کردووە، هاوکار و هەماهەنگ بن، لە ڕێگەی بەشداری لە هەڵمەتەکانی هوشیاریی هاووڵاتیان و ئەندامانیانەوە بەوەی چەکی بێ مۆڵەت لەماڵیان نەبێت و هەڵی نەگرن، هاوکات داوا کراوە کە ئاگاداری ئەندام و لایەنگرانیان بکەن، ئەوانەی چەکیان هەیە، بە پێی یاسا و ڕێنماییە بەرەکارەکان خۆیان بگونجێنن. هەروەها داوا کراوە کە هیچ حزب و لایەنێکی سیاسی لە هیچ بۆنەیەکدا چەك وەکو دیاری نەبەخشێتە ئەندام و لایەنگرانی و ئەو پارت و لایەنە سیاسییانەی لە بارەگاکانیاندا پاسەوانیان هەیە، دەبێت کۆگای هەڵگرتنی چەکی پاسەوانەکانیان دروست بکەن و تەنیا لە کاتی پاسەوانیدا چەکیان لەلا بێت و لەگەڵ خۆیان نەیبنە ماڵەوە.

*** هەر سەبارەت بە چەکی بێ مۆڵەت ئایا لە وەزارەتی ناوخۆ داتا و زانیاری هەیە بەوەی**

**کارمەندانی ئاسایش و پۆلیس و وەزارەتی پێشمەرگە، هەروەها کارمەندانی کۆمپانیا ئەمنییە تایبەتەکان، لە دەرەوەی کاتی دەوام دەبێت چەکەکانیان لە شوێنی کارکردنیان بەجێ بهێڵن**

**ڕێـژەی تاوانـەكان كـە بـە چـەك ئەنجـام دراون، زیـاد بـووە؟**

- یاسـای چـەك بـۆ ئـەوە دەرچـووە تاوەكـو گیـان و ماڵـی هاووڵاتیـان بپارێزرێـت و چیتـر بـە چەك تاوانكاری ئەنجام نەدرێت، چونكە دواجار سـەلامەتی و گیانـی هاووڵاتیانمـان مەبەستـە، ئێمە مەبەستمانە كەمترین ڕێژەی چەكی بێ مۆڵەت لـە كوردستـان بمێنێت، چونكـە دوای ساڵێك ئـەو چەكـە بـە چەكی قاچاغ هەژمـار دەكرێت و هـەر تاوانێك بـەم چەكانـە ئەنجام بدرێت، سزاكەی زۆر قورسـتر دەبێـت، بـۆ ئـەوەی بزانرێـت كـە ڕێـژە و جـۆری تـاوان زیـاد، یـان كەمـی كـردووە، دەبێت داتـاكان بـەراورد بكرێـن و توێژینـەوە ئەنجام بدرێت، مـن لـە ئێستـادا هیـچ توێژینـەوەیەكـی لـەم جۆرەم لەبەردەسـت نییـە تـا ئـەو بەراوردكارییـە بكـەم، بـەڵام هەسـت دەكـەم میدیـا ئـەو ماوەیـە زیاتـر بایـەخ بـە بـواری چـەك دەدات، بۆیـە هەندێ جار ئەگـەر مامەڵەیەكـی بەرپرسـیارانە لەگـەڵ ئـەو هـەواڵ و زانیارییانـە نەكرێـت، بێگومـان دەكرێـت تـرس و دڵەڕاوكـێ بـڵاو ببێتـەوە، لـەم بارەیـەوە داوا دەكەیـن، میدیـاكان بـۆ بەرژەوەندیـی گشـتی، خۆیـان لـە بڵاوكردنـەوەی تـرس و دڵەڕاوكـێ دوور بگـرن.

*** تایبـەت بـە پۆلیسـی هاتوچـۆ، چەنـد ڕێكارێكـی نـوێ گیراوەتـە بـەر بـۆ كەمكردنـەوەی ڕووداوەكان، بـە تایبەتـی كامێـرای پۆینـت تـو پۆینـت و بەسـتنی قایشـی سـەلامەتی و بەكارنەهێنانـی مۆبایـل، ئایـا گرنگترینـی ئـەو ڕێـكارە نوێیانـە چیـن؟**

- حكومەتی هەرێمی كوردستان لە هەوڵەكانی بـۆ كەمكردنـەوەی ڕووداوەكانـی هاتوچـۆ و پاراسـتنی سـەروماڵی هاووڵاتیـان بەردەوامـە، لـەم پێناوەدا لـە وەزارەتـی ناوخۆ بەرنامـەی جۆراوجۆر هەیـە، یەكێـك لـەو هەوڵانـە دامەزراندنـی سیسـتمی نوێـی كامێرایـە بـە هـەر چـوار جـۆری كامێـرای (سـەر ترافیكـەكان، جێگیـر، خـولاو، پۆینـت تـو پۆینـت)، لێـرەدا ئـەوەی زۆر مەبەسـتمە باسـی بكـەم، كامێـرای (پۆینـت تـو پۆینت)ـە، كـە لـە هەمـوو كوردسـتان كەوتووەتـە بـواری جێبەجێكردنـەوە، بـەڵام لـە هەندێـك شوێن ئامادەكارییـەكان تـەواو بـوون و كار دەكات وەكـو (هەولێر) و لـە هەندێ شوێنی دیكـە لـەم نزیكانـە دەسـت بـەكار دەبێـت وەكـو (سلێمانی)، لـە شـار و ئیدارە سـەربەخۆكانیش لـە قۆناغـی ئامادەكاریدایە. كامێراكانـی پۆینـت تـو پۆینـت مۆدێلـی نوێـی كامێرایـە كـە شـوفێر ناچـار دەكات بـە درێژایـی ئـەو ڕێگایـەی كامێرای لـێ دانـراوە، پابەنـد بێت بـەو خێراییـەی ڕێـگای پـێ دراوە، نـەك وەكـو كامێراكانـی دیكـەی خـولاو و جێگیـر تەنیـا لـە پێـش كامێراكـە خێرایـی كـەم بكاتـەوە، بۆیـە ئـەو جـۆرە نوێیـەی كامێـرا هیـچ بژاردەیەكـی دیكـە بـۆ شـوفێر ناهێڵێتـەوە، جگـە لـە پابەنـد بـوون، ئێسـتا لـە هەولێـر هەسـت بـەو جیاوازییـە كـراوە و لـەو شـوێنانەی كامێـرای پۆینـت تـو پۆینتیـان لـێ دانـراوە، شـوفێرەكان لـە چوارچێـوەی خێرایـی ڕێگەپێـدراو شـوفێری دەكـەن، كامێـرای ترافیـك لایتـەكان چالاك كراونەتـەوە و هـی نوێش دانـراون. شـوفێر دەبێـت پابەنـد بێـت بـە وەسـتان لـە كاتـی چـرای سـوور و لـە هێڵـی سـەر شـەقامی ژێـر ترافیـك لایتـەكان تێپـەڕ نەكـەن، ئەمانـە هەمـووی بـۆ سـەلامەتیی گشـتییە.

هەروەهـا فەرمـان كـراوە كـە ئەگـەر شـوفێر لـە كاتـی تیژڕەویـدا قایشـی سـەلامەتی نەبەستبێت و مۆبایلیـش بـەكار بهێنێـت، سـێ جـار سـزا بدرێـت، مەبەسـتمانە شـوفێران ناچـار بـن بـۆ سـەلامەتیی خۆیـان و سەرنشـینەكانیان قایشـی سـەلامەتی ببەسـتن و مۆبایـل بـەكار نەهێنـن. لـە ئێسـتادا تەنیـا ئەگـەر لـە كامێـرای تیـژڕەوی دەربچـن، سزا دەدرێـن، بـەڵام خـۆی لـە خۆیـدا بەكارهێنانـی مۆبایـل لـە هەمـوو كاتێكـدا قەدەغەیـە و شـوفێر تووشـی كێشـە دەكات.

*** گلەییتـان لـێ كـراوە كـە ئـەو كامێرایانـە بـۆ كۆكردنـەوەی پـارە و داهاتـە و كاریگـەری لەسـەر كەمكردنـەوەی ڕووداوەكانـی هاتوچـۆ نییـە، ئێـوە چـی دەڵێـن؟**

- ئامانجـی وەزارەتـی ناوخـۆ لـە دانانـی ئـەم كامێرایانـە بـۆ ناچاركردنـی شـوفێرە تاوەكـو ئـازاری خـۆی و كەسـانی دیكـەش نـەدات بـە تیژڕەوی، ناچاری دەكات لە خێرایی ڕێگەپێدراو تێپـەڕ نـەكات، شـوفێر ئـەو كاتـە سـزای دارایـی دەدرێـت، كـە ڕێـزی یاسـا و ڕێنماییـەكان نەگرێـت و سـەلامەتیی خـۆی و پیـادە و بەكارهێنەرانـی دیكـەی ڕێگـە و بانـەكان بخاتـە مەترسـییەوە، ئێمـە پێش دامەزرانـدن و دەسـتبەكاربوونی كامێرا

**داوا كراوە كە هیچ حزب و لایەنێكی سیاسی لە هیچ بۆنەیەكدا چەك وەكو دیاری نەبەخشێتە ئەندام و لایەنگرانی و ئەو پارت و لایەنە سیاسییانەی لە بارەگاكانیاندا پاسەوانیان هەیە، دەبێت كۆگای هەڵگرتنی چەكی پاسەوانەكانیان دروست بكەن**

**یاسای چەك بۆ ئەوە دەرچووە تاوەكو گیان و ماڵی هاووڵاتیان بپارێزرێت و چیتر بە چەك تاوانكاری ئەنجام نەدرێت**

**ئێمە مەبەستمانە كەمترین ڕێژەی چەكی بێ مۆڵەت لە كوردستان بمێنێت، چونكە دوای ساڵێك ئەو چەكە بە چەكی قاچاغ هەژمار دەكرێت و هەر تاوانێك بەم چەكانە ئەنجام بدرێت، سزاكەی زۆر قورستر دەبێت**

**ئێمە پێش دامەزراندن و دەستبەكاربوونی كامێرا لە هەر شار و شارۆچكە و شەقامێك هەڵمەتی هۆشیاریی میدیایی بۆ دەكەین و هاووڵاتیان ئاگادار دەكەینەوە تا خۆیان بپارێزن**



لە هەر شار و شارۆچکە و شەقامێك هەڵمەتی هۆشیاریی میدیایی بۆ دەکەین و هاووڵاتیان ئاگادار دەکەینەوە تا خۆیان بپارێزن.

*** بابەتی ئاوارەکان بە کوێ گەیشتووە، ئایا بە زۆرەملێ کەس دەنێردرێتەوە؟**

- لەگەڵ دەستپێکردنی ڕووداوەکانی سووریا لە چوارچێوەی بەهاری عەرەبیدا، شەپۆلێکی کۆچی هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە بە هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانیەوە بۆ هەرێمی کوردستان دەستی پێ کرد، لە سەرانسەری عێراقدا، هەرێمی کوردستان تاکە شوێنە ژمارەیەکی زۆری پەنابەری سووریای لێیە و خەڵك و حکومەت نانی خۆیانیان لەگەڵ بەش کردوون و لە ناو شارەکان و کەمپەکان خزمەتگوزارییەکانیان پێشکەش کراوە، لەگەڵ شەڕی داعش و هاتنی بەلێشاوی ئاوارەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و شارە گەورەکانی عێراق هاووڵاتیان بە عەرەبی سوننە و کریستیان و برایانی ئێزیدی و هەموو نەتەوە و پێکهاتەی ئایینی و نەتەوەییەوە، بە بێ جیاوازی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد و لە سەر ئەمری سەرۆك بارزانی دەروازەکان بۆ ئەو خێزانە لێقەوماوانە واڵا کران، بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە حکومەتی کوردستان وێڕای قەیرانی دارایی، بەڵام کەمتەرخەمیی بەرانبەر ئاوارە و پەناهەندەکان نەکردووە، لە کاتێکدا حکومەتی فیدراڵ ئەرکەکانی خۆی بەرانبەریان جێبەجێ نەکردووە، کەمپەکانی پەنابەر و ئاوارەکان بە هاوبەشی لە نێوان ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگیی قەیرانەکان لە وەزارەتی ناوخۆ و دەزگای خێرخوازیی بارزانی و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەڕێوە براون. حکومەتی فیدراڵ بەرنامەی داخستنی کەمپەکانی هەبوو و بە یەك چاو سەیری هەمووی ئاوارەکانی دەکرد، لە کاتێکدا کەیسەکان تایبەتمەندییان هەیە، ئەگەر زەمینەیەکی ئەمنیی گونجاو و لەبار نەبێت، خوشك و برایانی ئێزدی ناتوانن بگەڕێنەوە شنگال و زێدی خۆیان، ڕێککەوتنی شنگال لە نێوان هەر دوو حکومەت بۆ ئەوەیە ئەو زەمینە دروست ببێت، ئێستا لە شنگال پەکەکە و هەندێ گرووپی دیکە ڕێگر لە دروستبوونی ئەو کەشە ئەرێنییە، بۆیە ئاوارەکان ناتوانن متمانە بکەن و بگەڕێنەوە، ئێمە لەگەڵ بە زۆرداری داخستن و چۆڵکردنی کەمپەکان نین و، نابینە بەشێك لەو بەرنامەیە، پێویستە زەمینەسازی بکرێت و متمانە دروست ببێت تا ئاوارەکان بە سەربەرزی و ئازادی و ئیرادەی خۆیانەوە بگەڕێنەوە و گەرەنتیی ئەوەش هەبێت کە دەپارێزرێن.

**کەمپەکانی پەنابەر و ئاوارەکان بە هاوبەشی لە نێوان ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگیی قەیرانەکان لە وەزارەتی ناوخۆ و دەزگای خێرخوازیی بارزانی و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەڕێوە براون**

**ئەگەر زەمینەیەکی ئەمنیی گونجاو و لەبار نەبێت، خوشك و برایانی ئێزدی ناتوانن بگەڕێنەوە شنگال و زێدی خۆیان، ڕێککەوتنی شنگال لە نێوان هەر دوو حکومەت بۆ ئەوەیە ئەو زەمینە دروست ببێت**



دکتۆر عیماد خۆشابا بۆ گوڵان:

# حکومەت بە بێ جیاوازی ڕێزێکی زۆری لە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان گرتووە

**پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا سیما و خەسڵەتێکی بەرچاوە و ڕیشەیەکی قووڵی هەیە، هەروەها سیاسەتی فەرمیی حکومەتیش بایەخدان بووە بە پتر چەسپاندنی ئەم پێکەوەژیانە، گولان لە میانەی دیمانەیەکدا ئەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیداری لەگەڵ دکتۆر عیماد خۆشابا قەشەی مانگێشکێ تاوتوێ کرد.**

*** پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە نێوان ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستاندا ئەو نیعمەتەی پەروەردگارە کە هەموو ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان شانازی پێوە دەکەن، ئایا ئێوە وەك پەیڕەوانی ئایینی کریستیان چۆن سەیری ئەم پێکەوەژیانەی کوردستان دەکەن و، ئایا لە دەرەوە کریستیانەکان چۆن سەیری ئەم پێکەوەژیانەی کوردستان دەکەن؟**

- ئاشکرایە کە پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستاندا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و، باوباپیرانی ئێمە لەم وڵاتەدا بە یەکەوە ژیاون و، ئەو پێکەوەژیانەش ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە و بووەتە هۆکاری هاتنەئارای لێبوردەیی و ئاشتییەکی خۆڕسك لە نێوانماندا، لەلایەکی دیکەوە لە ڕووی ئایینییەوە مەسیحییەت لە سەرەتای بوونیەوە لە هەر شوێنێك هەبێت، بووەتە مایەی دەستەبەرکردنی ئاشتی تێیدا. هاوکات ئێمە لە هەر وڵات و لەسەر هەر خاکێك ژیابین وەك کریستیان، ئینتیمای توندمان هەبووە و هەوڵمان داوە ببینە مایەی پارێزگاریلێکردنی و برەودان بە خۆشگوزەرانی، هەموو ئەمانەش دەبنە هۆی بەهێزکردنی پێکەوەژیان لەو وڵات و شوێنانەدا و بگرە دەگاتە ئاستی برایەتی لە نێوان ئەو نەتەوە و ئایین و ئایینزایانەی لەو وڵاتەدا هەن، هەرێمی کوردستانیش یەکێکە لەو هەرێمانەی تێیدا ئاشتی و پێکەوەژیان بەرقەرارە و جیاوازیی ئایین و ئایینزاکان نەبووەتە مایەی کێشە بۆ پێکەوەژیان، چونکە نەتەوە و ئایینەکان پێکەوە دەژین و لەگەڵ یەکتر تەبا و خەمخۆرن و بە تەنگ یەکەوەن لە خۆشی و ناخۆشیی یەکتردا. واتە هەرێمی کوردستان وەك باخچەیەکە کە جۆرەها گوڵی تێدایە و هەر یەکەی بۆنێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام ئەو باخچەیە بۆ هەموو پێکهاتەکان وەك یەك وایە لە سەردانیکردن و لە بۆنەکان و لە ناخۆشی و خۆشیدا. لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ بەتایبەت لە دوای دامەزراندنی پەرلەمان و دامودەزگاکانی حکومەتەوە، سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، بەتایبەتی جەنابی سەرۆك بارزانی زۆر جەختی لەسەر گرنگیدان بە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان کردەوە و، کاری بۆ ئەوە کرد ئەو هزر و بیر و ڕێبازەی لەلایەن بارزانیی نەمر هەبوو وەك خۆی و زیاتر گەشە بکات، لە ئەنجامدا ئێستا هەرێمی کوردستان لەبەر چاوی وڵاتانی دونیا و بەتایبەت وڵاتانی پێشکەوتوو و ڤاتیکان و پاپاوە بووەتە جێگەی سەرنج و شانازی و ڕێزێکی زۆر گەورە بۆ ئەو پێکەوەژیانەی هەیەتی .

**هەرێمی کوردستان لەبەر چاوی وڵاتانی دونیا و بەتایبەت وڵاتانی پێشکەوتوو و ڤاتیکان و پاپاوە بووەتە جێگەی سەرنج و شانازی و ڕێزێکی زۆر گەورە بۆ ئەو پێکەوەژیانەی هەیەتی**

*** سەرۆك مسعود بارزانی لە کاتی هێرشی تیرۆریستانی داعش دەرگای هەرێمی کوردستانی واڵا کرد، بۆ ئەوەی هەموو کریسیتانەکان و ئایینە جیاوازەکانی دیکە لە سەرانسەری عێراق بپارێزێت، ئایا پێداگیریی سەرۆك بارزانی بۆ پێشوازیکردن لە هەموو کریستیانەکان لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقەوە بێنە کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- ئەوەی جەنابی سەرۆك بارزانی لەو کاتەدا کردی، هەڵوێستێکی چاوەڕوانکراو بوو لە بەڕێزیان، چونکە ئەو هەڵوێست و بڕیارانە لە سەروەختی مەلا مستەفای بارزانییەوە چەسپێندراون و بووەتە کەلتوورێك لە ڕێبازەکەیدا، لەلایەکی دیکەوە لە ساڵی ٢٠١٤ لەو کاتەی کە داعش پەلاماری عێراقی دا، هەموو ئایین و

ئایینزاكان و تا ڕاددەیەك نەتەوەكانیش تا دەگاتە عەرەب لە عێراق، بەتایبەت لە مووسڵ و دەشتی نەینەوا و ناوەڕاستی عێراق، كەوتنە بەر هێرش و پەلاماری كۆمەڵكوژیی ئەو تیرۆریستانە و بارودۆخێكی زۆر خراپ و تاریك دروست بوو، لەو بارودۆخە دژوارەدا جەنابی سەرۆك بارزانی بڕیارێكی مرۆییانەی دا و دەرگا و سنووری هەرێمی كوردستانی لە بەردەم هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاكانی عێراقدا كردەوە، كە بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەكی یەكجار زۆری خێزانەكان پەنا ببەنە بەر هەرێمی كوردستان و ژیانی خۆیان و خێزانەكانیان پارێزراو بێت، هەرچەندە هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارەكان كە نزیكەی دوو ملیۆن كەس دەبوون، بارێكی زۆر قورس و زەحمەتیان بۆ حكومەتی كوردستان دروست كرد، بەتایبەت لەو كات و ساتەشدا قەیرانێكی دارایی زۆر قورس ڕووبەڕووی هەرێمی كوردستان ببوو، بەڵام لەو كاتەدا سەرۆك بارزانی بە ئاوارەكانی ڕاگەیاند و فەرمووی «ئێمە لەگەڵ یەكتر دەژین، یان لەگەڵ یەكتر دەمرین»، واتە ئێمە هیچ جیاوازی لە نێوانماندا نییە و هەموومان لەگەڵ یەكترین و چارەنووسمان یەكە.

*** لەگەڵ بەشی زۆری قەشە و مەتران و پیاوانی ئایینی كەنیسەكانی كوردستان قسەمان كردووە، هەموویان جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە لە سایەی لۆژیك و ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانیدا هەست بە ئەمان و دڵنیایی دەكەن، ئایا ئەم ئەمان و دڵنیاییەی تێكڕای پێكهاتە و ئایینە جیاوازەكان كە بە عەقیدەی بارزانیان هەیە، لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ دا، ئەوە هەڵوێستێكی درێژخایەن و چەسپاوی سەرۆك بارزانی بووە كە هەموو پێكهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاكان لە كوردستاندا بە دڵنیایی و ئەمانەوە لەگەڵ یەكتر بژین تاوەكو خۆشگوزەرانی و ئاشتی و لێبوردەیی سەقامگیر بێت، ئەو لۆژیك و بڕیار و هەڵوێستەی بارزانی دەری بڕی كە دەرگای هەرێمی كوردستان لە بەردەم ئاوارەكاندا بكرێتەوە، بۆ پاراستنی ژیانیان، ئەوە هەڵوێستی سەركردەیەكی سەركەوتووە لەو وڵاتەدا، چونكە تەنیا سەركردەی بوێر و خاكەڕا و خەمخۆری نەتەوەیی و مرۆڤایەتی دەتوانێت ئەو جۆرە بڕیارانە بدات و لە پێشەوەی بەرەكانی جەنگ بێت و، بەرگری لە میللەتەكەی و مرۆڤایەتی بكات، كە ئەوانەشمان لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش بەتایبەت لە ڕزگاركردنی شنگال و دەشتی نەینەوا لە جەنابی سەرۆك بارزانی بینی، كە وەك پێشمەرگەیەكی كوردستان بەشداری كرد، هەر بۆیە لە ساڵی ٢٠٢١ قەداسەتی پاپا فەرەنسیس هاتە هەرێمی كوردستان سوپاسی جەنابی سەرۆك بارزانی كرد و پێی گوت «من سوپاسی جەنابتان دەكەم كە پێشوازیی ئاوارەكانتان كرد، چونكە ئەو ئاوارانە ئەز بووم»، كە ئەمەش زۆر گرنگە كە كەسایەتییەكی وەك قەداسەتی پاپا ئیعتیراف بەو بڕیار و هەڵوێستە بكات، وەك ئەوەی جەنابی سەرۆك بارزانی بەرانبەر ئاوارەكان كردوویەتی. هاوكات ئەو كار و هەڵوێستانەی لەلایەن جەنابی سەرۆك بارزانی و ڕێزداران نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان و مسرور بارزانی سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان و دەگیرێتەبەر بۆ زیاتر گەشەپێدانی پێكەوەژیان لە هەرێمی كوردستان، بووەتە جێگەی ڕێز و ستایش و سەرنجی هەموو وڵاتانی دونیا و، لە زۆر بۆنە و مەراسیمدا بە چاوێكی گرنگ و گەورەوە سەیری ئەو بارودۆخەی هەرێمی كوردستان دەكرێت، كە بووەتە هۆكاری بەدستهێنانی هێمنی و ئاسایش و دڵنیایی لە نێوان هەموو پێكهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاكان كە لەو هەرێمەدا دەژین.

*** لە چەند هەفتەی ڕابردوو دیسان بە پێداگریی سەرۆك بارزانی كۆتای كریستیانەكانی دهۆك و هەولێر لە ناو یاسای هەڵبژاردنەكانی عێراقدا جێگیر كرا، بۆ ئەوەی نوێنەرانی خۆتان لە پەرلەمانی عێراق نوێنەرایەتیتان بكەن، ئایا تا چەند دانانی كۆتای كریسیتان لەسەر ئاستی كوردستان خزمەتی نوێنەرایەتیی ئێوە لە پەرلەمانی عێراق دەكات؟**

- بێگومان نوێنەرایەتی بۆ پەرلەمان چ لە هەرێم بێت، چ لە عێراق، بۆ هەموو نەتەوە و پێكهاتەیەك زۆر پێویست و گرنگە تاوەكو هەست بە بوونی خۆیان بكەن و، موومارەسەی مافەكانیان بكەن، بە دڵنیاییەوە ئەو پێنج كورسییەی كۆتا لە پەرلەمانی كوردستاندا نەك تەنیا گرنگە، بەڵكو ئەوە ددانپێدانانە بە

**ئەوە هەڵوێستێكی درێژخایەن و چەسپاوی سەرۆك بارزانی بووە كە هەموو پێكهاتە نەتەوەیی و ئایین و ئایینزاكان لە كوردستاندا بە دڵنیایی و ئەمانەوە لەگەڵ یەكتر بژین تاوەكو خۆشگوزەرانی و ئاشتی و لێبوردەیی سەقامگیر بێت**

**ئەو پێنج كورسییەی كۆتا لە پەرلەمانی كوردستاندا نەك تەنیا گرنگە، بەڵكو ئەوە دانپێدانانە بە بوونی نەتەوەیی و ئایینیمان كە هاوبەشین لەو هەرێمەدا**

**لە هەمواركردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی عێراقدا و بە پێداگری و جەختكردنەوەی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی توانرا كورسیی كۆتای ئێمە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بخرێتە یاساكە و جێگیر بكرێت**

بوونی نەتەوەیی و ئایینیمان کە هاوبەشین لەو هەرێمەدا، هاوکات بوونی کۆتای کریستیانەکانی دهۆك و هەولێر لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا زۆر پێویستە، بەڵام ئەو هەقە چەندین ساڵە بۆ ئێمە دەستەبەر نەکراوە، بەڵام ئەم جارە لە هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی عێراقدا و بە پێداگری و جەختکردنەوەی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی توانرا کورسیی کۆتای ئێمە بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بخرێتە یاساکە و جێگیر بکرێت. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە هەروەك چۆن لە کاتی نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا جەنابی بارزانی پێداگر بوو لەسەر ئەوەی ماف و بەرژەوەندییەکانی تێکڕای نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بچەسپێندرێت، ئەوا بە هەمان شێوە سەرۆك بارزانی لە نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستووری کوردستانیشدا داوا دەکات تێکڕای پێکهاتەکان لەناو لێژنەکانی نووسینەوەی دەستووردا هەبن و خۆیان مافەکانیان دەستنیشان بکەن، کە ئەمە لە هەقیقەتدا کاریزمایی و توانا و کەسایەتیی سەرکردەیەکی بوێری وەك سەرۆك مسعود بارزانی بە دونیا پیشان دەدات، کە خەمخۆری مرۆڤایەتی و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکانی هەرێمی کوردستانە و هەر لەسەر دەستی جەنابیشیان ئەو پێکەوەژیانە بەو جۆرە جوان و سەرنجڕاکێشە لە دونیادا دەرکەوتووە.

*** لەسەر ئاستی یاسای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، ئێستا کێشمەکێشی حزبەکان لەسەر کۆتای پێکهاتەکانە لە پەرلەمانی کوردستان، لەمەشیاندا تەنیا سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بەرگری لە کورسیی کۆتای پێکهاتەکان دەکەن و، لایەنەکانی دیکە دەیانەوێت دابەشتان بکەن، ئایا ئێوە کریستیان هەڵوێستی خۆتان چۆنە لەم پرسەدا و دەتانەوێت چۆن بڕیار بدرێت؟**

- بێگومان ئێمە هاوڕاین لەگەڵ هەڵوێستی سەرۆك بارزانی، چونکە جیاوازی نابینین لە نێوان خۆمان و پێکهاتەکانی دیکەی کوردستان و جەنابی سەرۆکیش بە ڕابەر و مەرجەع و کاریزمای خۆمان دەزانین و هەر فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە لە ناو پەرلەماندا و لە کاتی دانانی یاساکاندا پشتگیرییان نەك تەنیا لە کریستیانەکان، بەڵکو لە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان کردووە، بۆیە ئێمەش پاڵپشتیی ئەو لایەنە دەکەین و نامانەوێت لایەن و حزبێك هەبێت هەوڵ بدات دەنگ و ڕەنگی نەتەوەیی و ئایینیمان بشێوێنێت و پەرش و بڵاوی بکاتەوە. ئێمە دەمانەوێت دەنگی هەموو مەسیحییەکانی هەرێمی کوردستان لە یەك بازنەدا کۆبکرێتەوە، تاوەکو نوێنەری ڕاستەقینەی خۆمان بەدەست بهێنین، ئەوەی هەندێك لایەن لەو بارەوە دەیکەن، تەنیا موزایەدەی سیاسییە و مایەی دروستکردنی گرفتە بۆ هەرێمی کوردستان.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی یەکجار باشی بەو ناوچانە داوە کە زۆرینەیان کریستیانن و، لە ساڵی ڕابردوو بڕیاری دا ناحیەی عەنکاوە بکرێتە قەزا، ئایا چۆن سەیری مامەڵەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ پشتگیریی پێکەوەژیان و لێبوردەیی لە کوردستان؟**

- حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بێ جیاوازی ڕێزێکی زۆری لە هەموو پێکهاتەکانی کوردستان گرتووە، دەبینین لە هەموو بوار و دامودەزگاکانی دەوڵەتدا ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان شوێن و پێگەی گرنگ و کارای بۆ پێکهاتەکان دابین کردووە، لە ڕووی خزمەتگوزاریی ئایینی و نەتەوەییشەوە کاری زۆر بەرچاو ئەنجام دراوە، لە نێویاندا دروستکردنی کەنیسە و پەرستگەی ئایین و ئایینزاکان، هاوکات لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینیدا بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی مەسیحییەکان و ئێزدییەکان هەر یەکەی بە جیا دامەزراندووە، ئەمەش بۆ زیاتر خزمەتگەیاندنە بەو پێکهاتانە، لە لایەکی دیکەوە گرنگی بە شوێن و سنوور و ئەو شارانە داوە کە مەسیحییەکانی تێدا دەژین، بۆ نموونە لەم دواییانەدا بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتگوزاریی ئیداری و جۆرەکانی دیکە بە مەسیحییەکان بگەیەنێت، شارۆچکەی عەنکاوەی کرد بە قەزا، ئێمە ئومێد و چاوەڕوانیی زۆر کار و کردەوەی زیاتر لەو حکومەتە دەکەین کە لە هەرێمی کوردستان هەیە بۆ هەموو پێکهاتەکان بە بێ جیاوازی.

**سەرۆک بارزانی لە نووسینەوەی ڕەشنووسی دەستووری کوردستانیشدا داوا دەکات تێکڕای پێکهاتەکان لە ناو لێژنەکانی نووسینەوەی دەستووردا هەبن و خۆیان مافەکانیان دەستنیشان بکەن**

**ئێمە دەمانەوێت دەنگی هەموو مەسیحییەکانی هەرێمی کوردستان لە یەک بازنەدا کۆبکرێتەوە، تاوەکو نوێنەری ڕاستەقینەی خۆمان بەدەست بهێنین**

**لە هەموو بوار و دامودەزگاکانی دەوڵەتدا ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان شوێن و پێگەی گرنگ و کارای بۆ پێکهاتەکان دابین کردووە**



# کوردستان
# وڵاتی پێکەوەژیانە



## فارس جەوهەر

بەڕێوەبەری گشتی لە دیوانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی

بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەوەی ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان شانازی پێوە دەکەین، ئەو پێکەوەژیانەیە کە لە وڵاتانی دەوروبەر جیامان دەکاتەوە بە عێراقیشەوە، ئەم ئاشتەوایی و پێکەوەژیانە هەر لە خۆڕایی بەدەست نەهاتووە، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی پڕ لە شانازیی گەلەکەمان کە دەوڵەمەندە بە کەلتووری ئاشتەوایی و یەکترقەبووڵکردن و باوك و باپیرانمان ئەو کەلتوورەیان پەیڕەو کردووە، ئێمەشیان وا پەروەردە کردووە کە خەڵکی وڵاتی خۆمان خۆش بوێت، بە جیاوازیی بیروباوەڕ و ئایینەوە و ڕێزیان لێ بگرین و لە کاتی تەنگانەدا هەر کامەیان تووشی کێشە و گرفت بوون، بە هانایانەوە بچین.

هەروەها سیاسەتی حەکیمانەی حکومەت و سەرکردایەتیی سیاسیی هەرێمی کوردستان هەر لە دامەزراندنییەوە کاری بەم ئاراستەیە کردووە و ئەنجامی بەرچاوی بەدەست هێناوە لە چەسپاندنی زیاتری ئارامی و یەکترقەبووڵکردن.

ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان زۆر مەینەتی و ئازارمان بینیوە و لەلایەن وڵاتانی دەوروبەرمان و حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق ستەممان لێ کراوە، تا ئاستی ئەنفال و کیمیاباران و خاپوورکردنی هەزاران گوندی کوردستان کە هەزاران مزگەوت لەگەڵ خانووەکان خاپوورکران و قورئانی پیرۆز سووتێندران و کەوتنە ژێر دار و بەردی مزگەوتە خاپوورکراوەکان، گوندەکانی کریستیان و ئێزدیش بێبەش نەبوون لەو هەڵمەتانە و چەندین گوندیان بە پەرستگاکانیانەوە خاپوور کران، هێرشەکان بە ئامانجی لەناوبردن و جینۆسایدکردنی گەلەکەمان بەردەوام بوون و دوژمنان بێ بەزەییانە هەوڵیان داوە بۆ سڕینەوەمان. دواترینیان هێرشی تیرۆریستانی داعش بوو بۆ سەر هەرێمی کوردستان کە برا ئێزدییەکانمان قوربانیی سەرەکیی ئەو هێرشە دڕندانەیە بوون و، هێرشی نارەوای حکومەتی عێراق بۆ دەست بەسەرداگرتنی کەرکووك و پلانیان بۆ سڕینەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان بوو، سوپاس بۆ خودای گەورە بە خوێنی شەهیدانمان لە پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکان و پاڵپشتیی خەڵکی کوردستان بە هەموو ڕەنگەکان ئەو پلانانەیان پووچەڵ کرانەوە.

ئیستا ئەرکی هەموومانە ئەو تەبایی و یەکڕیزیە بپارێزین و هەموو بەرپرسانی وەزارەتمان لە بەڕێوەبەرانی گشتی و بەڕێوەبەرانی ئەوقافەکان بە ماهەنگی لەگەڵ یەکێتیی زانایان گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ مامۆستایانی ئایینی ئەنجام بدەن و کاری جددی بکەن، کە بۆ هەر دیاردەیەك ببن بە هۆکاری تەبایی و یەکڕیزی و دوور بن لە وتاری توند، کە ببێتە هۆی لەیەکترازان، چونکە مامۆستایانی ئایینی هەموو کات پێشەنگ بوون لە چەسپاندنی ئارامی و تەبایی دەبێت ئێستا و لە داهاتووش بە هەمان شێوە کار بکەن و، هەموو وتار و ئامۆژگارییەکانیان بەو ئاراستەیە بێت، کە لە خزمەت دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و لە ئاست قوربانیدان و خەباتی سەدان ساڵەی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد بێت و، وەك هەمیشە هەوێنی ئاشتەوایی و سەقامگیری بن و، پارێزەری ئەو پێکەوەژیانە بن، کە وێنای کورد و کوردستانی بە ڕووی جیهانی دەرەوە جوان و سەنگین کردووە.

گرنگە کار بکرێت بۆ ئەوەی وتاری دژی تەبایی و پێکەوە ژیان جێی نەبێتەوە و دوور بێت لە بیر و هزری مامۆستایانی ئایینی، لە جیاتی ئەوە هەموو وتارەکان بە بەردەوامی بۆ ئاراستەی یەکترقەبووڵکردن و تەبایی و پاراستنی ئەو دەستکەوتانە بێت کە بە خوێن و خەباتی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان بەرهەم هاتوون.

**ئەوەی ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان شانازی پێوە دەکەین، ئەو پێکەوەژیانەیە کە لە وڵاتانی دەوروبەر جیامان دەکاتەوە بە عێراقیشەوە**

**مامۆستایانی ئایینی هەموو کات پێشەنگ بوون لە چەسپاندنی ئارامی و تەبایی دەبێت ئێستا و لە داهاتووش بە هەمان شێوە کار بکەن**

**گرنگە کار بکرێت بۆ ئەوەی وتاری دژی تەبایی و پێکەوە ژیان جێی نەبێتەوە و دوور بێت لە بیر و هزری مامۆستایانی ئایینی**



سعوود مستۆ نەجم بۆ گوڵان:

# ئەوەی لە بارەی ڕووداوەکەی شنگالەوە بڵاوکرایەوە بانگەشەیەکی بەتاڵ بوو

**پێکەوەژیان لە کوردستاندا زەمینەیەکی پتەو و ڕیشەیەکی قووڵی هەیە، هەموو هەوڵ و کۆششێکیش کراوە بۆ پاراستن و پەرەپێدانی، بەڵام لەم دواییەدا کێشەیەك لە شنگال دروست کرا، وەك هەوڵێك بۆ دروستکردنی پشێوی و ناکۆکی، بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستیی ئەم هەواڵە و هاوشێوەکانی و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ سعوود مستۆ نەجم بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزدییان لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ئەنجام دا و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** لەو ماوەیەی دواییدا خەڵکانێکی گێرەشوێن ئەوەیان بڵاو کردەوە کە گوایە ئێزدییەکان هەڵیان کوتاوەتە سەر مزگەوتێك لە شنگال، ئایا ئەم هەواڵە چۆن بڵاوکرایەوە و چ دەستێکی لە پشتەوە بوو؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پڕوپاگەندەیە و پێویستە ڕاستگۆیانە و ڕاشکاونە ئاماژە بەوە بکرێت کە نە ئەو مزگەوتەی ئاماژەی پێ دەکرێت و نە هیچ مزگەوتێکی دیکە لە لایەن کوردانی ئێزدییەوە هێرشی نەکراوەتە سەر، بەڵکو ئەمە بانگەشەیەکە لە لایەن کەسانێکی گێرەشوێنەوە کراوە بۆ تێکدانی ڕەوشی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستاندا. ڕووداوەکەی ئەو ڕۆژەش بەو شێوەیە بوو کە ٢٥ خێزانی عەرەبی سوننە کە خەڵکی مووسڵ و سووریا بوون، لە ژێر چاودێریی هێزێکی مەزنی عێراقدا بۆ شنگال گەڕانەوە، لەو کاتەدا کچێکی ئێمەی کوردانی ئێزدی (کە ڕزگاربووی دەستی داعش بوو) کەسێکی نێو ئەو خێزانانەی ناسییەوە بە ناوی حاجی ئەیاد کە ڕفێنەری ئەم کچە بووە، زوڵم و ستەمی زۆری لە ئافرەت و کۆمەڵگەی کوردانی ئێزدی کردبوو، لە ئەنجامدا گرژییەك لە بەردەم دەرگای مزگەوتی ڕەحمان دروست بوو، بە بێ ئەوەی کەس هێرش، یان هیچ دەستدرێژییەك بکاتە سەر مزگەوتەکە، بەڵام هەندێ کەسی گێرەشێوێن (بەتایبەت مەڵبەندی هەشتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) ئەم ڕووداوەیان قۆستەوە و وێنەی ساڵی ٢٠١٦ی ئەو مزگەوتە و مزگەوتێکی پارێزگای دیالەیان بڵاو کردەوە کە کاتی خۆی لەلایەن داعشی تیرۆریستەوە سووتێندرابوون، کە گوایە ئەوە مزگەوتی ڕەحمانە لەلایەن کوردانی ئێزدی لە شنگال سووتێنراوە، بۆ ئەوەی کێشە و گرفتی نەخوازراو دروست ببێت، بەڵام بانگەشەیەکی بەتاڵ و بێ بنەما بوو، چونکە هیچ کات و سەردەمێك کوردانی ئێزدی پەلاماری مزگەوت و شوێنی پیرۆزی ئایینی ئیسلام و هیچ ئایینێکی دیکەیان نەداوە، و ئەو ڕەوشتە لە کار و کردەوەی کوردانی ئێزدی زۆر دوور و نامۆیە، لەلایەکی دیکەوە لە دوای ڕزگارکردنی شنگال و سنوورەکەی، ئەوا نەك تەنیا ئەو چوار مزگەوتەی ناو شنگال، بەڵکو هەموو مزگەوت و کەنیسە و شوێنە پیرۆزەکانی ئایین و ئایینزاکان وەك خۆیان ماون و پارێزراون، تەنانەت ئەو مزگەوتانەش کە تیرۆریستانی داعش پەلاماریان دابوون، گەنجانی کوردی ئێزدی قورئانی پیرۆزیان کۆکردەوە و پاراستیان و دەستیان بە پاککردنەوەی مزگەوتەکانیش کرد، هەروەها ئەو چوار مزگەوتەی لە ناو سەنتەری شاری شنگاڵن، بە دەستی خەڵك و کەسانی کوردی ئێزدی دروست کراون و ئاوەدان کراونەتەوە.

*** لە کاتی جینۆسایدی برا ئێزدییەکانمان ئێمە بینیمان ئێوە لە ناو مزگەوتەکاندا دەحەوانەوە و هیچ کێشەیەکتان نەبوو، ئایا ئێوە وەك ئایینی ئێزدی هیچ کێشەیەکتان بەرانبەر مزگەوت، یان کەنیسە هەیە؟**

- من لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ئەو کۆمەڵکوژی و جینۆسایدەی دەرهەق بە کوردانی ئێزدی کرا لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە، بە هیچ جۆرێك نە لە لایەن جڤاتی ڕۆحانیی ئێزدییان، نە لە لایەن ڕۆشنبیر و کۆمەڵانی کوردی ئێزدییەوە نەدراوەتە پاڵ ئیسلام و موسڵمانان، و لە ڕاستیدا پەیوەندییەکی باش و بەهێز هەیە لە نێوان موسڵمان و ئێزدییاندا و

**مەڵبەندی هەشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان) ئەم ڕووداوەیان قۆستەوە و وێنەی ساڵی ٢٠١٦ی ئەو مزگەوتە و مزگەوتێکی پارێزگای دیالەیان بڵاو کردەوە کە کاتی خۆی لەلایەن داعشی تیرۆریستەوە سووتێندرابوون، کە گوایە ئەوە مزگەوتی ڕەحمانە لەلایەن کوردانی ئێزدی لە شنگال سووتێنراوە**

**هیچ کات و سەردەمێک کوردانی ئێزدی پەلاماری مزگەوت و شوێنی پیرۆزی ئایینی ئیسلام و هیچ ئایینێکی دیکەیان نەداوە**

**ئەو مزگەوتانەش کە تیرۆریستانی داعش پەلاماریان دابوون، گەنجانی کوردی ئێزدی قورئانی پیرۆزیان کۆکردەوە و پاراستیان و دەستیان بە پاککردنەوەی مزگەوتەکانیش کرد**

**ئەو چوار مزگەوتەی لە ناو سەنتەری شاری شنگاڵن، بە دەستی خەڵک و کەسانی کوردی ئێزدی دروست کراون و ئاوەدان کراونەتەوە**

**ئەوە ئاشکرایە کە بە خوێنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان شنگال و هەموو ناوچەکانی کوردانی ئێزدی ڕزگارکران**

تەنانەت لە ناو مزگەوتەکاندا شوێنمان بۆ کرایەوە و بە سوپاسەوە خەڵکی موسڵمان و پیاوانی ئایینی ئیسلام لە کوردستان بانگەوازیان کرد، بۆ ئەوەی خەڵك دەستی هاوکاری و یارمەتی بۆ کوردانی ئێزدی درێژ بکەن، کە ئەو هەڵویستە جوان و جوامێرەی موسڵمان و پیاوانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان و بڕیار و بانگەوازی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لەو ڕووەوە زۆر بەرز و گرنگ دەنرخێنین و هەرگیز ناتوانرێت لەلایەن کوردانی ئێزدییەوە لەبیر بکرێت. دواتر ئەوە ئاشکرایە کە بە خوێنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان شنگال و هەموو ناوچەکانی کوردانی ئێزدی ڕزگارکران و هەر حکومەت و سەرکردایەتیی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بە تایبەت ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی نووسینگەیەکی تایبەت بە پاڵپشتیی دارایی و مەعنەوی دامەزراند، بۆ ئەوەی ئەو ئافرەت و ئەو کەسانەی کوردی ئێزدی کە کەوتوونەتە دەست تیرۆریسانی داعش ڕزگار بکرێن، هەروەها دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە چەندین دەق و گوتەی کوردانی ئێزدی هەیە کە بەردەوام سەماحەتی (بابەشێخ)ی کوردانی ئێزدی دووپاتی دەکاتەوە و فەرمان بە ئێمەی کوردانی ئێزدی دەدات کە پابەند بین پێیانەوە، کە پەیوەستن بەوەی چەندین نەتەوە و ئایین و ئایینزا هەن، هەر یەکەیان مافی خۆیەتی بە زمانی خۆی بدوێت و پەرە بە کەلتووری خۆی بدات، هەر بۆیە کوردی ئێزدی هیچ کێشە و گرفتێکی لەگەڵ هیچ نەتەوە و ئایین و ئایینزایەك نییە، بەتایبەت لەگەڵ ئایینی ئیسلامدا.

*** لە شەڕی دژی داعش و پاشانیش ئەو کۆمەڵکوژییەی لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش دژی کوردانی ئێزدی ئەنجام درا، سەرۆك بارزانی بە شەخسی هاتە گۆڕەپانی شەڕەکە و بەڵێنی پێدان کە تۆڵەی ئەو کارەساتە لە تیرۆریستانی داعش دەکاتەوە و، بەڵێنەکەی خۆیشی بردە سەر، ئایا ئەم داکۆکییەی سەرۆك بارزانی لە لای ئێوە چ مێژوویەکی دروست کردووە؟**

- جەنابی سەرۆك بارزانی ڕەمز و ڕێبەرێکی نەتەوەییە و مەرجەعە و سەمام ئەمانی پێکەوەژیانە لە هەموو کوردستاندا، ئەوە بوو بینیمان کە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی خۆی لە بەرەی پێشەوەی جەنگی ڕزگارکردنی شنگال و سنوورەکەی بەرانبەر تیرۆریستانی داعش ڕاوەستا و توانی بە خوێنی زیاتر لە ٥٠٠ شەهیدی قارەمانی پێشمەرگە و نزیکەی ٢٠٠٠ پێشمەرگەی بریندار ناوچەکانی کوردی ئێزدی بە تەواوەتی ڕزگار بکرێت و، ئەو بەڵێنەی بە ئێمەی دابوو جێبەجێی کرد. بۆیە هەرگیز ئەو هەڵویستانەی جەنابی سەرۆك لەبیر ناکەین و هەمیشە بە سەرۆك و مەرجەعی خۆمانی دەزانین و سەرۆك بارزانی بە فاکتەری ئارامی و پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانین.

*** ئەوەی جێگەی دڵخۆشی بوو، ئەوە بوو کە لە سەرەتای ئەمساڵ پەرلەمانی ئەڵمانیا کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزدی بە جینۆساید ناساند، ئایا ئێوە وەك کوردانی ئێزدی چۆن سەیری ئەم هەڵوێستەی پەرلەمانی ئەڵمانیا دەکەن؟ ئایا چەند پەرلەمانی دیکە ئەم کۆمەڵکوژییەی بە جینۆساید ناساندووە؟**



- تا ئێستا ١٢ دەوڵەوت و پەرلەمان ددانیان ناوە بە جینۆساید و کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزدیدا، بەڵام بە لای ئێمەوە گرنگترین ددانپێدانانی جینۆسایدی ئێزدییان بڕیاری پەرلەمانی ئەڵمانیایە، چونکە چەندین خاڵی لەخۆ گرتووە لە بەرژەوەندیی کوردانی ئێزدی، لەوانە گەڕانەوەی کوردانی ئێزدی بۆ سەر ماڵ و شوێن و شاری خۆیان و پاراستنی شکۆی ئێزدییان و قەرەبووکردنەوەی ئێزدییان و چەندین خاڵی دیکەی گرنگ و پێویست، بۆ مانەوە و بەردەوامیی ژیان بۆ کوردانی ئێزدی لە ناو ئەو بڕیارەی پەرلەمانی ئەڵمانیادا هەیە.

*** هۆکاری جێبەجێ نەکردنی ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی کە بە «ڕێککەوتنی شنگال» ناسراوە، بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- ئەم ڕێککەوتنە زۆر گرنگە و ماوەی دوو ساڵە ئیمزا کراوە و دڵخۆشییەکی گەورە بوو بۆ میللەتی ئێزدی، کە لە سایەی جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنەدا شنگال و ناوچەکە ئاسایی و ئاوەدان دەکرێتەوە و، ئیدارە و ئەمنییەت دەکەوێتەوە دەستی کوردانی ئێزدی، بەڵام مخابن بە بیانوو و هۆکاری جیاجیا ئەو ڕێککەوتنە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەروەها بوونی چەندین هێزی چەکدار لە ناوچەکەدا زیاتر بووەتە هۆی ئەوەی بارودۆخی شنگال ئاسایی نەبێتەوە و خەڵکەکەشی نەتوانن بگەڕێنەوە، چونکە لە سەروماڵی خۆیان دڵنیا نین، بەڵام لە کابینەی حکومەتی محەمەد شیاع سوودانی یەکێك لە خاڵەکانی ڕێککەوتنی پارتی بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگالە، کە ئەمەش دڵخۆشی و ئومێدی بە کوردانی ئێزدی داوە تاوەکو لە ئاییندەیەکی نزیکدا بگەڕێنەوە سەر ماڵ و ناوچە و شاری خۆیان.

*** ئایا ئێوە وەك کوردانی ئێزدی کە ژمارەتان زۆرە، داواتان نەکردووە کورسیی کۆتاتان لە پەرلەمانی کوردستان هەبێت؟**

- کورسیی کۆتاکان لە پەرلەمانی کوردستان لەسەر بنەمای نەتەوەیی دانراون و بۆ ئێمەی کوردانی ئێزدی کۆتامان نەبووە، چونکە کوردین، بەڵام لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کورسییەك بە ئێمە دراوە وەك ئایینزا، کە ئەمەش جێگەی پێزانین و ستایشە، بەڵام پاش دەرچوونی یاسای ژمارە پێنج لە ساڵی ٢٠١٥ کە ئەم یاسایە بۆ پاراستنی مافی پێکهاتەکانە لە هەرێمی کوردستان و بەپێی ئەو یاسایە و داوای ئێمەش کە بەردەوام جەختی لەسەر دەکەینەوە، ئەوەیە کە پێویستە ئێمە وەك کوردانی ئێزدی بەپێی ژمارەی دانیشتووانەکەمان یەك تا سێ کورسیمان لە پەرلەمانی کوردستان هەبێت، بۆ ئەوەی خۆمان بەرگریکار و پاڵپشت بین بۆ بەدیهێنانی ماف و بەرژەوەندییەکانمان و چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە، بەڵام جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ لایەنێکی دیکە لە هەرێمی کوردستان پشتگیریی داخوازیی ئێمە ناکەن، لێرەدا ئێمە داواکارین کە ئەمە داواکاریی میر و سەرۆك و ئەنجومەنی جڤاتی ڕۆحانی و میللەتی ئێزدییە، کە لە پەرلەمانی کوردستان کورسیمان پێ بدەن، بەپێی ژمارەی کوردانی ئێزدی لە هەرێمی کوردستاندا.

**هەرگیز ئەو هەڵویستانەی جەنابی سەرۆک لەبیر ناکەین و هەمیشە بە سەرۆک و مەرجەعی خۆمانی دەزانین و سەرۆک بارزانی بە فاکتەری ئارامی و پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەزانین**

**تا ئێستا ١٢ دەوڵەوت و پەرلەمان ددانیان ناوە بە جینۆساید و کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزدیدا، بەڵام بە لای ئێمەوە گرنگترین ددانپێدانانی جینۆسایدی ئێزدییان بڕیاری پەرلەمانی ئەڵمانیایە**

**کورسیی کۆتاکان لە پەرلەمانی کوردستان لەسەر بنەمای نەتەوەیی دانراون و بۆ ئێمەی کوردانی ئێزدی کۆتامان نەبووە، چونکە کوردین، بەڵام لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کورسییەک بە ئێمە دراوە وەک ئایینزا**






## گریگۆری ئەفتاندیلیان
پسپۆڕی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# سعودیە بە ڕێککەوتنی لەگەڵ ئێراندا پەیامێکی بە ئەمریکا دا

**گریگۆری ئەفتاندیلیان پسپۆڕی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە، وانەبێژە لە سکوولی پاردی بۆ دیراساتی جیهانی لە زانکۆی بۆستۆن. بۆ ماوەی پتر لە بیست ساڵ وەك شرۆڤەکاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە هەردوو وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی ئیدارەی ئەمریکا کاری کردووە، هەروەها ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەنجومەنی پیران بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە چەند پەرەسەندن و پێشهاتێکی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بە چەشنی ڕێککەوتنەکەی نێوان ئێران و عەرەبستانی سعودیە.**

*** ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتی عەرەبی، مشتومڕێکی زۆریان بە دوای خۆیاندا هێنا و، زۆرێك لە شرۆڤەکاران پێیان وابوو پاڵنەری ئەم لێکنزیکبوونەوە و ئاساییکردنەوانەی پەیوەندییەکان بریتییە لەوەی هەردوو لایەنەکە ڕکابەرێکی هاوبەشیان هەیە، کە ئێرانە، بەڵام ئێستا کە ئێران و عەرەبستانی سعودیە ڕێککەوتنیان ڕاگەیاندووە، ئایا ئەمە چ کاریگەرییەکی دەبێت؟ ئایا دەتوانین بڵێین چیتر وڵاتە عەرەبییەکان بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل بە پەرۆش نابن؟**

- سەرەتا دەبێت ئێمە ئەو خواستە ڕەچاو بکەین کە لای دەسەڵاتدارانی سعودیە هاتە ئاراوە سەبارەت بە دروستکردن و ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا، ئەویش دوای ئەوەی چەند وڵاتێکی دیکەی عەرەبی هەنگاوێکی لەم چەشنەیان هەڵگرت و بە شێوەی کرداری دەستیان بە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا کرد. بەڵام ئاشکرایە کە تا ئەم ساتەوەختەش سعودیە هەنگاوی بەم ئاراستەیەدا هەڵنەگرتووە. ئەگەر ئێمە هۆکار و پاڵنەرەکانی هەنگاوهەڵنەگرتنی عەرەبستانی سعودیە بەم ئاقار و ئاراستەیەدا لێك بدەینەوە، ئەوا ڕەنگە بتوانین بڵێین: ڕەنگە هۆکارەکە ئەوە بێت کە هێشتا سعودیە حیساباتی خۆی لەم ڕووەوە لە بەرانبەر حیساباتی ئێراندا بنیاد نانەوە. هۆکارێکی دیکەی دەرەکی و بابەتی لە پەیوەندی بە عەرەبستانی سعودییەوە، جۆری ئەو حوکمەتەیە کە لە ئێستادا لە ئیسرائیل جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و لە هەوڵدایە بۆ ئەوەی دۆخی فەلەستین بەرەو هەڵکشانی زیاتر ببات. مەبەستم ئەوەیە کە ئەمە خۆی لە خۆیدا فاکتەرێکە بۆ ئەوەی عەرەبستانی

سعودیە هەست بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بکات، بە چاوپۆشین لە پرسی ڕێککەوتن و ئاشتەوایی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا. کەواتە لە هەموو ئەوانەی ئاماژەمان پێ کرد، ئەوا لەوانەیە بتوانین بگەینە ئەو دەرئەنجامەی- ئەویش وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ پرسیارەکەی ئێوە- کە ئەم دوو پرسە، واتە ڕێککەوتنەکانی ئاشتی و ئاساییکردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل و ڕێککەوتنی ئەم دواییەی نێوان هەردوو وڵاتی سعودیە و ئێران پێکەوە گرێدراو بوون.

*** خاڵێکی دیکە کە پەیوەستە بەم ڕێککەوتنەوە کە دەمانەوێت پرسیاری لەبارەوە بکەین، بریتییە لە پەیوەندی، یان ئایندەی پەیوەندیی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عەرەبستانی سعودیە، کە ئەم دوو وڵاتە هاوبەش و هاوپەیمانی ستراتیژی یەکترین، بەڵام ئایا دەکرێت بوترێت لە دوای ڕێککەوتنەکەی نێوان عەرەستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران -بە ناوبژیوانیی چین- گومان لەسەر پەیوەندییەکانی ئەمریکا و سعودیە دروست بووە؟**

- لە ڕاستیدا من پێم وایە دەکرێت لەم ڕووەوە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم ڕێککەوتنە لە بەشێکیدا پەیامێکە لەلایەن عەرەبستانی سعودییەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و پێڕاگەیاندنێکە کە سعودیە هەمیشە و هەردەم ناکەوێتە ژێر کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئەمریکاوە لەو سیاسەتانەی دەیگرێتەبەر و لەو بڕیارانەی کە دەریان دەکات و پیادەکان دەکات، واتە سعودیە دەیەوێت ئەوە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڵێت کە خاوەنی سیاسەت و بڕیاری سەربەخۆی خۆیەتی. بە دەربڕینێکی دیکە ئەمە بیرخەرەوەیەك بوو بۆ ئەمریکا کە سعودیە وڵاتێك نییە فەرمان و خواستەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەرچییەك بن ئەوە پیادە و پەیڕەو بکات.

*** واتە بە تێڕوانینی ئێوە ئەم ڕێککەوتنەی نێوان سعودیە و ئێران نابێتە هۆی سستکردن و خاوکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و سعودیە؟ بە شێوەیەکی گشتی ئێوە چۆن لە ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو هاوپەیمانە دەڕوانن و پێتان وایە بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەڕوات؟**

- لە ڕاستیدا ڕایەڵی پەیوەندییەکانی نێوان عەرەبستانی سعودیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆرن و بەهێزیشن. هەر بۆ نموونە ئەوەتا کۆمپانیای بۆینگ گرێبەستێکی گەورەی لەگەڵ عەرەبستانی سعودیە واژۆ کردووە بە بەهای چەندەها ملیار دۆلار، هەروەها هێشتا ژمارەیەکی زۆری قوتابییانی سعودیە ڕوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکەن بۆ ئەوەی لە زانکۆکانی ئەو وڵاتەدا درێژە بە خوێندن بدەن و بڕوانامە بەدەست بهێنن. هەروەها هێشتا هاوکارییەکی زۆری سەربازی و ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی هەواڵگری لە نێوان سعودیە و ئەمریکا لە ئارادایە و درێژەی هەیە. کەواتە لە ڕوانگەی هەموو ئەو ڕەهەند و ڕایەڵانەوە ئەوا دەتوانین بڵێین کە هێشتا پەیوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵاتی سعودیە و ئەمریکا قووڵن.

*** کەواتە ئایا ئەم ڕێککەوتنەی نێوان عەرەبستانی سعودیە و کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر قووڵی و قەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان عەرەبستانی سعودیە و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نابێت؟**


- من پێم وایە دەکرێت ئەم ڕێککەوتنە لەو چوارچێوەیەدا لێك بدەینەوە و تاوتوێ بکەین کە ئەمە خواست و ویستێکی سەرکردایەتی و دەسەڵاتدارانی عەرەبستانی سعودیەیە بۆ ئەوەی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕابگەیەنن کە هێشتا ئەوان جۆرێك لە سەربەخۆییان هەیە و هێشتا ئەوان دۆست و هاوڕێی دیکەیان هەیە لە جیهان -جگە لە ئەمریکا- وەك چین و ڕووسیا، بۆ ئەوەی بە ئەمریکا بڵێین کە ئێمە دەتوانین ئەم کارتانە بەکار بهێنین هەر کاتێك پێویستمان پێیان بوو.

*** زۆر باشە، دەمانەوێت پرسیاری ئەوە بکەین ئایا سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چ گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا دێت لە دوای ڕێککەوتنی نێوان دوو هێزی هەرێمیی گەورە و مەزن و ڕکابەری یەکتری، وەك ئێران**

**هێشتا هاوکارییەکی زۆری سەربازی و ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی هەواڵگری لە نێوان سعودیە و ئەمریکا لە ئارادایە و درێژەی هەیە**

**ئیدارەی ئەمریکا کە بە دەستی دیموکراتەکانە و بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن، ناتوانێت پرسەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا فەرامۆش بکات و پشتگوێیان بخات**

**جۆ بایدن بە چەشنێک بانگەشەی کردووە کە بایەخ بە پرسەکانی پەیوەست بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەدات، ئەم هەڵوێستەش هەمیشە ئەمریکای خستووەتە بارێکی ناکۆکییەوە لەگەڵ حکومەتی سعودیە**



**و سعودیە و ئایا ئەم واقیعە نوێیە ڕەنگدانەوەی لە سیاسەتی ئەمریکادا دەبێت؟**

- بە شێوەیەکی گشتی ئەوەی دەتوانم لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بیڵێم ئەوەیە کە ئیدارەی ئەمریکا کە بە دەستی دیموکراتەکانە و بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن، ناتوانێت پرسەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا فەرامۆش بکات و پشتگوێیان بخات. خۆ ئەگەر ئەمەش گرێ بدەینەوە بە پەیوەندییەکانی نێوان سعودیە و ئەمریکا، ئەوا ئەم پرسە (پرسی مافەکانی مرۆڤ) هەمیشە مایەی گرفت دەبێت لەو پەیوەندییانەدا. چونکە ئەگەر ئێمە بەراوردێك بکەین لە نێوان ئیدارەی پێشوو بە سەرۆکایەتیی دۆناڵد ترەمپ و ئیدارەی جۆ بایدن، ئەوا خاڵی جیاوازیی نێوان ئەم دوو ئیدارەیە ئەوەیە کە جۆ بایدن بە چەشنێك بانگەشەی کردووە کە بایەخ بە پرسەکانی پەیوەست بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەدات، ئەم هەڵوێستەش هەمیشە ئەمریکای خستووەتە بارێکی ناکۆکییەوە لەگەڵ حکومەتی سعودیە.

*** دوایین پرسیارمان پەیوەستە بە پەیوەندییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و چینەوە، کە ئاشکرایە ئەم ڕێککەوتنەی نێوان سعودیە و ئێران بە ناوبژیوانیی چین ئاماژەیە بە هەڵکشانی دەسترۆیشتوویی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئایا پێت وایە پەیوەندییەکانی ئەمریکا و چین بەرەو هەڵکشانی زیاتر دەچن؟**

- لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی بارگرژی و ناکۆکی و ڕکابەرییەکانی نێوان وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاقار و ئاراستەی خاوبوونەوە و کەمبوونەوەدا بڕۆن، ئەوا ئەمە هەل و مەرجێك دەخولقێنێت لەم ناوچەیەدا کە تێیدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بتوانێت هەوڵ و کۆشش و پێگەی سەربازیی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا زیاتر و پتەوتر بکات، چونکە ئەوەی بەدی دەکرێت لە ئێستادا ئەوەیە کە چین لە هەر وڵاتێکی دیکەی جیهان زیاتر هێزێکی هەڵکشاوە و هەڕەشەیەکی هەڵکشاویشە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

**چین لە هەر وڵاتێکی دیکەی جیهان زیاتر هێزێکی هەڵکشاوە و هەڕەشەیەکی هەڵکشاویشە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا**

هوشەنگ ئەمیرئەحمەدی بەڕێوەبەری سەنتەر ڕۆتگێرزە بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هاوکات دامەزرێنەری سەنتەری توێژینەوە و شرۆڤەکاری ئێرانییە و، بۆ چەندین ساڵ بەڕێوەبەری ئەم سەنتەرە بووە، هەروەها دامەزرێنەری ئەنجومەنی ئەمریکی-ئێرانییە، کە ڕێکخراوێکی قازانج نەویستە و کار دەکات بۆ پەرەپێدانی تێگەیشتن و دیالۆگ لە نێوان هەردوو گەلی ئەمریکی و ئێرانیدا. هەروەها توێژەر و وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی پەرەپێدانی ئابووریی نیشتمانی و جیهانگەرایی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا سازکرد کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و دەرهاویشتە و دەرئەنجامەکانی ئەم شەڕە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

هوشەنگ ئەمیرئەحمەدی

تایبەتمەندی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی ڕۆتگێرز بۆ گوڵان:

# شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا لە بەرژەوەندیی هەژموون و باڵادەستیی زیاتری ئەمریکایە

# دیمانەی تایبەت



*** ئاشکرایە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا تەنیا ڕەهەند و ڕایەڵێکی سەربازی نییە، بەڵکو لەم شەڕەدا پەنا بردراوەتەبەر هەموو ئامرازە بەردەستەکان بۆ مەبەستی دروستکردنی گوشار و ناچارکردنی بەرامبەر بە گۆڕینی سیاسەتەکانی، بۆ نموونە ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەندین سزای ئابووری و داراییان بەسەر ڕووسیادا سەپاندووە، سەرەتا دەمانەوێت بزانین بۆچوونی ئێوە لە ئاست کاریگەری و کارایی ئەم سزایانەدا چییە؟**

- لە ڕاستیدا ڕەنگە ئەو پێشبینییە لە ئارادا بووبێت کە پەنابردنەبەر سەپاندنی سزاکان بە چەشنێك دەبێت و کاریگەرییەکی هێندە کارای لێ دەکەوێتەوە کە سەردەکێشێت بۆ ئەوەی دەستبەجێ شەڕەکە ڕابوەستێت، بەڵام ئاشکرایە کە ئەم پێشبینی و چاوەڕوانییە زیادەڕەوی لەخۆ گرتبوو، چونکە لە کۆتاییدا ئێمە باس لە وڵاتێکی گەورە و مەزن دەکەین کە چەندین ڕایەڵی پەیوەندیی ئابووری و دارایی هەیە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی جیهاندا. تەنانەت ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش پێشەنگ بێت لە بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیا لەسەر ئاستی جیهان، ئەوا ڕووسیا دەتوانێت دەروازەی دەربازبوون لە سزاکان بدۆزێتەوە و بگرێتەبەر، چونکە هەمیشە لایەنێك دەبێت کە ئامادە بێت چاکەیەك، یان ڕێککەوتن و سەفقەیەك لەگەڵ ڕووسیادا بکات. بەم شێوەیە ڕووسیا دەتوانێت و توانیویەتی ڕێگاچارەیەك بدۆزێتەوە بۆ بەدەستهێنان و هاوردەکردنی ئەو کەرەستە تەکنەلۆژییانەی پێویستی پێیانە. کەواتە ئەمە هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی کە سزاکان و ئەو ڕێکارە دارایی و ئابوورییانەی گیرانەبەر دەرئەنجام و دەرهاویشتە و ئاکامی دەستبەجێ و ڕاستەوخۆیان نەبێت.



*** ئاشکرایە کە هۆکاری سەرەکیی درێژەکێشانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، یان با بڵێین بێتوانایی ڕووسیا لەوەی نەتوانێت بە خێرایی و لە ماوەیەکی کورتدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و شەڕەکە یەکلا بکاتەوە، تەنانەت تووشی چەندین پاشەکشەی سەربازیش بێت، هاوکارییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە بۆ ئۆکرانیا، بۆچی پێتان وایە ئەمریکا هێندە پابەندە بەوەی ڕێگە نەدات ڕووسیا لەم شەڕەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئاماژە بەوە بکرێت کە کاتێك ڕووسیا هێرشی کردە سەر ئۆکرانیا و هەوڵی داگیرکردنی ئەو وڵاتەی دا، ئەوا ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێیان وابوو ناکرێت هەمان هەڵوێستی ئەو کاتەیان هەبێت، کە ڕووسیا هێرشی کردە سەر هەرێمی کریمیا، چونکە هەر زوو دەرکەوت کە ئەمە تەنیا شەڕ و ناکۆکییەکی هەرێمی نییە لە نێوان ڕووسیا و دەوڵەتێکی دراوسێ، بەڵکو تێڕوانینەکە ئەوە بوو کە ئەم هێرشە پەلاماردانی ئەو بەهایانە بوو کە ڕۆژئاوا باوەڕی پێیانە و پەلاماردانی وڵاتێك بوو کە بڕیاری دابوو هەمان سیستمی سیاسی و مەدەنی ڕۆژئاوا بگرێتەبەر. کەواتە لە ڕوانگەی ڕۆژئاواوە ئەمە هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی ئەمجارە هەڵوێست و سیاسەتێکی جیاواز بگرنەبەر. دواتر ئەگەر بێینە سەر وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە و ئەگەر شرۆڤەی بارودۆخەکە، یان شەڕەکە بکەین، لە ڕوانگەی بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، ئەوا دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین، کە یەکێك لە دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە ئەوەیە کە پێگەی ڕووسیا تووشی زەبر و زیانی بەرچاو بووەتەوە.

*** یەکێك لە ڕەهەندەکانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا پرسی وزە و ئاسایشی وزە بووە، چونکە ڕووسیا وەك چەکێك پرسی وزەی بەکار هێناوە و وڵاتانی ڕۆژئاوا و بە دیاریکراوی وڵاتانی ئەوروپا هەوڵ و کۆششەکانیان چڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی بە یەکجاری دەست لە پشتبەستن بە هاوردەکردنی وزە لە ڕووسیاوە هەڵبگرن، تێڕوانین و خوێندنەوەی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- من لێرەدا دەمەوێت باس لەوە بکەم کە هەر دوو لایەنی پەیوەست بە پرسی وزەوە کە ئێوە لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەیان پێ دەکەن، لە پێشبینییەکانیاندا ورد نەبوون و نەیانتوانی دەرئەنجامەکە بپێکن، چونکە هەر دوو لای ئەو تێڕوانین و تێگەیشتنەیان لا گەڵاڵە بوو، کە پێیان وایە و دەتوانن لە ڕێی بەکارهێنانی پرسی وزەوە کە کارتێکی گوشار لایەنی بەرانبەر ناچار بە پێداچوونەوە بە بڕیارەکان و سازشکردن و هەڵوێست گۆڕین بکات. واتە هەم ڕووسیا پێی وابوو کە دەتوانێت لە ڕێی بەکارهێنانی وزە وەك چەکێك ئەوروپا بخاتە دۆخێکی نالەبار و ناهەمواری ئەوتۆوە کە نەتوانێت بەرگەی بگرێت، هەم وڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژئاوا بە گشتی پێیان وابوو و پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە ئەگەر ڕێکار و سزای پێویست لە دژی کەرتی

**تەنانەت ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش پێشەنگ بێت لە بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیا لەسەر ئاستی جیهان، ئەوا ڕووسیا دەتوانێت دەروازەی دەربازبوون لە سزاکان بدۆزێتەوە**

**یەکێک لە دەرئەنجام و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە ئەوەیە کە پێگەی ڕووسیا تووشی زەبر و زیانی بەرچاو بووەتەوە**



وزەی ڕووسیا بگرنەبەر ئەوا ڕووسیا لە داهاتی پێویست بێبەش دەکەن و بەم شێوەیە ناچاری دەکەن کە پێداچوونەوە بە بڕیاری شەڕەکە و بەردەوامیدان و درێژەدان بە شەڕەکەدا بچێتەوە. بەڵام دەرئەنجامەکە ئەوە بوو کە هەم وڵاتانی ئەوروپا توانییان سەرچاوەی بەدیلی هاوردەکردن و دەستەبەرکردنی وزە بدۆزنەوە، هەم ڕووسیاش داهاتێکی زیاتری لە ئەنجامی فرۆشتنی نەوت و غازەوە بەدەست هێنا، کە توانیویەتی خەرجی شەڕەکەی پێ دابین بکات. کەواتە لە پەیوەندی بە پرسی وزەوە نە وڵاتانی ئەوروپا و نە ڕووسیا نەکەوتنە بارێکی نالەبار و ناهەموارەوە.

*** ئایا بە شێوەیەکی گشتی پێت وایە چ لایەنێکی ئەم شەڕە براوەیە، کە لێرەدا مەبەستمان ڕووسیا و وڵاتانی ئەوروپا و بە دیاریکراوی ئۆکرانیایە؟ ئایا دەکرێت بڵێین براوە هەیە لەم شەڕەدا یان ڕاستییەکە ئەوەیە کە هەردوولا دۆڕاوی ئەم شەڕەن؟**

- لە ڕاستیدا ئەوە ئاشکرایە کە ئەنجامی شەڕەکە لە زیانی وڵاتانی ئەوروپا بووە، بە وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە، ئەوەی پەیوەندی بە وڵاتی ئۆکرانیاوە هەبێت ئەوا هەموومان دەزانین کە ئەم دە وڵاتە تووشی چ وێرانکاری و کاولکارییەك بووەتەوە. هەروەها ڕووسیاش زیانێکی زۆری بەرکەوتووە، بە تایبەتی ئەگەری ئێمە باس لەو وێنا و تێڕوانینە بکەین کە لە پێش هەڵگیرسانی شەڕەکەوە لە ئاست ڕووسیادا لە ئارادا بوو، چونکە ئێستا وەك دەوڵەتێکی داگیرکار و دەستدرێژکار و تاڵانکار لە ڕووسیا دەڕوانرێت، ئەگەرچی لە ڕووی ئابوورییەوە تا ئێستا ڕووسیا لە بارێکی جێگیردایە و شڵەژان و هەژانێکی گەورەی بەخۆیەوە نەبینیوە.

*** ئێوە لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەتان بەوە کرد کە ئەم شەڕە دۆخێکی خوڵقاندووە کە لە بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، ئایا ئەمە لەبەر ئەوەیە کە لە دوای ئەم شەڕە و لە ئەنجامی ئەم شەڕەوە وڵاتانی ئەوروپا پتر گرێدراوی ئەمریکا دەبن لە ڕووی ئاسایش و وزەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە لە ڕووی پرسی وزەوە دۆخەکە لە بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، هەرچەندە دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە سیاسەتی وزە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پرسێکی تەواو هەستیارە، چونکە ئەگەر لە بەر پرسەکانی پەیوەست بە ژینگەوە نەبێت، ئەوا ئەمریکا دەتوانێت بە چەشنێکی بەرچاو پەرە بە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی وزە بدات لە وڵاتەکەیدا و ببێتە وڵاتێکی پێشەنگ لەم ڕووەوە. ئەوەتا لە دەرئەنجامی ئەم شەڕەشەوە ئەمریکا غازی سرووشتی هەناردەی ئەوروپا دەکات. هەرچۆنێك بێت لە پەیوەندی بە ئابووریی ئەمریکاوە، بەتایبەتی دوای بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە جیهاندا، گرفتارە بە دەست جۆرێك لە هەڵئاوسانەوە، بەڵام بە تێڕوانینی من ئەم وڵاتە لە بارێکدایە کە دەتوانێت بەرگەی ئەم هەڵئاوسانە بگرێت.

**هەم وڵاتانی ئەوروپا توانییان سەرچاوەی بەدیلی هاوردەکردن و دەستەبەرکردنی وزە بدۆزنەوە، هەم ڕووسیاش داهاتێکی زیاتری لە ئەنجامی فرۆشتنی نەوت و غازەوە بەدەست هێنا، کە توانیویەتی خەرجی شەڕەکەی پێ دابین بکات**

**لە ڕووی ئابوورییەوە تا ئێستا ڕووسیا لە بارێکی جێگیردایە و شڵەژان و هەژانێکی گەورەی بەخۆیەوە نەبینیوە**



**سیپان شێروانی**
ئەندامی لیژنەی ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ گولان:

# یاسای بودجەی حکومەتی عێراق دادنانە بە مافی دەستووریی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان

**ڕێککەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا لە بابەتی دۆسیەی نەوت و ڕەهەند و ناوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتنە و پرۆژە یاسای بودجەی حکومەتی عێراق و پشك و شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لەم بودجەیە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری سەرەکیی دیداری گوڵان لەگەڵ سیپان شێروانی ئەندامی لیژنەی ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** ڕۆژی ٤ی نیسانی ٢٠٢٣ مسرور بارزانی ڕێککەوتنێکی گرنگی لەگەڵ محەمەد شیاع سوودانی واژۆ کرد، بێجگە لە دۆسیەی نەوت کە ڕێککەوتن لە ڕێگەی «سۆمۆ»وە بفرۆشرێت، ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە چەند پرسی دیکەی لە خۆی گرتبوو؟**

- ئەو ڕێککەوتنەی لە ٤ی نیسانی ٢٠٢٣ ئیمزا کرا، تایبەت بوو بە بابەتی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، بەڵام پێشتر ڕێککەوتن کرابوو لە بارەی بودجە و مەلەفەکانی دیکە، بە چەشنێك کاتێك ڕەشنووسی بودجەی ٢٠٢٣ گەیشتە ئەنجومەنی نوێنەران، ئەوا زۆربەی ڕێککەوتنەکانی لەخۆ گرتبوو. هەروەها پێش بودجەش لە بارەی پرسی پێکهێنانی حکومەت و هاوپەیمانیی ئیدارەی دەوڵەت کۆمەڵێك ڕێککەوتنی دیکە کرابوون. بەڵام ئەو ڕێککەوتنەی لە ٤ی نیسان کراوە، تایبەتە بە هەناردەکردن و ئیدارەدانی دۆسیەی نەوتی هەرێمی کوردستان و هیچ بابەتێکی دیکە لەخۆ ناگرێت. چونکە بودجە زیاتر وەرەقەیەکی داراییە و لە سۆنگەی داراییەوە ماف و پابەندبوونەکانی هەرێمی کوردستان دەستنیشان کراوە و ڕێککەوتن کراوە کە ٤٠٠ هەزار بەرمیل ڕۆژانە لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەناردەی دەرەوە بکرێت، کە ئەم ڕێککەوتنە پێشتریش ئەنجام درابوو، بەڵام لە ٤ی نیسانەوە ئەوەی تێدا زیاد کرا، کە سۆمۆ نەوتەکە هەناردە دەکات و ڕێککەوتن کراوە لەسەر پشکی هەرێم لە بودجەی گشتیی عێراق کە ڕێژەکەی ١٢,٦٧٪ـە و ڕێککەوتن لەسەر کردنەوەی هەژمارێکی بانکی کراوە کە لە ژێر چاودێریی جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بێت، بۆ کۆکردنەوەی تەواوی داهاتە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان. لە هەمان کاتدا ڕێککەوتن لەناو ڕەشنووسی بودجەدا کراوە، لەسەر خەرجییەکانی کۆمپانیا نەوتییەکان کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن و لەسەر ئاوەدانکردنەوەی شنگال و گەشەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی هەرێم و پایزگاکان و مووچەی پێشمەرگە و هەموو ئەو دۆسیە و بابەتانەی کە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە.

**ئەگەر لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بودجەکە وەک خۆی جێبەجێ بکرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو پرۆژانەی ڕاوەستاون دووبارە دەست پێ بکەنەوە و شەپۆلێکی ئاوەدانکردنەوەی بەهێزتر ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکات**

*** باس لەوە دەکرێت کە بڕیارەکەی دادگای ناوبژیوانیی پاریس دانی بە شەرعیەت و دەستووریبوونی پرۆسەی گەڕان و بەرهەمهێنانی نەوتی کوردستاندا ناوە، پرسی ڕاگرتنی نەوتی هەرێمی کوردستان پرسێکە تایبەتە بە کێشەی نێوان تورکیا و عێراق، ئایا ئەم کێشەیەش چارەسەردەکرێت؟**

- بەڵێ، ئەمە زۆر ڕاستە، چونکە دادگای ناوبژیوانیی پاریس لە کۆی چوار سکاڵا سێ لە سکاڵاکانی ڕەت کردووەتەوە، و یەك لەو سکاڵایانەی قبووڵ کردووە، ئەویش پەیوەستە بە بۆڕیی نەوتەوە، بەڵام بەرهەمهێنان و کۆگاکردنی نەوت لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە و هیچ کێشەیەکی دەستووری و یاسایی نییە، ئەو کێشەیەی کە دروست بووە، ئەوە کێشەیەکە لە نێوان عێراق و تورکیا لەسەر سکاڵایەکی عێراق لەسەر تورکیا سەبارەت بە بۆڕیی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان و هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوە ڕاگیراوە. بەڵام گفتوگۆیەکان بەردەوامن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە و بڕیار وایە لە ئایندەیەکی نزیکدا شاندێکی هاوبەش لە حکومەتی فیدراڵی و

**دادگای ناوبژیوانیی پاریس لە کۆی چوار سکاڵا سێ لە سکاڵاکانی ڕەت کردووەتەوە، و یەک لەو سکاڵایانەی قبووڵ کردووە، ئەویش پەیوەستە بە بۆڕیی نەوتەوە**

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە یەکەوە سەردانی تورکیا بکەن، بۆ چارەسەری ڕیشەیی ئەو بابەتە، تاوەکو دەست بە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە. یەکێک لە هۆکارەکانی دواکەوتنی گفتوگۆی نێوان عێراق و تورکیا بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنی تورکیا دەگەڕێتەوە، کە ئێستا زۆربەی سەرکردە و حکومەتی تورکیا سەرقاڵی ئەو هەڵبژاردنەن، ئەگەرچی بۆی هەیە، پێش هەڵبژاردنەکەش گفتوگۆ و ڕێککەوتن بکرێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە لە دوای هەڵبژاردنەکەی تورکیا شاندی هاوبەشی هەولێر و بەغدا سەردانی تورکیا دەکەن و لەگەڵ تورکیا دەگەنە ڕێککەوتن و دەست بە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکرێتەوە.

*** باس لەوە دەکرێت ئەو پرۆژە یاسایەی بودجە کە بڕیارە بۆ سێ ساڵ بێت و پەرلەمان پەسەندی بکات، زۆر خاڵی گرنگی بۆ هەرێمی کوردستان تێدایە، بەتایبەتی جیا لە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان، بڕە پارەیەك لە بودجەی سیادی بۆ پێشمەرگە تەرخان کراوە، هەروەها بڕێك بۆ ئەکتیڤکردنەوەی ماددەی ١٤٠ و بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان دانراوە، ئایا دەکرێت باسی ئەو لایەنانە بکەیت کە پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە؟**

- پێشتر ئاماژەم بەو بابەت و دۆسیيانە کرد کە لەناو ڕەشنووسی بودجەی ٢٠٢٣ ڕێککەوتنیان لەسەر کراوە، بێگومان لە بودجەدا خەرجییەکان و داهاتەکان دەگرێتەوە، سەبارەت بە داهاتەکان ئاماژە بە کۆکردنەوەی داهاتە فیدراڵییەکان کراوە،، چ نەوتی، چ نانەوتی، لە نەوتییەکەش داهاتی ٤٠٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەی هەرێمی کوردستان و ئەو کۆمەك و هاوکارییانەی لە وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دێت بۆ هەرێمی کوردستان، یان بۆ عێراقی فیدراڵ، دەبێت هەمووی لە چوارچێوەی داهاتەکاندا جێگیر بکرێت و ٥٠٪ی داهاتە نانەوتییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هەرێم دەمێنێتەوە و خەرجی هێزی پێشمەرگە بەپێی ژمارەی دانیشتووان وەك بەشێك لە هێزی وشکانیی عێراقی دانراوە، کە بۆ ساڵێك نزیکەی ١٠٠ ملیار دینار دانراوە، کە ئەمەش بەش و ڕێژەیەکی زۆر زۆر کەمە. هەروەها لە یانەی پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوەی هەرێمەکان و پارێزگاکان ٢٥٠ تا ٣٠٠ ملیار دینار بۆ هەرێمی کوردستان دانراوە کە بۆ سێ پارێزگای هەولێر و دهۆك و سلێمانییە و هەڵەبجە لە چوارچێوەی سلێمانیدا دانراوە، چونکە تا ئێستا پرۆژە یاسای بە پارێزگابوونی هەڵەبجە پەسند نەکراوە. لەلایەکی دیکەوە بابەتی پترۆ دۆلار هەیە کە ئەو پارێزگایانەی نەوتی تێدا بەرهەم دەهێنرێت، ڕێژەی ٥٪ی داهاتەکەی نەوت بۆ ئەو پارێزگایە دانراوە و ١٠٠ ملیار دینار بۆ چالاککردنی لێژنەی ماددەی ١٤٠ تەرخان کراوە تاوەکو لێژنەکە بە پەلە دەست بەکارەکانی بکاتەوە، وردەکاریی دیکە زۆرن لە چوارچێوەی خەرجی سیادی کە دەبێت عێراقی فیدراڵ لە ئەستۆی بگرێت، وەك کرین و دابینکردنی داودەرمان و بەشە خۆراکی مانگانەی هاووڵاتیان و چەندین شتی دیکەش.

*** بڕیارە کە حکومەتی عێراق بڕی ٤٠٠ ملیار دینار هەناردەی سەر حیسابی هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام ئەم بڕە پارەیە هەتا ئێستا نەخراوەتە سەر ژمارەی بانکی هەرێم، ئایا چاوەڕێ دەکرێت بۆ هەرێمی بنێرن؟**

- بەڵێ، ئەو بڕە پارەیە دەنێردرێت کە وەك قەرزێکە لەلایەن عێراقی فیدراڵەوە تا پەسندکردنی بودجەکە بە هەرێمی کوردستان دەدرێت و لە دوای پەسندکردنی پرۆژە یاسای بودجە، هەرێمی کوردستان پێویستی بەو قەرزە نابێت، بەڵکو بەشە بودجەی خۆی بۆ دێت، ئەگەرچی پێویست بوو ئەو بەشە پارەیە بە شێوەی بەشێك لە بودجە بۆ هەرێم بهاتایە، نەك بە شێوەی قەرز، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەوە لە چوارچێوەی بودجەی ٢٠٢٣ دا جێبەجێ دەکرێت و پێویستە ڕێکارە یاسایی و ئیدارییەکانی بە زووترین کات ئەنجام بدرێت.

*** لەوانەیە نەتوانرێت بەم بڕی ٤٠٠ ملیار دینارە مووچەی هەرێمی کوردستان دابین بکرێت، محەمەد شیاع سوودانییش ڕایگەیاند کە حکومەتی ناوەندی بەرپرسە لە دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان، ئایا ئومێدێك هەیە کە حکومەتی عێراق ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرێت؟**

- ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگرێت، ڕاستە ئەو ٤٠٠

**بەرهەمهێنان و کۆگاکردنی نەوت لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە و هیچ کێشەیەکی دەستووری و یاسایی نییە**

**لە دوای هەڵبژاردنەکەی تورکیا شاندی هاوبەشی هەولێر و بەغدا سەردانی تورکیا دەکەن و لەگەڵ تورکیا دەگەنە ڕێککەوتن و دەست بە هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دەکرێتەوە**

**١٠٠ ملیار دینار بۆ چالاککردنی لێژنەی ماددەی ١٤٠ تەرخان کراوە تاوەکو لێژنەکە بە پەلە دەست بەکارەکانی بکاتەوە**




ملیارە بەشی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ناکات، ئەگەر لەگەڵ کۆی داهاتە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستانیش حیسابی بکەین، هەر بەشی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم ناکات، بەڵام کاتێکی زۆر نەماوە بۆ پەسندکردنی پرۆژە یاسای بودجەی ٢٠٢٣، چونکە بە پەسندکردنی ئەو کێشەیە چارەسەر دەبێت، واتە بە شێوەیەکی گشتی حکومەتی عێراقی فیدراڵ نەك تەنیا بەرپرسە لە دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، بەڵکو بە گوێرەی دەستوور و یاساش پابەندە و ئەرکی سەرشانیەتی تەواوی خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو هەموو پارێزگاکانی دیکەی عێراقی فیدراڵ دابین بکات، بەڵام بەداخەوە لە سۆنگەی نەبوون و پەراوێزخستنی دەستوورەوە ئەوە دەبێتە نۆ ساڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵ خۆی بێبەری کردووە لە هەموو ئەو ئەرکانەی لەسەریەتی بەرانبەر هەرێمی کوردستان. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ئەو بودجەیەی ئەمجارە باشترین بودجەی عێراق دەبێت لە دوای ساڵی ٢٠١٤ بۆ هەرێمی کوردستان و ئەو بودجەیە دداننانە بە مافی دەستووریی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، ئەویش دوای ١٠ ساڵ نکۆڵیکردن و حاشاکردن و خۆبەدوورگرتن لە مافی دەستووریی هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستانەوە. لە کۆتاییدا بەپێی رێککەوتنەکە و ئەوەی لە بودجەی ٢٠٢٣ دانراوە، حکومەتی عێراقی فیدراڵ دانی بەم پرسەدا ناوە و سەرەتایەکیش بۆ دۆسیەی نەوت دەستی پێ کراوە، تا یاسای نەوت و غاز دەردەچێت و دەرفەتێکە و کاریگەرییەکی باشی لەسەر گەشەکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستان دەبێت، ئەگەر لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بودجەکە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو پرۆژانەی راوەستاون دووبارە دەست پێ بکەنەوە و شەپۆلێکی ئاوەدانکردنەوەی بەهێزتر روو لە هەرێمی کوردستان دەکات.

**حکومەتی عێراقی فیدراڵ نەک تەنیا بەرپرسە لە دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، بەڵکو بە گوێرەی دەستوور و یاساش پابەندە و ئەرکی سەرشانیەتی تەواوی خەرجییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو هەموو پارێزگاکانی دیکەی عێراقی فیدراڵ دابین بکات**

# ئەو کەسەی لە ڕەوشتدا لە سەرووی تۆوە بێت لە ئایینیشدا لە سەرووی تۆوەیە

ئەو پەڕی هەوڵ دەدەم تا وتارەکەم کورت بکەمەوە، ئەگەر بمەوێت وردەکاری بخەمە ڕوو، ئەوا پێویستم بە بەرگێکی گەورە دەبوو، چونکە خوێنەرانی ئەمڕۆ حەزیان لە کورتبڕییە، پێموایە قسەکردن لەسەر ئەم کێشەیە پێویستی بە بیرکردنەوەی قووڵ و قووڵیی فیکری و ڕاشکاوییەکی ڕوون و خوێندنەوەیەکی نوێ هەیە، چونکە بابەتەکە پەیوەستە بە دوو گرنگترین زاراوەی ژیانی گەلان و نەتەوەکانەوە، کە بریتین لە ئایین و ڕەوشت، پێناسەکانی ئایین و ڕەوشت زۆرن، کەسانێك هەن لە ڕووی سیاسییەوە پێناسەیان دەکەن، هەندێکی دیکە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، هەندێکیش بە شێوەیەکی ڕەمزی لێکدانەوەیان بۆ دەکەن، چونکە پێناسەی ڕاستەقینەی ئەو دوو زاراوەیە لە نێو ئەو پێناسە زۆر و جیاوازانەدا ون بووە، بۆیە ناتوانرێت لێیان تێبگەین بە بێ خستنەڕووی پێناسەکەمان کە دوای لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە و توێژینەوە هەڵمان بژاردووە، لێرەدا شایەنی بیرهێنانەوەیە کە ئەو پێناسەیەی هەڵمان بژاردووە، لەو دۆخە واقیعییەدا سەرچاوە دەگرێت کە تێیدا دەژین. ئێمە لە سەردەمی سرووش(وحی)دا ناژین تا لە ورد و بچووك سەبارەت بە ژیانمانەوە ئاگادارمان بکاتەوە.

واقیعەکە جیاوازە و دەبێت بە شێوازێکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعەدا بکرێت، بەم شێوەیەش دەتوانین ئامانجەکانی ئایین وەدی بهێنین و فەلسەفەکەی بەجێ بگەیەنین، بەڵام پشتبەستن بە پێناسە کلاسیکییەکان ئەو مەبەستەم ناهێنێتە دی، بە تایبەت کە سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی ئایینی زۆر شێواندووە و خەڵکیش بەدەم تێگەیشتنی ئایینەوە دەناڵێنن، کەواتە ئەوەی من دەیبینم ئەوەیە کە (ئایین پەیوەندییەکی شاراوەی نێوان خوێ و پەروەردگارەکەتە و، ڕەوشتیش پەیوەندییەکی ئاشکرایە لە نێوان تۆ و خەڵکدا) خودا پێویستی بەوە نییە لەبارەی ئاینداریەکەمانەوە ئاگاداری بکەینەوە، هەروەها لە تەقواشماندا، چونکە دەزانێت چی لە نێو سنگمان حەشاردراوە و دڵیشمان چی تێدایە و، هیچ شتێك لەسەر زەوی و لە ئاسماندا نییە کە لێی شاراوە بێت، ئەو جگە لە کردەوە دڵسۆزەکان هیچی دی قبووڵ ناکات کە تەنیا بۆ ئەو نەبن، بە بێ دووڕوویی و ڕیایی، بەڵکو تەنیا لە هەر کارێکدا کە لەپێناو خودادا ئەنجامی دەدەین، کە ڕیایی تێدا بێت، ئەو ڕەتی دەکاتەوە و لێمانی قبووڵ

**سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسی ئایینی زۆر شێواندووە و خەڵکیش بەدەم تێگەیشتنی ئایینەوە دەناڵێنن**



**د.عەرەفات کەرەم ستونی**
بەرپرسی کاروباری عێراق لە بارەگای بارزانی

بۆ گوڵانی نووسیوە

ناکات، بۆ ئەمەش خودا تەقوای شاردراوە و دینداریی شاراوەی خۆش دەوێت و ئەوەشی خۆش دەوێت کە چاکە بە دەستی ڕاستەمان بکەین تا دەستی چەپ پێی نەزانێت، پێی خۆشە سەردانی ماڵە پیرۆزەکەی بکەین بێ ئەوەی عەمامە لە سەر بکەین، بۆ ئەوەی بە خەڵك بڵێین چووینەتە ماڵی خودا، وەك هەندێك لە حاجییەکان دەیکەن، حەزیش ناکات نیشانەیەکی ڕەش لەسەر ناوچەوانمان دابنێین تا خەڵك بزانێت چەندە سوجدەمان بردووە، هەروەها نیشانەی دیار دانەنێین کە ئاستی دینداریمان دەر بخات، هەموو ئەمانە پێچەوانەی ئەو دیندارییە دروستەیە کە خودا لێتی دەوێت، بەڵکو ئەمە ریاییەکی ڕوونە، دینداری سەلامەتیی دڵەکانمان و پاکی ڕوحەکانمان و جوانیی ناخمانە، خوای گەورە دەفەرموێت:(یوم لا ینفع مال ولا بنون إلا من أتى الله بقلب سلیم)، واتا ئەو ڕۆژە سامان و منداڵ هیچ سوودیان نییە، تەنیا ئەوانە نەبێت بە دڵێکی ساغڵمەوە هاتوون.

پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: (ألا وإن في الجسد مضغة إذا صلحت صلح الجسد كله، وإذا فسدت فسد الجسد كله، إلا وهي القلب) واتا: بەڕاستی پارچە گۆشتێك لە جەستەدا هەیە کە ئەگەر چاك بوو هەموو جەستە چاك دەبێت، ئەگەر خراپیش بوو، ئەوا هەموو جەستە خراپ دەبێت، ئەویش دڵە، هەروەها فەرموویەتی:(إن الله لا ینظر إلى أجسامكم ولا إلى صوركم ولكن ینظر إلى قلوبكم)، واتا: خودا سەیری جەستە و شێوەتان ناکات، بەڵکو سەیری دڵەکانتان دەکات.

بڕواداری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە دڵێکی خاڵیی هەبێت لە ئیرەیی و قرچۆکی و ڕق و کینە و لووتبەرزی و بە خۆسەرسامبوون و ڕیایی و درۆ و دووڕوویی و گەندەڵی و فێڵ و ساختەکاری و خراپەکاری و قسە و قسەڵۆك و پاشملە و ڕق و کینە، چەند کەسمان بینی لە ڕواڵەتدا باوەڕدارێکی شێوەییە و لە ناخەوەش کەم ڕەوشتە، هەر بۆیە عومەر کوڕی خەتتاب فەرموویەتی:(لا تنظروا إلى صیام أحد ولا صلاته، ولكن انظروا إلى صدق حدیثه إذا حدث، وأمانته إذا أؤتمن) واتا: سەیری ڕۆژوو و نوێژی کەسێك مەکە، بەڵکو سەیری ڕاستگۆیی قسەکانی و دەستپاکییەکەی بکە، ئیبراهیم کوڕی ئەدهەم دەڵێت: «با خواردنەکەت پاك بێت، پێویست ناکات شەونوێژ بکەیت و بە ڕۆژووش بیت»،مەبەستی ڕۆژووی سوننەتە،

**خودا تەقوای شاردراوە و دینداریی شاراوەی خۆش دەوێت و ئەوەشی خۆش دەوێت کە چاکە بە دەستی ڕاستەمان بکەین تا دەستی چەپ پێی نەزانێت**

بەڵکو گەورە فەیلەسوفی سۆفی، ئیبن عەرەبی ئەندەلوسی هەموو ئایینی لە یەك ڕەوشتدا قەتیس کردووە، ئەویش ڕێزگرتنە، کاتێك گوتی: «لە ئایینەوە ناگەیتە هیچ شتێك تا ڕێز لە هەموو دروستکراوەکان نەگریت»، ئەم ڕێزگرتنە تەنیا باوەڕداران ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو خەڵك دەگرێتەوە، چونکە بنەمای ژیانێکی تەندروست لە چەسپاندنی ڕێزدایە لە نێوان مرۆڤەکاندا، لە هەموو ماڵێکدا و، لە هەموو خێزانێکدا و، لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا و لە هەموو دەوڵەتێکیشدا، بەڵکو ڕێزگرتن بنەمای پەیوەندییەکانی نێوان دەوڵەتان و گەلانە، ئەگەر ئەوە نەبێت، شەڕ هەڵدەگیرسێت و یاسا پێشێل دەکرێت و پەیوەندییەکان تێك دەچن.

**جێگەی داخە کە دینداریمان بۆ خەڵک بووە و، ڕەوشتیشمان بۆ خۆمانە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە هەموو جیهانی ئیسلامی بەدەست کێشەی ڕەوشتەوە دەناڵێنێت**

ئیبن قەییم ئەلجەوزییە پێی وایە کاتێك ڕەوشتی پیاو لە دینداریيەکەی باشتر بێت، ئەوا لەو کەسە باشترە کە دینداریيەکەی لە ڕەوشتەکەی باشترە، لێرەدا باس لە بڕواداران دەکەین، چونکە ڕەوشتباشی بەڵگەی دروستی و سەلامەتیی دینداریيە، خراپیی ڕەوشت بەڵگەی هەبوونی کەماسییە لە دینداریيەکەیدا، ئەگەر دینداریيەکەی گەندەڵ یان ساختە یان دووڕوویی نەبێت. ئیبن قەییم ئەلجەوزییە دەڵێت: «ئایین هەمووی ڕەوشتە، ئەوەی لە ڕەوشتدا لەسەرەوەی تۆوە بێت لە ئایینیشدا هەر وایە»، لێرەدا ئیبن قەییم ئەلجەوزییە پشتی بە فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) بەستووە کاتێك فەرموویەتی: (إن الرجل ليدرك بحسن خُلُقه درجات قائم بالليل وصائم بالنهار) واتا: مرۆڤ بە ڕەوشتباشیی خۆی پلەکانی شەونوێژی لە شەودا و بەڕۆژووبوونی لە ڕۆژدا دەناسرێت»، بێگومان باشترین ئەو کەسانە ئەوانەن کە ڕەوشت و دینداریيەکەیان یەکسانن، هەروەکو پێغەمبەر(دخ) چاکترین ڕەوشت بەرزیی خەڵك بووە، هەروەها لە هەمووان زیاتر ديندار و لەخواترس بووە و، هاوەڵەکانیشی ئەم ڕێبازەیان گرتووە، سەبارەت بە کۆمەڵگەکانی ئێمە، هەموو ئادەمیزاد منداڵی خودان بە مانایەکی مەجازی نەك ڕاستەقینە، باشترینیان ئەو کەسەیە کە بە باشی مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیدا دەکات، واتە لەگەڵ دروستکراوەکەی بە ڕەوشتی باشیەوە، ئەو کەسەی ڕەوشتی خراپە زیان بە منداڵەکانی خودا دەگەیەنێت، چونکە پەیوەندییەکی خراپی لەگەڵ خەڵکدا هەیە، لەکاتێکدا ئەوەی خاوەن ڕەوشتی باشە، ئەگەر دینداریش نەبێت زیان بە خەڵك ناگەیەنێت، بەڵکو لای ئەوان لە یەکەمیان خۆشەویستترە، هەرکەسێکیش ڕەوشتی لەگەڵ خەڵکدا خراپ بێت، ڕەوشتیشی لەگەڵ پەروەردگارەکەیشیدا خراپ دەبێت، پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی (أحب الناس إلى الله أنفعهم للناس)، واتا «خۆشەویستترینی خەڵك لای خودا ئەوانەن کە سوودیان بۆ خەڵك هەیە»، کاتێك ئەبوبەکر سدیق قسەیەکی بە هەندێك لەو کۆچبەرانە گوت کە گازەندە بوو، پێغەمبەر پێی فەرموو: (لئن كنت أغضبتهم فقد أغضبتَ ربك) واتا «ئەگەر تۆ توڕەت کردوون ئەوا پەروەردگارت تووڕە کردووە»، خودای گەورەش سەرەتا سوپاسگوزاریی خۆی بەستووەتەوە بە سوپاسکردنی خەڵك، وەك پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی: (لا يشكر الله من لا يشكر الناس) واتا «سوپاسی خوا ناکات ئەو کەسەی کە سوپاسی خەڵك نەکات»، چونکە خەڵك منداڵی خودان، بۆیە سوپاسکردنیان لە سوپاسگوزاریی خودای گەورەوەیە و، زیانگەیاندنیش بەوان لە زیانگەیاندن بە خوداوەیە، بۆ ئەوەی بیرۆکەکە زیاتر نزیك بکەینەوە، خاوەنی خێزان دڵخۆش دەبێت بەو کەسانەی کە سوپاسی ئەندامانی خێزانەکەی دەکەن و، توڕەش دەبێت لەوانەی کە زیان بە ئەندامانی خێزانەکەی دەگەیەنن، بەرزترین نموونەش بۆ خوایە، سەبارەت بە دینداریيەکەی ئەوا ڕۆژی دوایی دەگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگارەکەی، هەر ئەویش خاوەنی ڕۆژی دواییە.

**ئیسلامی سیاسی ئایینی کردە پەیوەندییەکی ئاشکرا و تایبەت لە نێوان ئەوان و خودا، دواتر لە ڕێگەی ئەوانەوە بە تەنیا بە بێ شەریک پەیوەندییەکی پەراوێزئاسا لە نێوان تۆ و خودادا دروست دەکەن**

بناغەی کۆمەڵگەکان لەسەر ڕەوشتی باش دامەزراوە و، کاتێکیش خودا ستایشی پێغەمبەرەکەی (د.خ) کرد، فەرمووی: (وإنك لعلى خُلُق عظيم) واتا «تۆ خاوەنی ڕەوشتێکی بەرزیت» و نەیگوت کە تۆ خاوەن دینداریيەکی گەورە و تەقوایەکی گەورەیت، پێغەمبەریش پەیامەکەی لە یەك وشەدا بەرجەستە کرد کاتێك گوتی: (إنما بعثت لأتمم مكارم الأخلاق) واتا «بۆ ئەوە نێردراوم تا ڕەوشتە بەرزەکان تەواو بکەم»، چونکە دینداریيەکەت بۆ خۆتە، ڕەوشتیشیت بۆ خەڵکە، بە ڕاستی جێگەی داخە کە دینداریمان بۆ خەڵك بووە و، ڕەوشتیشمان بۆ خۆمانە، هەر

**ئەو کەسەی بە تەنیا دینداری دەکات ئایین پیادە دەکات، ئەوەشی بانگەواز بۆ کەسانی دیکە دەکات تا دیندار بن سیاسەت دەکات**

لەبەر ئەم هۆکارەیە هەموو جیهانی ئیسلامی بەدەست کێشەی ڕەوشتەوە دەناڵێنێت، محەمەد عەبدە زانای میسری دەڵێت: «من لە ئەورووپا موسڵمانانم بەبێ ئیسلام بینی، کەچی لە وڵاتەکەم ئیسلامم بەبێ موسڵمانان بینی».

ئەمە قەناعەتی منە بۆ تێگەیشتنی ئەم پەیوەندییەی نێوان ئایین و ڕەوشت، هەروەها پێویستە ئاماژە بۆ تێگەیشتنی ئیسلامی سیاسی بۆ ئەم پەیوەندییە بکەین، کە دەبینین ئیسلامی سیاسی ئایینی کردە پەیوەندییەکی ئاشکرا و تایبەت لە نێوان ئەوان و خودا، دواتر لە ڕێگەی ئەوانەوە بە تەنیا بە بێ شەریك پەیوەندییەکی پەراوێزئاسا لە نێوان تۆ و خودادا دروست دەکەن، چونکە خۆیان وەك بریکاری خودا لەسەر زەوی و جێنشینەکانی و واژۆکەر بە ناوی خودا نیشان دەدەن، بۆیە هەر چۆن بیت ناتوانیت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان خۆت و خودادا دروست بکەیت، بەڵکو دەبێت هەموو ئەمانە لە ڕێگەی ئەوانەوە بێت، ئەوان فێرت دەکەن چۆن نوێژ بکەیت و ڕۆژوو بگریت و حەج بکەیت و زەکات بدەیت و ببەخشیت و مامەڵە بکەیت، هەڵسوکەوت بکەیت، بخۆیت و بخۆیتەوە و لەبەر بکەیت، پەیوەست بە ژنانیش ئەوان فێریان دەکەن چۆن حیجاب لەبەر بکەن، چۆن بچنە دەرەوە و چۆن هاوسەرگیری بکەن و هاوسەرگیری لەگەڵ کێدا بکەن، چۆن بچنە مزگەوت و کەی بچن و گوێ لە کێ بگرن، سەیری چی و کێ بکەن لە کەناڵ و کۆڕەکاندا، ئەمە بەندایەتییەکی تەسکی حزبییە، ناکۆکە لەگەڵ بەندایەتیی سرووشتی و ئارەزوومەندانەدا کە بڕواداران بە ئازادییەکی تەواوی خۆیان پیادەی دەکەن، بۆیە هەر چەند دیندار و تەقوادار بیت، ئەوان دان بە دینداریيەکەتدا نانێن، هەرچەندە زاناش بیت ڕێگە نادەن ئەوانەی سەر بە خۆیانن گوێ لە موحازەرەکانت بگرن و، بەشداریی سیمینارەکانت بکەن و، کتێب و وتارەکانت بخوێننەوە، چونکە تۆ سە ربە ئەوان نیت. دەبێت هەموو شتێك بەواندا تێپەڕێت، چونکە ئەوان (بەپێی ئیدیعای خۆیان) کۆمەڵێك ڕزگارکراوی بەڵێندراون. لێرەدا، ئەوەی محەمەد عابد ئەلجابری بیر دێنمەوە کە گوتویەتی: «ئەو کەسەی بە تەنیا دینداری دەکات ئایین پیادە دەکات، ئەوەشی بانگەواز بۆ کەسانی دیکە دەکات تا دیندار بن سیاسەت دەکات»، دیاردەیەکی سەیریش لە کوردستاندا تەشەنەی کردووە، کە نامۆیە لە کۆمەڵگەی ئێمە و لەلایەن ئیسلامییەکانەوە سەری هەڵداوە، بە شێوەیەك بانگخوازی ژن و پیاو زۆربوون کە موحازەرە لە هۆڵەکان و گۆڕەپانەکان و لە کەناڵەکاندا پێشکەش دەکەن، فەتوای ئامادەکراو و هاوردە دەردەکەن، ئەوانە باش شارەزای زانستە ئایینییەکان نین، بەڵام زۆربەیان دەرچووی کۆلێژە نا ئایینییەکانن، ڕەنگە دیارترینیان یەکپۆشیی بەرگ و سەرپۆش بێت بۆ کچان، من دژی سەرپۆش نیم و لە ماڵباتێکی دیندارم، بەڵام بانگەواز بۆ سەرپۆش بەم شێوەیە ئیسلامی سیاسی دینداری نییە، بەڵکو قۆستنەوەی ئایینە بۆ مەرامگەلی سیاسی، ئەمەش ئەوەم بیر دەهێنێتەوە کە ئیخوان موسلمین لە ئیسماعیلییە ساڵی ١٩٢٨ هەڵسوکەوتیان دەکرد، کاتێ شکستیان هێنا لە گۆڕینی سرووشتی کۆمەڵگەی کراوەی میسردا، ئەو ئیسلامییانە لە گۆڕینی سرووشتی کۆمەڵگەی کوردستانیش شکست دەهێنن، چونکە خەڵکی کوردستان کۆمەڵگەیەکە ئایینی خۆشدەوێت، ئێوە لە کوێ بوون کاتێك زانا گەورەکانمان فێری ئایینەکەمانیان دەکردین، پیر و گەنج و ژنانیشمان بە شێوەیەکی سرووشتی پەرستشی خۆیان پیادە دەکرد، کە هیچ زەحمەتی و خۆدەرخستن و ڕیایی و دووڕوویی و سیاسەتێکی تێدا نەبوو، وەك ئەوەی ئێوە پێتان وایە بەم ستایلەتان خەڵك لە تاریکی بۆ ڕووناکی دەردەهێنن، یان لە کوفرەوە بۆ ئیسلام، ئەو شێوازە ئیخوانییانە لە کوردستان سەرکەوتن وەدی ناهێنن، ئەگەر ئیخوان موسلیمین نەبووایە موسڵمانەکان وەك برا دەبوون، ئەگەر ئیسلامییەکانی کوردستانیش نەبوونایە، خەڵکەکە زیاتر دیندار دەبوون، بەڵام بەهۆی شێوازی گومڕایی میدیایی و گوتارەکانی ڕەتکردنەوەی یەکتر، هەروەها عەقڵییەتی پڕ لە ڕق و کینە لە بەرامبەر ئەوی دیکە و، بیرکردنەوەی دژ بە ئینتیمای نیشتمانی، خەڵك دەرك بە ڕاستیی ئەوان دەکات، چونکە ئایین بۆ مەرامە سیاسییەکان دەقۆزنەوە.

**من دژی سەرپۆش نیم و لە ماڵباتێکی دیندارم، بەڵام بانگەواز بۆ سەرپۆش بەم شێوەیە ئیسلامی سیاسی دینداری نییە، بەڵکو قۆستنەوەی ئایینە بۆ مەرامگەلی سیاسی**

**ئەگەر ئیخوان موسلیمین نەبووایە موسڵمانەکان وەک برا دەبوون، ئەگەر ئیسلامییەکانی کوردستانیش نەبوونایە، خەڵکەکە زیاتر دیندار دەبوون**



د. هونەر ئەحمەد بۆ گوڵان:

# زیرەکیی دەستکرد شۆڕشێکی جیهانییە و دەبێت ئێمەش خۆمانی بۆ ئامادە بکەین

**جیهان پێشکەوتنێکی سەرسوڕهێنەر و گۆڕانکارییەکی گەورە بە خۆیەوە دەبینێت و، زۆر کەس بە شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی ناوی دەبەن، بگرە لەمە زیاترە، زیرەکیی دەستکرد دوا داهێنانە و لە ئێستادا خراوەتە بەر دەستی مرۆڤایەتی و لە ئاستێکی بەرزدا وەڵامی زانستەکان دەداتەوە، ئەم پێشکەوتنە پڕۆگرامێکی کۆمپیوتەرییە، خۆی فێر دەبێت و هاوشێوەی مرۆڤ ڕەفتار دەکات و بیر دەکاتەوە و بە شێوەیەکی زۆر خێرا هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێت، بەم شێوەیە پڕۆگرامێکی کۆمپیوتەرییە و لێکدانەوە و توانای هەیە لە وەرگێڕانی زمان و شیکاریی بازاڕی پشکەکان دەکات و، یارمەتی دەستنیشانکردنی جۆر و بارودۆخی نەخۆش و وەڵامی پرسیار و شیکارە قورسەکان دەداتەوە، پێویستە ئێمەش لەم پێشکەوتنە نوێیە دانەبڕێین و سوودی لێ وەربگرین. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بوارە زانستییە نوێیە و ئەم پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرەی کە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەردەکەوێت و وەرچەرخانێك دروست دەکات، گۆڤاری گوڵان چەند پرسیاری ئاراستەی دکتۆر هونەر ئەحمەد پسپۆڕ لە زانستەکانی مێشك و دەمار کرد، کە لە زانکۆی کامبریدج لە بەریتانیا خوێندوویەتی و توێژینەوەی لەسەر زیرەکیی دەستکرد هەیە، هەر وەکو خۆی دەڵێت داهێنانەکە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ بەشەکانی زانستی مێشك و دەماغی مرۆڤەوە هەیە و توانای بەشەکانی خەزنکردن و بیرکردنەوە و داهێنان لە مێشکدا تێدەپەڕێنێت.**

*** با لە سەرەتادا لە توێژینەوەکەتەوە دەست پێ بکەین، کە تێیدا زیرەکیی دەستکردت بە (دواداهێنانی مرۆڤایەتی) وەسف کردووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە خۆت کە پزیشکێکی مێشك و دەماریت چۆن ڕووت لەم زانستەی (زیرەکیی دەستکرد) کردووە و ئایا پەیوەندییەکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە؟**


- «زیرەکیی دەستکرد» لەگەڵ «هۆشمەندیی مرۆڤ» بەشێکی توێژینەوەکانم بوو، وێڕای جیاوازییەکانی ئەم دوو بوارە، بەڵام لایەنی هاوبەشیان زۆرە، خۆ دوا جار ئەگەر لایەنی بایۆلۆژی و زانستی مێشك نەزانین، لە کارکردنی زیرەکیی دەستکرد شارەزا نابین، ئەو زانستە بە شێوەیەك پێش کەوتووە کە چەندین بەشی دەماغی مرۆڤی بەجێ هێشتووە، زیرەکیی دەستکرد بە یەکێك لە داهێنانە گەورەکانی مرۆڤایەتی دادەنرێت و پێشکەوتنێکی زۆر سەرسوڕهێنەرە، تەنانەت وا پێشبینی دەکرێت ئەم داهێنانە ببێتە هۆکاری چارەسەری زۆربەی ئەو کێشە و گرفتانەی کە مرۆڤ بەدەستییەوە گرفتار بووە، وەك: ئەو نەخۆشییانەی چارەسەریان نییە، یان ئەو کێشانەی لە دەرەوەی توانای مرۆڤن و تەنانەت پێشبینی و پێشهاتەکانیشمان بۆ دەکات، ئەمەش بۆ خۆدوورخستنەوە لە قەیرانەکان و تەنانەت بەڕێوەبردنی قەیرانەکان زۆر پێویستە و بەشەرییەت بە قۆناغی زۆر خێرادا دەچێتە پێشەوە، وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان سەرقاڵی گرنگیدانن بەم داهێنانە، چونکە دەزانن بەهۆی ئەم داهێنانەوە لە داهاتوو دەبنە پێشەنگی وڵاتان، من خاوەنی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرام لە بواری زانستی مێشك و دەماغ و دەمار، بەڵام لەم بوارەدا سەرقاڵی توێژینەوە و پەرەپێدانی تواناکانم دەست پێ کردووە، چونکە باش دەزانم زیرەکیی و هۆشمەندیی دەستکرد، چ وەرچەرخانێك لە زانستی پزیشکی و سەرجەم زانستەکاندا دروست دەکات، زیرەکیی دەستکرد بۆ سەرجەم زانستەکان زەرورە، بەڵام بۆ بواری پزیشکی زۆر گرنگە و سەدان ساڵە مرۆڤایەتی خەون بەم وەرچەرخانەوە دەبینێت، زیرەکیی دەستکرد تا دوێنێ جۆرێك بووە لە خەیاڵ و ئەمڕۆ بووەتە واقیع، چاوەڕوانیش دەکرێت هەموو داهێنانەکانی داهاتوو لە ڕێگەی یان بە هاوکاریی زیرەکیی دەستکرد بچێتە پێشەوە و بەڕێوە ببرێت.

*** ئایا هیچ پێوەرێك هەیە بۆ خێرایی پێشکەوتن و پەرەپێدانی ئەم زانستە، چونکە زۆربەی زانستەکان و پێشکەوتنەکان بەستراوەتەوە بە قۆناغێکی مێژوویی لە تەمەنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە؟**

- ئەم پرسیارە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە زیرەکیی دەستکرد چەند خێرا گەشە دەکات، بەڵگەش بۆ ئەمە، با بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی شارستانییەت و

**زیرەکیی دەستکرد دوا داهێنانە و لە ئێستادا خراوەتە بەر دەستی مرۆڤایەتی و لە ئاستێکی بەرزدا وەڵامی زانستەکان دەداتەوە**

**وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان سەرقاڵی گرنگیدانن بەم داهێنانە، چونکە دەزانن بەهۆی ئەم داهێنانەوە لە داهاتوو دەبنە پێشەنگی وڵاتان**




**زیرەكیی دەستكرد بۆ سەرجەم زانستەكان زەرووره، بەڵام بۆ بواری پزیشكی زۆر گرنگە و سەدان ساڵە مرۆڤایەتی خەون بەم وەرچەرخانەوە دەبینێت**

**پێویستیمان بە ڕێگەچارەسەرێكە بۆ ئەوەی كێشە ئاڵۆزەكان كە لە دەرەوەی سنووری مێشك و دەسەڵاتی مرۆڤ و تەنانەت نووسین و میتۆدی زانستییە تێپەڕێنین، كە ئەویش زیرەكیی دەستكردە**

**پرۆسەكە زۆر خێرا بەڕێوە دەچێت و تەنانەت كۆمەڵگە پێشكەوتووەكانی ئەمریكا و چین و ئیسرائیلیش خۆیان بۆ حازر نەكردووە و چاوەڕوانی ئەو خێراییەیان لێ نەدەكرد كە لە ماوەی تەنیا ساڵێكدا وا پێشكەوتووە**

پێشكەوتنی مرۆڤایەتی كە خۆی لە ١٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا دەبینێتەوە، ئەمە لە كاتێكدا سەرەتای مرۆڤایەتی مێژووەكەی ٢٠٠ هەزار ساڵە، زۆربەی داهێنانەكانی مرۆڤایەتی مێژووەكەی لەم ٣٠٠ ساڵەی دواییدا بووە، هیچ شارستانییەتێكیش پێش سەرهەڵدانی نووسین دروست نەبووە و نووسین بە داهێنانی وەرچەرخان ناو دەبرێت، چونكە هاوكاری مێشكی مرۆڤ بوو، بۆ هەڵگرتنی زانیاری و توێژینەوە و دەركەوتنی بیردۆزەكان، با ڕوونتر بۆتان باس بكەم، لە ناو مێشكی مرۆڤدا بەشێك هەیە پێی دەگوترێت (یادكردنەوەی كارا — زەینی مرۆڤ) ئەمەش وەكو ڕامی كۆمپیوتەرە و زانیارییە ئەكتیڤ و نوێیەكان خەزن دەكات، بەڵام توانای ئەم بەشەی مێشك لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دیكە دەگۆڕێت و خۆی هەر لە ئەسڵدا توانای سنووردارە، دووەم داهێنان لە ناو كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بریتی بووە لە میتۆدی زانستی كە نزیكەی ٣٠٠ ساڵ پێش ئێستا ڕووی داوە، بە واتایەكی دیكە (توانای نووسین و میتۆدی زانستی) پێكەوە وایان كرد كە مێژووی مرۆڤایەتی وەرچەرخانێكی گەورە بەخۆیەوە ببینێت، لە ئێستاشدا پێویستیمان بە ڕێگەچارەسەرێكە بۆ ئەوەی كێشە ئاڵۆزەكان كە لە دەرەوەی سنووری مێشك و دەسەڵاتی مرۆڤ و تەنانەت نووسین و میتۆدی زانستییە تێپەڕێنین، كە ئەویش زیرەكیی دەستكردە، كە ئامرازێكە چاوەڕوان دەكرێت پێشكەوتنی مرۆڤایەتی زۆر خێراتر بكات، ئەم زیرەكیی دەستكردەش بە واتای زیرەكیی مێشكی مرۆڤ نایەت، چونكە مێشكی مرۆڤ زۆر شتی دیكە ئەنجام دەدات، ئێمە لێرەدا تەنیا مەبەستمانە هاوكاریی ئەو بەشەی مێشك بكات كە توانای داهێنان و بیركردنەوە و پێشكەوتنی هەیە، خۆی پرۆسەكە زۆر خێرا بەڕێوە دەچێت و تەنانەت كۆمەڵگە پێشكەوتووەكانی ئەمریكا و چین و ئیسرائیلیش خۆیان بۆ حازر نەكردووە و چاوەڕوانی ئەو خێراییەیان لێ نەدەكرد كە لە ماوەی تەنیا ساڵێكدا وا پێشكەوتووە.

*** ئێمە وەكو هەرێمی كوردستان لە كوێی ئەو داهێنانە گەورەیەی مرۆڤایەتیداین؟ بە واتایەكی دیكە ئایا چی بكرێت بۆ ئەوەی لانی كەم لەم زانستە بێ ئاگا نەبین؟**

- هەرچەندە لێرە و لەوێ لەسەر زیرەكیی دەستكرد بە توێژینەوە باس دەكرێت، یان زۆرجار بەكار دەهێنرێت، بەڵام بەداخەوە ئێمە بە خۆشمەوە، زۆر بێ ئاگاین لێی و لە سەرەتاداین، ئەمە لە كاتێكدا وڵاتە پێشكەوتووەكانی دونیا و گەورە كۆمپانیاكانیان بە ملیۆنها دۆلار لە پێناو لێكۆڵینەوە و پێشخستنی ئەم زانستەدا خەرج دەكەن، ئەگەر ڕیزبەندی وڵاتان سەیر بكەین، دەبینین ئەم نۆ وڵاتە لە ڕیزبەندی پێشەوە دێن كە بریتین لە (ئەمریكا، چین، ئیسرائیل، فەرەنسا، سەنگاپورا، ئەڵمانیا، سوید و هیندستان) ئەم وڵاتانە بە ملیۆنان دۆلار بۆ قۆرخكاری و




بەدەستهێنانی ئەم زانستە خەرج دەکەن، هەروەکو چۆن لە تەکنەلۆژیا و زانستی دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمیدا بوونەتە پێشەنگ و کۆنترۆڵی جیهانیان کردووە، بە هەمان شێوە ئەمە زانستێکی گەورە و مەترسیداریشە، ئێمە کاتێك ئەم دیدارە ئەنجام دەدەین، زیرەکیی دەستکرد بە توانایەکی زۆر سەرسوڕهێنەرەوە ئێمە بە جێ دەهێڵێت، زیرەکیی دەستکرد توانای گشتاندنی زۆر بووە و دەرخەری زیاتر بووە و بە خێرایی وەڵامی پرسیارەکان و شیکارییەکانیش دەداتەوە، با خۆمان بۆ پێشبینی و ئاراستەکردنی مرۆڤایەتیش ئامادە بکەین، کە داهێنانی گەورەمان بۆ دەهێنێت. ئێمە هەر وەکو تەکنەلۆژیاکانی دیکەی ئەنتەرنێت و فەیسبووك و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زۆر زانستی دیکە بەکارهێنەرین، لەکاتێکدا زیرەکیی دەستکرد لە ناو کۆمپیوتەر و لاپتۆپ و مۆبایلە زیرەکەکانماندا دەتوانێت ئەپڵیکەیشنیش دابەزێنین و سوودی لێ وەربگرین، بەڵام بە هاوشێوەی مێشکێکی قەبارە بچووك، بە واتایەکی دیکە ئەگەر بمانەوێت زیرەکیی دەستکردی گەورە دروست بکەین، ئەوا پێویستیمان بە دامەزراوە و کۆمپیوتەری بەتوانا و قەبارەی زۆر گەورە دەبێت.

**ئەگەر بمانەوێت زیرەکیی دەستکردی گەورە دروست بکەین، ئەوا پێویستیمان بە دامەزراوە و کۆمپیوتەری بەتوانا و قەبارەی زۆر گەورە دەبێت**

*** پێشنیاز و بۆچوونت بۆ گرنگیدان بە زیرەکیی دەستکرد لە هەرێمی کوردستاندا چییە؟**

- زیرەکیی دەستکرد دوا داهێنانی مرۆڤایەتییە و لە سەرەتای ڕێگەدایە، بەڵام زۆر خێرا بەرەوپێشەوە دەچێت و گۆڕانکاریی گەورەتر و سەرسوڕهێنەرتری لێ دەکەوێتەوە. چاوەڕوان دەکرێت تواناکانی تەنیا بۆ دۆزینەوە و وەڵامدانەوە نەبێت، بەڵکو توانای دروستکردنی پەیوەندیی قووڵ و بێسنووری هەبێت، زۆر پێویستە لە زانکۆ و پرۆگرامەکان و قوتابخانەکان و ناوەندە پزیشکی و سەنتەرەکان و گەورە کۆمپانیاکان و تەنانەت دامەزراوەکانی حکومەت، بەشی ئای تی و کۆمپیوتەر و زانیارییەکان لە ڕێگەی خولی ڕاهێنان و پەرەپێدانی توانای مرۆییەوە پێش بخرێت، تاوەکو لانی کەم بۆ ئەوەی ئەگەر پێشەنگیش نین، بەڵام بێ ئاگا نەبین لە زانستی زیرەکیی دەستکرد، تەنانەت دەبێت ئاگاداری لایەنی خراپیشی بین، بۆ نموونە: ئەم زیرەکیی دەستکردە دەتوانێت بە ڤیدیۆ و دەنگ و ڕەنگی هاوشێوەی ڕاستەقینە هەواڵێکت بۆ دروست بکات، کە ڕاستیی تێدا نییە و تەنانەت بێتە ناو کۆمپیوتەر و لاپتۆپ و ئامێرەکانی بەردەستت و بیرکردنەوەت بزانێت و هاوشێوەی ویست و بۆچوونی تۆ وەڵامت بداتەوە و بگرە مەترسی هەیە گەمە بە نرخەکانی بۆرسە و بازاڕە دارایییەکانیشەوە بکات، ئێمە لە بەردەم تەکنەلۆژیایەکی نوێداین کە بە شێوەیەکی زۆر خێرا لەدایکبووە و گەورە دەبێت، کەچی تا ئێستا لە قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی و زانکۆدا شارەزاییمان لە تەکنەلۆژیا و دروستکردنی ئەپڵیکەیشن و سۆفت وێرەکاندا نییە و هەر بەکارهێنەرین، بۆیە زیرەکیی دەستکرد شۆڕشێکە دەبێت خۆمانی بۆ ئامادە بکەین .

**زیرەکیی دەستکرد دوا داهێنانی مرۆڤایەتییە و لە سەرەتای ڕێگەدایە، بەڵام زۆر خێرا بەرەوپێشەوە دەچێت و گۆڕانکاریی گەورەتر و سەرسوڕهێنەرتری لێ دەکەوێتەوە**

**ئەم زیرەکیی دەستکردە دەتوانێت بە ڤیدیۆ و دەنگ و ڕەنگی هاوشێوەی ڕاستەقینە هەواڵێکت بۆ دروست بکات، کە ڕاستیی تێدا نییە و تەنانەت بێتە ناو کۆمپیوتەر و لاپتۆپ و ئامێرەکانی بەردەستت و بیرکردنەوەت بزانێت**

# لەیلا قاسم سیمبولی شۆڕشگێڕیی ئافرەتی کورد

ئافرەتانی کوردستان بە درێژایی مێژوو بەشدارێکی سەرەکی و کاریگەری بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بوون، لەو چوارچێوەیەشدا، ئافرەتانێك هەبوون کە بوون بە هێما و سیمبولی ئەو بەشدارییە. لەیلا قاسم تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ و یەکەم ئافرەتی کوردە کە لەسەر چالاکیی سیاسی بۆ ڕزگاریی کوردستان، لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە سێدارە دراوە، ئەوەش لاپەڕەکانی مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمانی بە ڕۆڵ و بەشداریی ئافرەت خەملاندووە و بووە بە پێشەنگ بۆ سەرجەم تێکۆشەرانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان و نموونەی باڵا بۆ ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتانی دیکە کە ڕێچکە و ڕێبازی ئەویان بۆ کوردایەتی گرتووەتە بەر. تێکۆشانی لەیلا قاسم و ئەو فیداکاری و ئازایەتییەی کە بەرجەستەی کرد لە سەرپەرشتیکردنی چالاکیی سیاسی دژ بە دەسەڵاتێکی ستەمکار، زیندانیکردن و ئەشکەنجەدانی دڕندانە، سازش نەکردن و ڕەتکردنەوەی داواکاری بۆ لێخۆشبوون، دەستگرتن بە بیروباوەڕی کوردایەتی و لەدەستنەدانی هیوا بە ئایندەی نەتەوەکەی؛ خۆی لە خۆیدا نیشاندەری ڕەهەندی جیاجیایە لە کەسایەتیی لەیلا قاسم وەك کچێکی کورد کە بڕوای تەواوی بە مافی ئازادی بۆ گەلەکەی و ڕەوایەتی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەی بە سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان هەبووە، لەو پێناوەشدا ژیانی خۆی خستووەتە بەر مەترسیی ڕژێمێکی دیکتاتۆر و داهێنەر لە بەرجەستەکردنی شێوازەکانی ستەم و ئەشکەنجەدان، لەو پێناوەشدا بەشێوەی کرداری ئازایەتی بەرجەستە کردووە، هەر لە ئەنجامدانی چالاکییە سیاسییەکان هەروەها لە هەڵگرتنی ئازارەکانی زیندان و ئەشکەنجە تا کۆتا پلەی ئەشکەنجەدان، کە لەسێدارەدانە.

لایەنێکی دیکەی ئازایەتی و ڕۆحی ئازادیخوازیی لەیلا قاسم و مانا بەخشی قوربانیدانەکەی، بەرەنگاریی بیری باوی کۆمەڵایەتییە، وەك دیارە کە بیری باو لەو سەردەمەدا ڕێگر بووە لەوەی ئافرەت بەشداری لە بواری گشتی بە تایبەتیش بواری سیاسی بکات، کە هەمووومان دەزانین چۆن بوارێکی سیاسی لە ئارادا بووە و سیاسەت بۆ نەتەوەی کورد بریتی بووە لە بەرەنگاریی و خەبات دژ بە ڕژێمە هەرە ستەمکارەکان، هاوکات خەڵکی بڕوایان بە توانای ئافرەت نەبووە و تەنیا ماڵ و چوارچێوەی خێزانیان بە شوێنی نواندنی ڕۆڵ و سەلماندنی توانای ئافرەت زانیوە.

لەوێدا، لەیلا قاسم دێت و بەرەنگاری هەر دوو بارەکە دەبێتەوە و دیسەلمێنێت کە هەموو شوێنێك و هەموو بوارێك و گۆڕەپانێك هی ئافرەتیشە و ئافرەت دەتوانێت ببێتە پێشەنگ و نموونەی درەوشاوەی ئازایەتی و قوربانیدان بۆ تەواوی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیەك و عەرشی دەسەڵاتێکی ستەمکار بهێنێتە هەژان.

**ئافرەتانی کوردستان بە درێژایی مێژوو بەشدارێکی سەرەکی و کاریگەری بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بوون**

**لەیلا قاسم لە زیندانیشدا چەندین وانەی ئازادیخوازی و پابەندی بە بەها نەتەوەیییەکانی لای مرۆڤی کورد دەرخواردی دەسەڵاتی ستەمکاری بەعس داوە و لێخۆشبوونی ستەمکاریشی ڕەت کردووەتەوە**




د. ڤیان سلێمان

سکرتێری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان

لەیلا قاسم لە زیندانیشدا چەندین وانەی ئازادیخوازی و پابەندی بە بەها نەتەوەییەکانی لای مرۆڤی کورد دەرخواردی دەسەڵاتی ستەمکاری بەعس داوە و لێخۆشبوونی ستەمکاریشی ڕەت کردووەتەوە و بە بەرزترین پەیڤەکانی نەبەردی دەڵێت: «بە کوشتنی من هەزاران کورد هۆشیار دەبنەوە و خۆشحاڵم و سەربەرزم کە گیانم فیدای ڕێی ڕزگاری کوردستان دەکەم».

لەیلا قاسم لەم هەڵوێستەیدا هەموو ئەو بیروبۆچوونانە پووچەڵ دەکاتەوە، کە پێیان وایە، ئافرەت هەمان تواناى پیاوی نییە و چەمکەکانی ئازایەتی و نەترسی و بەهێزی بیر و جەستە تەنیا بە موڵکی پیاو دەزانن، ئەو وەری دەگرێتەوە و بەرگێکی مرۆڤانە بە بەریاندا دەکات و، دەیسەلمێنێت کە ئەو چەمکانە تایبەتمەندی هەر دوو توخمی مرۆڤن بەبێ جیاوازی، مرۆڤانێك کە لە پێناو بەها باڵاکانی ڕزگاری بەرەنگاری دڕندەترین ڕژێمەکان دەبنەوە و قوربانی بە خۆیان دەدەن و ژیانی خۆیان بە ئازادی نەتەوەکەیان دەبەخشن.

گەلی کوردستان سەدان و هەزاران نموونەی ئازایەتی و قوربانیدانی هەیە و، هەر یەکێك لەو قوربانی و نەبەردییانە دەکرێت فاکتەرێکی سەرەکی بن بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی هەر نەتەوەیەك، ئەوەی نەبەردییەکەی لەیلا قاسم زیاتر دەردەخات و دەیکاتە هێما، پێشەنگ و سەرمەشق، ئەوەیە کە لەیلا قاسم ئافرەتە و خەباتی شۆڕشگێڕی بۆ ئافرەت لە کۆمەڵگەیەکی هەڵکەوتە لە ناوچەیەکی نەریتپارێزدا ئەوپەڕی سەختە و تەنیا ئافرەتانێکی ئازای نموونەی لەیلا قاسم، دەتوانن ئەو بارە قورسە هەڵگرن. لە نموونەی لەیلا قاسمدا ڕۆحی باڵای ئافرەتی کورد کە قوربانی بە خۆی دەدات لە پێناو ژیان و ئازادی و شوناسی نەتەوەکەیدا بەرجەستە دەبێت و، مۆرکێکی هاوچەرخانە بە بزاڤی نەتەوەکەمان دەبەخشێت.

ئازایەتیی لەیلا قاسم و گەورەیی نەبەردییەکەی لە بیر و ڕوانگەی سەرۆك بارزانی ڕابەری نەتەوەیی نیشتمانیمان، ڕەنگی داوەتەوە و لە چەندین پەیامدا جەختی لێ کراوەتەوە، لە یەکێك لە گوتەکانی جەنابی سەرۆك بەم شێوەیە باس لە لەیلا قاسم دەکات: «لەیلا قاسم بەهۆی کوردبوون و ئازادیخوازی و بیروباوەڕییەوە گیانی خۆی فیدا کرد و شەهید کرا. لەیلا نموونەی بەرزی کچی کورد و مرۆڤی کوردە کە شەهیدبوونی وەك شانازییەك قبووڵ کرد و سەری بۆ دوژمن و جەللادەکان شۆڕ نەکرد و، مێژووی بۆ خۆی و گەلەکەی دروست کرد».

لەیلا قاسم بۆ ئێمە سیمبولە و ئەزموونی ژیان و تێکۆشان و مەرگی شکۆداری تێشووی خەبات و چرای ڕووناککردنەوەی ڕێی تێکۆشانمانە، بۆیە هەموو ساڵێك بە ڕێز و شکۆوە یادی دەکەینەوە.

**گەلی کوردستان سەدان و هەزاران نموونەی ئازایەتی و قوربانیدانی هەیە و، هەر یەکێك لەو قوربانی و نەبەردییانە دەکرێت فاکتەرێکی سەرەکی بن بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی هەر نەتەوەیەك**

**ئازایەتیی لەیلا قاسم و گەورەیی نەبەردییەکەی لە بیر و ڕوانگەی سەرۆك بارزانی ڕابەری نەتەوەیی نیشتمانیمان، ڕەنگی داوەتەوە و لە چەندین پەیامدا جەختی لێ کراوەتەوە**

## نەسرین یەحیا:

# چینی خاوەن پێداویستیی تایبەت پەراوێز خراون و، دەمەوێت ببمە دەنگێک بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان



نەسرین یەحیا ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری (ڕێکخراوی باوەش) بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و بەرپرسی کارگێڕیی (ڕێکخراوی هەدار) بۆ کارە مرۆیییەکان، مامۆستا لە کەرتی پەروەردە، ئەگەرچی ئافرەتێکی خاوەن پێداویستیی تایبەتە، بەڵام ئەوە ڕێگر نەبووە لە خۆپێگەیاندنی و لە تێکشکاندنی بەربەستەکانی بەردەمی سەرکەوتوو بووە، لەماڵەوە هاوسەرێکی سەرکەوتوو و دایکێکی پڕ ئەزموونە و لە دەرەوەی ماڵیش مامۆستایە و نەوەی داهاتوو لەسەر دەستەکانی پەروەردە دەکرێن. لەم دیمانەیەشدا باسی ژیانیی تایبەتیی خۆی بۆ گۆڤاری گوڵان دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

نەسرین یەحیا، ساڵی ١٩٩٢ لە قەڵادزێ لە دایك بووە و لە ئێستادا دانیشتووی شەقڵاوەیە و ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و دایکی دوو منداڵە و وەك خۆی باسی کرد، لە تەمەنی یەك ساڵی بە هۆی ڕووداوێکی نەخوازراو بە سەختی بریندار بووە و قاچی ڕاستی زیانی زۆری بەرکەوتووە، ١٢ نەشتەرگەریشی بۆ کراوە. ئەو خاتوونە بەم جۆرە باسی ژیانی خۆی دەکات: «قوناغەکانی خوێندنم بە زحمەتەت بڕی، بەڵام تا قۆناغی زانکۆشم بە سەرکەوتوویی بڕی. دوای خوێندنم ئەوەی کە زۆر شانازی پێوە دەکەم، پیشەکەمە کە وەکو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی باوەش بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و جێگری سەرۆکی هەمان ڕێکخراو و خاوەنی پرۆژەی سمبول بووم لە ڕێکخراوی ناوبراو، کارەکەش دابینکردنی دایبی بوو بۆ منداڵانی ئیفلیجی مێشك، هەروەها ماوەیەك وەکو ژمێریار کارم کردووە لە کارگەیەك و ماوەیەك مامۆستای فێرکاری شوفێری بووم بۆ ئافرەتان. وێڕای ئەوەی پیشەم مامۆستاییە لە پەروەردەی شەقڵاوە».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە خێزانەکەت تا چەند هاوکاری بوون و پشتیوانییان کردووی؟ گوتی: «زور سوپاسی دایك و باوکم و خوشك و براکانم دەکەم، بە ڕاستی لە هەموو قۆناغەکانی ژیانمدا زۆر هاوکارم بوون، هەمیشە پاڵپشتم بوون و قوربانییان بۆ پێگەیاندنم داوە، ئەوان جێگەی شانازیی منن».

سەبارەت بە ئامانجەکانیشی بۆ داهاتووی خۆی گوتی: «دەمەوێت زیاتر خزمەتی چینی خاوەن پێداویستیی تایبەت بکەم و بتوانم ببمە دەنگێك بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان، چونکە بە ڕاستی چینێکی پەراوێزخراون».

نەسرین یەحیا ڕای وایە: «هێزی ڕووبەڕووبوونەوە لەو کاتە سەرهەڵدەدات کە ئافرەت هاوسەر و دایکە و خاوەن کاری خۆیەتی و لە دەرەوەی ماڵیش کار دەکات، مرۆڤەکان بۆ ئەوەی بژین پێویستیان بە ڕۆیشتنێکی ئاسۆیی هەیە کە ئەویش بریتییە لە ڕۆتینەکانی ڕۆژانە، ئەم جۆرە ڕۆشتنە گرنگە بۆ ژیانکردن و مانەوە. ڕۆیشتنی دووەم بریتییە لە ڕۆیشتنی ستوونی، واتا بەرزبوونەوەی مرۆڤەکان و هەنگاونان بەرەو پێشەوە، کە ئەو شێوازەیان زۆر گرنگە بۆ گەشەپێدانی (خود) و گەورەبوونی جیهانی ناوەوەی خود. عاریفان بەو شێوەیە باسی دەکەن، کە مرۆڤ دەتوانێت دەریا بێت، چیا بێت، باخ و باخات و بۆنی خۆش و ڕووناکی بێت، دەتوانێت شتانێك ببینێت کە چاوی سەر ناتوانێت بیانبینێت، کە گوێی ئاسایی ناتوانێت بیانبیستێت، مرۆڤ بە ئەزموونکردن دەگاتە قۆناغەکانی گەورەبوونی جیهانی ناوەوەی، مرۆڤەکان کەمینەیەکیان گرنگی بە جیهانی ناخیان دەدەن، لە ژیانی دونیادا مرۆڤەکان پێویستییان بە هەر دوو شێوازی ڕۆیشتن هەیە، هەم بۆ مانەوە و هەم بۆ ئەوەی ترۆپك و سمبول و کاریگەر بن، بەتایبەت ئافرەت کە زۆر پێویستی بە ڕۆیشتنی ستوونی هەیە، چونکە ئافرەت دەبێتە دایك و پەروەردەکار بۆ ئەوەی جیهان لە هێزی لەبنەهاتووی ئافرەت و پەرشبوونی میهرەبانی بێبەش نەبێت.

دەبێت فێری ئەو گەشتە بین بەناو خۆماندا بۆ ئەوەی بگەین بە خۆمان و خۆمان بدۆزینەوە، ئەو بەهرە و هێزەی کە خودا گیان پێی بەخشیوین بیدۆزینەوە و ببینە ڕووناکی بۆ خۆمان، تاکو خۆمان ببینین و چواردەوری خۆمان ڕووناك بکەینەوە، لە کۆتاییدا خێزانێکی تۆکمە و کۆمەڵگەیەکی تەندروست لەدایك ببێت. بەڵام لە ڕۆیشتنی ستوونیدا پێویستمان بە زیرەکی و لێهاتوویی و هێزی بوێری و چاونەترسی هەیە، هەروەها گوێ داخستن لە بەرانبەر قسە نەرێنییەکانی کۆمەڵگە و چاوداخستن لە وێنە نەشیاوەکان. هەروەها لاساییکردنەوەی ئەو کارانەی کە سوودیان نییە و مومارەسەکردن بۆ گەورەبوونی خۆمان وەکو بیرکردنەوە کە خودای گەورە بە عیبادەت باسی دەکات، خوێندنەوەی کتێب و گوێگرتن لە کەسانی بەئەزموون و پەندوەرگرتن لە هەڵەکان. لە هەمان کاتدا بۆ ئەوەی بگەینە ئەو خاڵەی کە پێی دەگوترێت بەرزبوونەوە، پێویستمان بە بوونی (ئامانج)ـە، چونکە بەرزبوونەوە و ڕۆیشتن بۆ پێشەوە هیچ سوودێکمان پێ ناگەیەنێت، کە نەزانین بۆ کوێ دەڕۆین، چونکە ڕۆیشتنێکی بێ ئامانج ڕەنگە کۆتاییەکەی ونبوون بێت.

**ماوەیەک وەکو ژمێریار کارم کردووە لە کارگەیەک و ماوەیەک مامۆستای فێرکاری شوفێری بووم بۆ ئافرەتان**

**زور سوپاسی دایک و باوکم و خوشک و براکانم دەکەم، بە ڕاستی لە هەموو قۆناغەکانی ژیانمدا زۆر هاوکارم بوون**

**هێزی ڕووبەڕووبوونەوە لەو کاتە سەرهەڵدەدات کە ئافرەت هاوسەر و دایکە و خاوەن کاری خۆیەتی و لە دەرەوەی ماڵیش کار دەکات**

**ئافرەت دەبێتە دایک و پەروەردەکار بۆ ئەوەی جیهان لە هێزی لەبنەهاتووی ئافرەت و پەرشبوونی میهرەبانی بێبەش نەبێت**

ئەو کاتەی کە کات دابەش کرا، ئەو هێزەی کە مرۆڤەکان هەیانە دەتوانن بە گەڕی بخەن بۆ گەیشتن بە ئامانج و لەناوبردنی هەموو لایەنە نەرێنییەکانی دەوروبەر.

لەم ڕۆژگارە ماندووکەر و جەنجاڵەدا کە ژیان بە گشتی بۆ ئافرەت ئەستەمە، کە هاوسەردار و دایك و خاوەن کاری دەرەوەی بێت، زیاتر بۆ ئێمەی خاوەن پێداویستیی تایبەت، چونکە ئێمە کۆمەڵە ئازارێك دەچێژین کە کەسانی جەستەساغ نایچێژن، کە بەو هیوایەم هەموان ساغ و تەندروست باش بن.

من وەکو ئافرەتێکی خاوەن پێداویستیی تایبەت، کارەکانم بە هۆی دیاریکردنی ئامانجەکان و پلاندارێژی و ڕێکخستنی کاتەکانم، توانیومە تا ڕاددەیەکی باش سەرکەوتن بەدەست بێنم، بەتایبەت وەکو هاوسەر و دایکی دوو منداڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گرنگیدانم بە پیشەی مامۆستاییم وەکو پەروەردەکار و مامۆستایەك بۆ قوتابییەکانم. هیوادارم هەموو ئافرەتان ئامانجەکانیان ڕوون بێت، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ببنە سمبول و ترۆپکی خێزان و کۆمەڵگە».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە ئایا ڕەوشی پەروەردە لە قوتابخانەکاندا چۆن دەبینیت؟ ئەو خاتوونە گوتی: «ڕەوشی پەروەردە بە شێوەیەکی گشتی بەرەو لاوازی دەچێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك، لەوانە:

١. دایك و باوك

منداڵ پەڕەیەکی سپی و بێ تاوانە، بە دەستی دایکی و باوکیەتی کە چۆنی پەروەردە دەکەن. دەتوانم بڵێم پەروەردەکردن پرۆسەیەکە لەگەڵ سەردەم و گۆڕانکارییەکان، لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی دی و لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی دی دەگۆڕێت، هەروەها خودی کەسایەتیی دایك و باوکێك بۆ دایك و باوکێکی دی جیاوازە، ئەتەکێتی قسەکردن و توانای تێگەیاندنی دایك و باوکەکان بۆ منداڵەکان جیاوازە و ئەو جیاوازیانە منداڵی جیاواز بەرهەم دەهێنن، چونکە منداڵ تاکو تەمەنی پێنج ساڵی زۆربەی کردارەکانی لاساییکردنەوەن، ئەگەر توانای لاساییکردنەوەی نەبێت، ئەوا لە هزر و مێشکیدا دەمێنێتەوە، کەواتا هەتا بۆ ئەو تەمەنە نەڕۆیشتووە، دەبێت فریای منداڵەکانمان بکەوین و هەوڵ بدەین بەردەوام گۆڕانکاری بەرەو چاکەخوازی لە خۆماندا بکەین، تا بتوانین گۆڕانکاریی ئەرێنی لە منداڵەکانمان بکەین و بتوانین فێریان بکەین، تێیانبگەیەنین و پێیان بگەیەنین، کەسایەتییەکی بەهێزیان بۆ دروست بکەین و توانای بڕیاردانیان هەبێت، لە هزریاندا ئامانجێکیان بۆ دروست بکەین و، فێری پلانی ڕۆژانەیان بکەین، فێریان بکەین چۆن کاتەکانیان ڕێك بخەن، بەتایبەت کاتی خەو کە زۆر گرنگە بۆیان دیاری بکرێت، هەروەها دروستبوونی پەیوەندیی هاوڕێیانە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی دایك و باوکان بتوانن ئامانجەکەیان بپێکن لەگەڵ هەر هەنگاوێك کە بۆ بەرەو پێشچوونی منداڵەکانمان مەبەستمانە، دەبێت خۆمان دوو هەنگاو بەرەو پێشەوە بڕۆین، چونکە نابێت خۆمان کەسایەتیی لاوازمان هەبێت، بەڵام بڵێین دەبێت منداڵەکانمان بەهێز بن، کەواتا ئێمە ئاوێنەی منداڵەکانمانین، جگە لەوەی کە کۆمەڵگە و ژینگەی دەوروبەریش کاریگەریی خۆیان هەیە. منداڵ هێزێکی زۆری هەیە، ئەگەر ئەو هێزانەی منداڵ ئاراستە نەکەین، بە دڵنیاییەوە ئەو هێزە دەگۆڕێت بۆ هەڵچوون کە زیانی بۆ خۆی و خێزان و کۆمەڵگەش دەبێت . بەڕاستی ئەرکی دایك و باوکە، پێش چوونی منداڵەکانیان بۆ باخچە و قوتابخانە بتوانن پەروەردەیەکی دروستی منداڵەکانیان بکەن، چونکە چوونی منداڵ بۆ قوتابخانە تەنیا کڕینی جلوبەرگ و قەڵەم و دەفتەر و جانتا نییە، بەڵکو بە لایەنی کەمەوە دەبێت منداڵ پێش چوونە قوتابخانە فێری چۆنیەتی لەخەوهەستان و سڵاوکردن و نانخواردن و خۆئامادەکردن و پاکوخاوێنی و ڕێزگرتن لە کتێب و کەلوپەلەکانی ناو قوتابخانە و ڕێزگرتن لە هاوپۆلەکانی و مامۆستاکان و خۆدوورخستنەوە لە شتە لاوەکییەکان و ڕێزگرتن لە پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان و ئاڵای پیرۆزی نیشتمان و سەروەرییەکانی وڵات و پاکڕاگرتنی ژینگە بکرێن، بەڵام بەداخەوە ئاستی هۆشیاریی زۆربەی دایك و باوکان زۆر لاوازە بەرانبەر پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، بۆیە بە پێویستی دەزانم کە دایك و باوکان لەو تەمەنەی پێش

**هیوادارم هەموو ئافرەتان ئامانجەکانیان ڕوون بێت، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ببنە سمبول و ترۆپکی خێزان و کۆمەڵگە**

**ئەتەکێتی قسەکردن و توانای تێگەیاندنی دایک و باوکەکان بۆ منداڵەکان جیاوازە و ئەو جیاوازیانە منداڵی جیاواز بەرهەم دەهێنن**

**ئێمە ئاوێنەی منداڵەکانمانین، جگە لەوەی کە کۆمەڵگە و ژینگەی دەوروبەریش کاریگەریی خۆیان هەیە**

**مامۆستا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە پەروەردە و فێرکردنی نەوەکانمان و لە دوای دایک و باوک شیاوترین مرۆڤە بتوانێت منداڵەکانمان ئاراستە بکات**



چوونی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە، تەواو منداڵەکانیان ئامادەبکەن، ئەو ئاستە خراپەی کە ئێستا لە قوتابخانەکان هەستی پێ دەکرێت دایك و باوکان لێی خەتابارن و پێویستە هۆشیارتر بن.

**٢. بەڕێوبەرایەتیی قوتابخانەکان و مامۆستایان بەتایبەتی:**

بەڕاستی مامۆستا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە پەروەردە و فێرکردنی نەوەکانمان و لە دوای دایك و باوك شیاوترین مرۆڤە بتوانێت منداڵەکانمان ئاڕاستە بکات،(سەعیدی نوورسی) دەفەرموێت: «ئەو کەسەی کاکڵەی دەست نەکەوێ بە توێکڵەوە سەرقاڵ دەبێت».

بۆیە ئەرکی مامۆستایە قوتابی ئاڕاستە بکات، ئەو هێزەی کە هەیەتی بتوانێت بیدۆزێتەوە و پەروەردەیەکی دروستی قوتابی بکات، مامۆستا دەتوانێت مرۆڤی بەرهەمهێنەر دروست بکات، ئەگەر مرۆڤی بەرهەمهێنەر بەرهەم نەیەت، ئەوا کۆمەڵگەیەکی ناتەندروست لەدایك دەبێت، بۆیە ئەگەر قوتابی پەروەردە نەکرا، ئەوا تەنیا بە توێکڵەوە خەریك دەبێت و دەبێتە نیشانەیەك بۆ هەموو تیرەکان.

**٣. وەزارەتی پەروەردە:**

وەزارەتی پەروەردە دەتوانێت زیاتر سیستەمی پەروەردە بەرەو پێشەوە ببات بە دابینکردنی بژێویی باشتر بۆ مامۆستایان بۆ ئەوەی چیتر مامۆستایان لە خەمی پەیداکردنی بژێویی ژیانی خۆیان نەبن، بەڵکو تەنیا ئامانجیان پەروەردەکردنی ڕۆڵەکانی نیشتمان بێت. ئەوەی لە توانایدایە بیکات لە قوتابخانەکاندا لە ڕووی گەشەپێدانی هزری قوتابیان لە ڕێگای سمینار و چالاکی و هۆشیاکردنەوەی قوتابیان و پەروەردەیەکی دروستی قوتابیان.

کاتێك کە دایك و بابان و مامۆستا و وەزارەتی پەروەردە ئامانجیان بوو و توانیان پەروەدەیەکی دروستی منداڵەکان بکەن» ئەوا بە دڵنیاییەوە خێزانی تەندروست، کۆمەڵگەی تەندروست و مرۆڤی بەرهەمهێنەر بەرهەم دێنێت.

# داهێنانی چوارین لە یەک دێڕ

لای هەموان زانراوە چوارین و مێژوویی چوارین ڕەگی ڕۆچووەتە قووڵایی مێژووی وێژەی کوردی، لەم دەروازەیەوە خزمەتی یەکجار زۆر کراوە، هۆزانڤانان شاکاری بەپێز و بەهێز و پەندئامێز و ئامۆژگاری و ئەڤینداری و فەلسەفی وکۆی بوارەکانیتری لەخۆ گرتووە، گەنجینە و سەروەتێکی وێژەیی دڵسۆزانە و پیرۆزانەیان پێشکەشی نەتەوەکەمان کردووە.

خۆم کەمێ ئاگادارم ئەوەی لێم دیارە لە مێژووی وێژەی کوردیدا ژانری شیعر و چوارین لە ڕەوانشاد (بابا تاهیری هەمەدانی ناسراو بە عوریان ) سەری هەڵداوە و سەرچۆپیگری ژانری شیعری چوارین بووە، بە دوایەوە ئیتر زۆر هۆزانڤانی دیکە لەم بوارەدا خزمەت و پەیامی خۆیان لە ڕێی چوارینەوە گەیاندووە،لێرەدا وەکو ڕێزێکی وێژەیی و وێژەوانی و شکۆداری بۆ ئیمپراتۆری شیعری کوردی و چوارینەکانی ( بابا تاهیری هەمەدانی، عوریان) درووود و سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاك و بەرزەفڕی، کە بە شانازییەوە لە ڕووی وێژەوە بوو بە ناسنامە و شوناسی نەتەوایەتیمان، هەمو دەزانین چوارین لە دوو دێر دەنوسرێت و چوار ڕیز پێك دەهێنیێ، ناوی خۆی بە خۆیەوەیەتی، چوارین.

خۆشەویستان پێم باش بوو چەند ڕوونکردنەوەیەکی گرنگ و دەگمەنی ئەزموونی خۆم لە بواری چوارین و ژانری چواریندا بخەمە ڕوو بۆ سەرجەم هۆزانڤان و شیعردۆستان و کۆی وێژەوانی کورد و جیهان.

لێرەوە لە گۆڤاری گوڵان بەسوپاسەوە ئەم داهێنانەم ڕادەگەیەنم و پێشکەشی وێژەی کورد و وێژەوانی کۆی گەلانی جیهانی دەکەم، ئەویش (داهێنانی چوارین لە یەك دێڕ) بەواتایەکی دیکە و ڕوونتر، چوارین لە دوو ڕستە هەرهەمان تایبەتمەندیی چوارین پێك دەهێنێت کە لە چوار ڕستەدا خۆی دەنوێنێت.

بەپێی ئەو هەوڵ وزانستە وێژەییەی خۆم، توانیومە سەرکەوتووانە چوارین لە (دوو دێڕەوە بکەم بە یەك دێڕ ) یان لە چوار ڕستەوە بیکەم بە دوو ڕستە، لەم داهێنانە نوێیەدا هەمان یەك دێڕ بە دوو دێڕ دەخوێندرێتەوە و دوو ڕستە بە چوار ڕستە دەخوێندرێتەوە.

لەوەیش گرنگتر و سەرنجڕاکێشتر هەمان (داهێنانی چوارینی یەك دێڕ ) زیاتر لە (٣٠) جاریتریش بە شێوازی جیاواز دەخوێندرێتەوە و خۆی لە زیاتر لە (٦٠) پەڕدەدات، دیسان لەوانەش زیاتر سەرسوڕهێنەرتر داهێنانی نوێی چوارینم کە لە یەك دێڕ بەرهەم هێناوەو، دوو ڕستەیە هەرخۆی پەرتوکێکی خنجیلانە و نامیلکەیەکی نایاب پێك دەهێنێت.

داهێنانی چوارینی یەك دێڕ چەند بەش و پێناسەی جیاواز و هێڵکاریی ئەندازەیی یەکتربڕی جۆراوجۆر و، هەروەها شیکاری و شرۆڤەی ناوازەی تایبەت بە شێوازی خوێندنەوە بۆ خوێنەران ڕێك خراوە.

بەوپەڕی شانازییەوە ئەم داهێنانەم کە پێشتر نە بینراوە و نە بیستراوە و نە نووسراوە، بە پیرۆزبایی گەرمەوە پێشکەشی فەرهەنگ و وێژە و زمانی کوردی دەکەم.

هیوادارم ئەم شێوازە جیاواز و ڕێبازە نوێیە ببێتە دەروازەیەکی دیکەی خزمەتکردنی وێژەی دەوڵەمەندی کوردی، دەخوازم لە خوشك و برای هۆزانڤانی وێژەی کوردی زیاتر برەو بە ژانری



غالب حەساری

بۆ گوڵانی نووسیوە



چوارینی نویَ بدەن توانا هزرییەکانی خۆیان تەرخان بکەن و هەوڵی زیاتر و جوانتر بدەن بەم ڕێچکەیە و جوانییەکی دیکە بخەنە سەر جوانییەکانی وێـژەی کـوردی.

لـە کۆتاییدا هیـوادارم بـە (داهێنانـی چوارینـی یـەك دێـڕ) توانیبێـتم، یـان لـەو ئاستەدا بووبـم کـە خزمەتێکـی تـرم گەیاندبێـت بـە وێژە و فەرهەنـگ و زمانـی شـیرین و ڕەسـەنی کـوردی، لـە گـەڵ ڕێـزدا ....

دەقی داهێنانی چوارین لە یەك دێڕ

خۆشەویستم هۆش و هەستم تۆی مەبەستم دەستکە دەستم
دەتپەرستم ئەی چاومەستم تۆی هەڵبەستم بە تۆ مەستم

غالب حەساری ٣/ ٣/ ٢٠١٧ هەولێر

**پوختەی چوارین**

خۆشەویستم هۆش وهەستم تۆی مەبەستم دەستکەدەستم
دەستکەدەستم تۆی مەبەستم هۆش وهەستم خۆشەویستم
دەتپەرستم ئەی چاومەستم تۆی هەڵبەستم بەتۆ مەستم
بەتۆ مەستم تۆی هەڵبەستم ئەی چاومەستم دەتپەرستم

**تێبینی :**

- چەندیـن داهێنانـی تـری نوێـم لـە چواریـن کـردووە لێـرە جێـی نییـە باسـی بکـەم
- هەروەها چەندین جۆریتری داهێنانی لێك جیاوازی نوێی شیعری کوردیم نووسیوەتەوە، بە داخەوە پێم چاپ نەکراون ؟

**بۆ زانیاری**

- سـاڵی٢٠١٧(لووتکەی داهێنان)یـەك چواریـن بـە ٢١٢ جـار دەخوێندرێتـەوە چاپکـراوە پێشکەشـی زانکۆکانـی کوردسـتان و کتێبخانـەی کوردیـم کـرد.
- داهێنانـی ٤چوارینـی ٤چوارینـی ٨چواریـن داهێنانێکـی تـری چوارینـە هەرلێـرە لەژمـارەی ١٦٩٣ پـەڕی ٥٨ ڕۆژی١٥ ١١ ٢٠٢١ لەگۆڤاری گـوڵان پێشـکەش کـرد.
- بە کورتی زیاتر لە ٤٠ کتێبی هۆنراوەی چاپ نەکراوم ماون٢٠ کتێبێکیان داهێنانی نوێیە.



# پشیلەکەی تایلۆر سویفت خاوەنی ٩٧ ملیۆن دۆلارە

دەکرێت ئاژەڵە ماڵییەکانیش سامانی پاکیان هەبێت و ئەگەر بەخت هاوڕێ بێت، یان لە ئەنجامی بەختی خاوەنەکانیانەوە بێت، بۆ نموونە ئەستێرەی پۆپ تایلۆر سویفت خاوەنی یەکێك لە دەوڵەمەندترین پشیلەکانی جیهانە.

بەپێی لیستی ساڵانەی دەوڵەمەندترین ئاژەڵە ماڵییەکان، پشیلە خۆشەویستەکەی تایلۆر کە لە جۆری سکۆتلەندی فۆڵد بەناوی ئۆلیڤیا بێنسۆن سامانەکەی ٩٧ ملیۆن دۆلارە، بەمەش دەبێتە سێیەم دەوڵەمەندترین ئاژەڵی ماڵی لە جیهاندا، وەك لە لیستی دەوڵەمەندەکانی ئاژەڵە ماڵییەکاندا هاتووە، سامانی ئۆلیڤیا دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵەیەك لە فۆڵۆوەرکردن، دەرکەوتنی سۆشیال میدیا و کلیپی گۆرانییەکانی تایلۆر.

بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتەی گۆڤاری Pure Wow بڵاوی کردووەتەوە، بە سامانە گەورەکەی کە ٩٧ ملیۆن دۆلارە، ئۆلیڤیا لە دەرەوەی جیهانی کاریگەرەکانی ئینستاگرام، سەروەت و سامانی خۆی بەدەست هێناوە، کە شانبەشانی خاوەنەکەی (تایلۆ سویفت) ڕۆڵی سەرەکی تێدا گێڕاوە و لە چەندین کلیپ و ئەو کەلوپەل و کاڵایانەی کە سویفت دەیخاتە بازاڕەوە، لە چەندین ڕیکلامی گەورەدا دەرکەوتووە، لەنێویاندا ڕیکلامەکانی دایت کۆك.

ئەو پشیلە دەوڵەمەندە لە کلیپی (Blank Space)دا دەرکەوتووە کە لە ئێستادا زیاتر لە سێ ملیار بینەری هەیە لە یوتیوب، هەروەها لە ڕیکلامێکی AT&T شانبەشانی تایلۆر سویفتی خاوەنی گۆرانیبێژ و ئاوازدانەرەکەی ڕۆڵی سەرەکی بینیوە.

جێگای سەرنجە کە دوو پۆستی یەکەم لە ڕیزبەندی ئاژەڵە دەوڵەمەندەکان لەلایەن گونتەر شەشەمەوە دەستکەوتووە، کە سەگێکی شوانی ئەڵمانییە و خاوەنەکەی خاوەن کۆمپانیای گونتەرە و بەهای ٥٠٠ ملیۆن دۆلارە، هەروەها پشیلەیەك بە ناوی نالا کە زیاتر لە چوار ملیۆن فۆڵۆوەری هەیە لە ئینستاگرام، و سەروەتەکەی بە ١٠٠ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت.

لە پشت (ئۆلیڤیا) سەگە بەناوبانگەکانی ئۆپرا وینفری - سادی، سەنی، لۆرن، لیلا و لۆك دێن کە سەروەتەکانیان بە ٣٠ ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت.



# نیکۆڵ کیدمان لە ئافرەتانی عێراق و ئەفغانستان نزیک دەبێتەوە

بەپێی زانیارییەکان خانمە ئەکتەر (نیکۆڵ کیدمان) ڕۆڵی ئەفسەرێکی پایەبەرزی ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکا دەبینێت لە زنجیرە درامایەکی نوێی (تایلۆر شێریدان)ی دەرهێنەری زنجیرە تەلەفزیۆنیی بەناوبانگ (یێلۆستۆن).

زنجیرە نوێیەکە بە ناوی (Lioness)ـە، لە بەرهەمهێنانی کۆمپانیای (Paramount Plus) باس لە بەرنامەیەکی واقیعیی (CIA) دەکات، کە ژمارەیەك ئافرەتی هێزی دەریایی ئەمریکی (مارینز) ئامادە دەکات، کە توانیویانە لە ئافرەتانی عێراق و ئەفغانستان نزیکتربن، زیاتر لەوەی کە پیاوان ڕێگەیان پێ دەدەن.

بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی (IMDB) جگە لە ڕۆڵی پاڵەوانی لە زنجیرەکەدا، هاوکات نیکۆڵ کیدمان شانبەشانی شێریدان بەرهەمهێنەری جێبەجێکاری زنجیرەکەشە، کە باس لە کچێکی گەنجی هێزی دەریایی ئەمریکی دەکات، ئەم کچە لەلایەن (سی ئای ئەی)ـەوە ئامادە دەکرێت، بۆ ئەوەی هاوڕێیەتی کچی نێو گرووپێکی تیرۆریستی بکات، بەمەبەستی کۆتاییهێنان و لەناوبردنی ڕێکخراوەکە لە ناوەوە.

لەلایەن خۆیەوە گۆڤاری (Variety) ڕایگەیاند کیدمان ڕۆڵی سەرپەرشتیارێکی باڵای ئاژانسەکە دەگێڕێت، شانبەشانی کارەکتەری سەرەکی (لیسلا دی ئۆلیڤێرا) کە گەنجێکی نێو ڕیزەکانی هێزی دەریایی ئەمریکییە و بەوە ناسراوە کە بەرگەی سەختییەکان دەگرێت، بەڵام بە پەرۆشە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی خۆی سەرەڕای ئەو ئاستەنگیانە ڕووبەڕووی دەبنەوە.

کارەکتەری کیدمان، کایتلین مید کە بە یەکێك لە جەنگاوەرە دێرینەکانی (سی ئای ئەی) وەسف دەکرێت و، خاوەن ئەزموونێکی دوور و درێژی کارکردنی هەواڵگری و سیاسییە، ئەرکەکەی وا دەخوازێت کە خۆی لەگەڵ بارودۆخە گۆڕاوەکانی ژیاندا بگونجێنێت، چونکە لە ئاستێکی بەرزی ژیانی هەواڵگریدا دەژی، لە هەمان کاتدا دەیەوێت وەك هاوسەرێك سەرکەوتوو بێت لە ژیانی ئاسایی خۆیدا، کە جگە لەم ئەرکەی ڕێنماییکاری کەسێکی سەلارە و بە گومانەوە بە هەمان ڕێگەی دڕکاویدا دەڕوات کە خۆی لەسەری دەبینێتەوە.


کاستی فیلمەکە بریتین لە زۆی سالدانا، جیل ڤاگنەر، دەیڤ ئانابڵ و لامۆنیکا گارێت.


نیکۆڵ کیدمانی بە ڕەچەڵەك ئوسترالی، خاوەنی مێژوویەکی پرشنگداری بواری سینەمایە، لە ساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتی ئۆسکاری بەدەست هێنا بەهۆی ڕۆڵی لە فیلمی The Hours ی ڤێرجینیا وۆڵف، لەم دواییانەشدا بە بەرنامەکانی وەك (درۆی بچووکی گەورە) ناوبانگی لە تەلەفزیۆندا پەیدا کردووە.


# لەبەر چی ڕیالیزم؟

ڕیالیزم (Realism)، زاراوەیەکە لە زمانی ئینگلیزییەوە تەشریفی هێناوەتە نێو زمانی کوردییەوە. ڕەوتێکی هونەرە، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم لە فەرەنسا پەیدا بوو. بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا، وەك ئەوەی لە بەر چاوە، نیگاری بابەت و شت دەکێشێت. مەبەست لە هونەری ڕیالیست، ئەو هونەرەیە کە ئاوێنەی باڵانمای واقیعە. بنەمای هونەری شێوەکاری، دەگەڕێتەوە سەر هونەری کلاسیك، ئەو هونەرەش دەق هاوشێوەی هونەری ڕیالیزمە، پەنا ناباتە بەر فەنتازیا، خۆی تێکەڵکێشی هەست و نەست و ڕەنگدانەوەی دەروون ناکات، ڕێك و ڕاست، بێ پەردە و ڕاستەوخۆ چاو دەکاتەوە، گرتەی جوان، مۆدێل و پۆرتریێتی سەرنج ڕاکێش، دیمەنی دڵگیر و جوان و ناوازە، ڕواڵەت و سیمای قیت و قنج، لە دنیای واقیعەوە دەگوازێتەوە سەر ڕووبەری تابلۆ، یان بە پەیکەر و جۆرە هونەری دیکەی شێوەکاری، بەرجەستەیان دەکات و دایان دەڕێژێتەوە.

تاریق کارێزی










محەمەد خدر، یەکێکە لە هونەرمەندانی ڕیالیستی کوردستان. ئەو پابەندی ئەو ڕێچکەیەی هونەری شێوەکارییە. تابلۆکانی ئەو وێنە نموونەی هەڵبژاردە و جێ سەرنجی ژینگە و دەوروبەری خۆی دەخەنە ڕوو. ئەگەر ئەوەمان لە بیر بێت، دیمەن و ڕواڵەتەکانی ژیان، چ جوان بن یان ناحەز و ناشیرین، چەشنی زەمەن لە ئاوا بوونی نەبڕاوەدان. واتە ئەو جوانی و گرتە و دیمەنەی لە چرکەساتێکدا پێی شاد دەبیت، لەوە دڵنیا بە جارێکی دیکە، بە هەمان شێوەی جاری پێشوو، ناکەوێتەوە بەر چاوت. بە هیچ هەلومەرجێك، دیمەن و گرتە و ڕواڵەتەکانی ژیان، دووبارە نابنەوە. ئیدی لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، هونەری ڕیالیست، کاتێك ڕوون و ڕەوان واقیعمان بۆ دەگوازێتەوە، کارێکی دەگمەن و دانسقەی دیکۆمێنتاری و ستاتیکاییمان بۆ دەکات.

لە مەشق و مانۆری هونەردا، محەمەد خدر هەم ڕۆن ڕەنگ، هەم ئاوڕەنگ بەکار دەهێنێت. بەشێکی بەرهەمەکانی تابلۆ پۆرترێتی هەڵبژاردەی کۆمەڵایەتین، بە زۆری خەڵکی ئاسایی و چینی عەوامی خەڵك، ئەوانەی لە شەقام و کۆڵان و شار و گونددا دەبیندرێن، ئەوانە مۆدێل پۆرترێت و بابەتی سەرەکیی تابلۆی ئەو و شافیگەری ئەون. لە هەڵبژاردنی مۆدێل بۆ تابلۆکانی، ئەو سوورە لەسەر ئەوەی بە جل و بەرگی میللیی کوردەوە بن. لە لایەك پۆشاکی کورد پڕە لە وردەکاریی فۆرم و پێکهاتە، لە هەمان کاتدا لە ڕووی ڕەنگەوە دەوڵەمەندە، شەبەنگێکی دەیان ڕەنگ دەخاتە ڕوو، لە لایەکی دیکەشەوە، جل و بەرگی میللی و نەتەوەیی کورد، خەسڵەتی شوێن و کات بە چڕی دەنوێنن، ئەمە ڕەنگە حەزی هونەرمەند خۆی بێت، لە هەمان کاتدا ناسنامە و مۆرکی شارستانیەتێك دەخاتە ڕوو، بۆ ئێمە وەك جڤاك، بەرهەمی ئەو، خۆ نواندن و خۆ نمایش کردنە، بۆ ئەوی دیکەش، ناسین و ئاشنا بوونە. ئەمانەش ئەرکی گەورەن و شێوەکار کاتێك لە ئەستۆیان دەگرێت، پەیامێکی گەورە دەگەیەنێت، بەرهەمەکەشی وەك بەڵگە گەواهییەك، تا سەردەمانێکی زۆر و لە مەزندەی ئێمە بەدەر، بایەخی هەر دەمێنێت.

محەمەد خدر، زۆر کەم پەل بۆ دەرەوەی بازنەی واقیع دەهاوێت، ئەو زۆر بە مکوڕ بوونەوە وابەستەی واقیعە، کە بە لای ئەوەوە تەژی و چڕە، پێویست بە دەسکاری کردن ناکات، دەسکاری کردنێك کە ڕەنگە بە لای ئەوەوە بچێتە فۆرمی شێواندنەوە. ئەم وابەستە بوونەی بە وردەکاریی واقیعەوە، لەو تابلۆیانەدا زیاتر ڕەنگیان داوەتەوە، کە دیمەنی هەمەجۆر گوندی کوردەواری یان پیشەی خەڵکی شاریان تێدا دەخاتە ڕوو.









شەهرام سەمەد:

یاریزانی لەشجوانی لە وڵاتی بەریتانیا

# گەنجانی کوردستان بە بەراورد بە وڵاتانی دیکە زۆر بەتوانان




هەر چەندە لە ئێستادا لە شارەکانی کوردستان گەنج و لاو بە ڕێژەیەکی زۆر سەردانی هۆڵەکانی وەرزشی دەکەن، بەشێکیان بە مەبەستی جوانبوونی لەشولار و بەشداریکردن بۆ پاڵەوانێتییە جیهانییەکان و، ژمارەیەکیشیان بە هۆکاری جیاواز دێنە هۆڵەکان، زۆرێك لە لاوە کوردەکان ئێستا لە دەرەوەی وڵات دەژین و درێژەیان بە یاریی لەشجوانی داوە و ئاست و ئەنجامی شایستەیان بەدەست هێناوە لە پاڵەوانێتییە جیهانییەکاندا، یەکێك لەم پاڵەوانانەش (شەهرام سەمەد) ـە کە لەدایکبووی ١٩٩٧/١/١ ی قەزای چەمچەماڵە و ئێستا لە وڵاتی بەریتانیا نیشتەجێیە، لە ماوەی ڕابردوودا لە دووپاڵەوانێتیی جیهانیدا بەشداری کردووە و لەسەر ئاستی جیهان توانی پلەی دووەم بەدەست بهێنێت، شەهرام جگە لە هۆڵەکان بۆ هیچ یانەیەك یاریی نەکردووە، گۆڤاری گوڵان لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** ئاستی یاریی لەشجوانی بە شێوەیەکی گشتی چۆن دەبینی لە شارەکانی کوردستان؟**

- کوردستان لە ڕووی لەشجوانییەوە لە ئاستێکی زۆر باشدایە، بە تایبەت لە ناو گەنجاندا.

*** بە بۆچوونی ئێوە وەکو پاڵەوانێك چی بکرێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە؟**

- بە بۆچوونی من هەل بۆ منداڵانیش بڕەخسێت بۆ ئەوەی لە تەمەنێکی گەنجیدا لەشولارێکی ڕێك و تەندروستیان هەبێت، ئەمەش هۆکارێکی باش دەبێت بۆ ئەوەی زیاتر بەرەو پێش بچێت.

*** کردنەوەی پاڵەوانێتی ساڵانە بۆ یەکجار، ئایا دەبێتە هۆکار بۆ پێشوەچوونی ئەم یارییە؟**

-کردنەوەی پاڵەوانێتیی گەورە لە ساڵێکدا کارێکی باشە، بەڵام باشترە هەر چەند مانگ جارێك پاڵەوانێتییەك بکرێتەوە لەسەر ئاستی شارەکانیش بێت یان لە سەر ئاستی یەك شاریش بێت، گرنگ ئەوەیە پشتگوێ نەخرێت، بۆ ئەوەی ئەگەر یاریزان پلەی باشی بەدەست هێنا، هیوای پاڵەوانێتی زیاتر و گەورەتر بکات، بەمەش وەرزش بەرەو پێش دەچێت.

*** گرفتی یاریی لەشجوانی زیاتر لە چیدا ڕەنگ دەداتەوە؟**

- گرفتی ئەم یارییە ئەوەیە کە هەر کەسێك بە ناو مامۆستا بچێت و بە هەڵە ڕێنمایی بدات بە یاریزانان گرفتێکی گەورەیە لەم یارییەدا.

*** کردنەوەی ئەم هەموو هۆڵانە تا چەند لایەنی خزمەتە و چەندیش بازرگانییە؟**

-ئەگەر تەنانەت لایەنی بازرگانییش بێت، هەرکارێکی باشە، چونکە هەر یاریزانێك بچێتە ئەم هۆڵانە پەرە بە لەش و تەندروسی خۆی دەدات.

*** هەست ناکەیت ئێستا ئەم یارییە زیاتر پەرەی سەندبێت لە ناو گەنجاندا؟**

- بە ڕێژەیەکی بەرچاو پەرەی سەندووە، بە تایبەت لە کوردستان، بەڕاستی گەنجانی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ گەنجانی وڵاتانی دیکە زۆر بەتوانان.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتوو؟**

- پلانم هەیە لە داهاتوودا بەرەو پاڵەوانێتیی باشتر و گەورەتر بچم، وە لە داهاتووشدا دەمەوێت خزمەت بە کوردستانی خۆم بکەم و بتوانم لەشجوانی بەرەوپێش ببەم تا خزمەتی نیشتمان بکەم.

*** بەشداریکردن لە وڵاتی بەریتانیا لەم دوو پاڵەوانێتییە و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە چ هەستێکت بۆ دروست دەکات؟**

- بەڕاستی بەدەستهێنانی ئەنجام هەستێکی یەکجار خۆشە کە هەموو ماندووبوونەکانت لە بیر دەباتەوە.



*** تا چەند بەکارهێنانی دەرمانی وزەبەخش کاریگەریی دەبێت لەسەر یاریزانانی لەشجوانی، ئایا ئێوە بەکاری دەهێنن وەکو یاریزان؟**

- بە بۆچوونی من ئەگەر بە بەرنامە بەکاریانبهێنێت و زیادەڕۆیی نەکەیت هیچ زیانێکی نابێت، هەموو یاریزانێکی لەشجوانی گەر بیەوێت لەشێکی جیاوازی هەبێت دەکرێ بەکاری بهێنێت، بەڵام بە چاودێریی کەسانی شارەزا و بە بەرنامە بێت.

*** باشترین ئه نجا مه کا نت وەکو پاڵەوانێك؟**

-لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بەشداریی پاڵەوانیتم کردووە و پلەی دووەمم بەدەست هێناوە.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامی؟**

- لەسەر ئاستی جیهان بە یاریزانی بەریتانی ڕیان تیری سەرسامم.

*** ئاستی ئەم یارییە لە وڵاتی بەریتانیا بەراورد بە کوردستان چۆنە، ئایا گەنجان بەرەو ئەم یارییە دەچن؟**

- گەنجانی کوردستان زۆر بەتوانا تر و ئارەزووی یارییان زیاترە، بەڵام ئەوەی بۆ گەنجانی بەریتانیا ڕەخساوە بۆ گەنجانی ئێمە نەڕەخساوە بەهۆی کار و بژێوی ژیانەوە، ئەمەش وای کردوە گەنجانی ئێمە کەمێك ساردبن لەم یارییە.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت؟**

- بۆ داهاتوو گرنگیی زیاتر بەخۆم دەدەم بۆ یاری و ژیانێکی تەندروست، هانی کەسانی دیکەش دەدەم ببنە نموونەیەکی بەرچاو.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- دەستخۆشی لە گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ئەو هەموو خزمەتەی بە وەرزشکارانی کوردستانی دەکەن.

# دیماریا خولی ئیتاڵیا جێدەهێڵێت



دیماریا ئەستێرەی یانەی یۆڤانتوسی ئیتاڵی، گومانی زۆری لەسەر مانەوەی خۆی لە یانە ئیتاڵییەکە دروستکردووە ئەو یاریزانە بووەتە بابەتی گەرمی هەواڵەکان لە ئیتاڵیا، پاش ئەوەی میدیاکان گوتیان ئەو خۆی لە یاریکردن بەرامبەر یانەی بۆلۆنیا لە خولی ئیتاڵیا دزیەوە.

لە هەفتەی ٣٢ی خولی ئیتاڵیا یۆڤانتوس ڕووبەڕووی بۆلۆنیا بووەوە، لە کاتی مەشقەکاندا و بەر لە دەستپێکردنی یارییەکە، دیماریا لە لیستی یاریزانانی یانەکە بۆ یارییەکە کشایەوە. کاتێک میدیاکانی ئیتاڵیا باسیان لە ڕووداوەکە کرد، ماسیملیانۆ ئالێگری ڕاهێنەری یۆڤانتوس ڕایگەیاند خۆدزینەوە و یارینەکردن لە ئارادا نییە ئەو گوتی دیماریا هەستی بە ئازار کردووە، بۆیە یاریی نەکردووە.

یارییەکە بەیەکسانبوونی هەردوو یانە بەگۆڵێک تەواوبوو یۆڤانتوس ئاستێکی خراپی پێشاندا و ڕکابەرەکانی لە بەدەستهێنانی کورسییەکی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لە وەرزی داهاتوو زیاتر لێی نزیکبوونەوە. میدیای ئیتاڵیا گوتوویانە کاتێک دیماریا زانیویەتی لە پێکهاتەی سەرەکی یارییەکەدا نابێت وای باسکردووە، کە پێکانی هەیە و هەست بە ئازار دەکات، تاوەکو بەیەکجاری لە لیستی یانەکە دووربخرێتەوە.

ئەوەی گومانی لەبارەی دیماریا دروستکردووە و میدیاکان پێیانوایە ئەو ڕاستی نەکردووە لەوەی، کە پێکانی هەبێت قسەکانی ئالێگری ڕاهێنەری یانەکەیە لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بەر لە یارییەکە، کە ڕایگەیاندبوو سەرجەم یاریزانەکانی ئامادەن جگە لە کیێزا و پۆگبا، کە پێکانیان هەیە.

سەرچاوەکان دەڵێن، دیماریا لە یۆڤانتوس هەست بەنیگەرانی دەکات بە چەندین ئەزموونی ناخۆش و تاڵدا، لەسەر ئاستی کەسی و وەرزشی گوزەری کردووە، لە کاتێکدا هێشتا وەرزێکی لە یاریکردن بۆ یانەکە تەواو نەکردووە.

ئەوەی دیماریا لەسەر ئاستی وەرزشی نیگەرانکردووە بەشێکی پەیوەندی بەوە هەیە، کە یۆڤانتوس ئەمساڵ ئاست و ئەنجامەکانی باش نەبوون لە چەندین یاریدا دووچاری شکست و دۆڕان بوون.

لەگەڵ داڕووخانی یۆڤانتوسدا ئاستی دیماریا پاشەکشەی کرد و ئەو هێرشبەرە ئەرژەنتینییە لە دوایین حەوت یاریی یانەکەدا هیچ گۆڵێکی تۆمار نەکردووە، لە کاتێکدا پێشتر بەشداری لە ١٥ گۆڵی یانەکەیدا هەبوو، ٨ گۆڵ و حەوت ئەسیست.

لە دەرەوەی یاریگە، دیماریا یەکێک بوو لەو یاریزانانەی کەوتە ژێر کاریگەریی بابەتی سزادانی یۆڤانتوس وشکاندنی ١٥ خاڵ لە خاڵەکانی ئەم وەرزە، بەهۆی تۆمەتبارکردنی بە فێڵی کارگێری، بەرلەوەی دادگای ئیتاڵیا ١٥ خاڵەکە بۆ یۆڤانتوس بگێڕێتەوە.

تاوەکو ئێستا دیار نییە چارەنووسی ئەستێرە ئەرژەنتینییەکە لەگەڵ یانەکەیدا بەکوێ دەگات یانەی یۆڤانتوس هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی بابەتی دیماریا بە ڕۆژنامەکان نەداوە تەنیا ئەوەندە نەبێت، کە ئالێگری گوتوویەتی دیماریا پێکانی هەبووە.

پێشتر هەندێک سەرچاوە گوتبوویان، دیماریا تەنیا یەک وەرز لەگەڵ یۆڤانتوس دەبێت و دواتر دەگەڕێتەوە ئەرژەنتین.

# یازدە یاریزانی گرانبەها وەرزی داهاتوو گرێبەستیان تەواو دەبێت

وەرزی ٢٠٢٢ ـ ٢٠٢٣ بەرەو کۆتایی دەچێت، بەمەش لە هاوینی ئەمساڵدا کۆمەڵێك یاریزانی گرێبەستەکانیان لەگەڵ یانەکانیان تەواو دەبێت، بەمەش چارەنووسی بەشێك لە یاریزانەکان ڕوون نییە دیارترین ئەو ١١ یاریزان، کە لەم هاوینە گرێبەستەکانیان تەواو دەبێت.

گۆڵپارێز: داڤید دی خیا ئیسپانیا: (مانچێستەر یۆنایتد).

بەرگریکار: میلان سکرینیاری سلۆڤاکیا (ئەنتەر میلان)، ئیڤان ندیکای فەرەنسی (ئینتراخت فرانکفۆرت)، نیلسۆن سێمیدۆی پورتوگالی (وۆڵڤەرهامپتۆن)، ئەلێکس گریماڵدۆ گارسیا (بەنفیکا).

هێڵی ناوەڕاست: یوری تیلێمانسی بەلژیکا (لیستەر سیتی)، ئەندرێ ڕابیۆ (یۆڤانتۆس)، دایچی کامادا ژاپۆن (ئەنتراخت فرانکفۆرت).

هێڵی هێرشبر: مێسی (پاریس سانت جێرمان)، مارکوس تورام فەرەنسا (ئێنتراخت فرانکفۆرت)، بێنزێما (ریال مەدرید).

# مانچیستر لە مۆرکردنی گرێبەستێک لەگەڵ گۆڵکارێک نزیکە

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان باس لە ویستی یانەی مانچستەر یۆنایتد دەکەنەوە بۆ مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ هاری کەین، هێرشبەری یانەی تۆتنهام.

ماڵپەری «تۆتۆ مێرکاتۆ»ی ئیتاڵی گووتی، بەرپرسانی یانە ئینگلیزییەکە هاری کەین کردووە نزیکترین ئامانجی داهاتووی خۆیان ئامادەن ٨٠ ملیۆن یۆرۆ بدەن بۆ بەدەستهێنانی ئەو یاریزانە.

ماڵپەرەکە زیاتر دەڵێ مان یۆنایتد تەنانەت شوێنگرەوەی بۆ گرێبەستکردن لەگەڵ کەین دیارییکردووە، کە لاوتارۆ مارتینێزە، ئەگەر گرێبەستکردن لەگەڵ کەین شکستی هێنا.

گرێبەستی هاری کەین لەگەڵ تۆتنهام لە هاوینی ٢٠٢٤ تەواو دەبێت هەر بۆیە پێشبینیکراوە، کە سپێرز وا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو هێرشبەرە نەبێت.

ماڵپەرە ئیتاڵییەکە زیاتر دەڵێ: مان یۆنایتد دەکرێ ئۆفەرێکی بەبڕی ٨٠ ملیۆن یۆرۆ بدات بۆ ڕازیکردنی تۆتنهام لەپێناو دەستهەڵگرتن لە کەین.

هاری کەین، پێشتریش ئامانجی مان یۆنایتد بووە، بەڵام ئێستا لە هەموو کات زیاتر جێگەی سەرنجی بەرپرسانی یانەکەیە، لە کاتێکدا یانەکە پێویستیی زۆری بەهێرشبەرێکی کاریگەر و ئەزمووندار و سەرەڕم هەیە.





# ڕواندز بە قەیرانی داراییەوە بەشداریی چالاکییەکانی دیکە دەکات



هەر چەندە ئەم وەرزە کارگێڕیی یانەی وەرزشیی ڕواندز دەستکراوە بوون لە هێنانی یاریزانانی جۆراوجۆر بۆ تیپی تۆپی پێی یانەکە و فوتساڵ و یارییە جۆراوجۆرەکان، بەڵام قەیرانی دارایی لە یانەکە بەردەوامە و کارگێڕیی یانەکەش زیاتر لە ١٠٠ملیۆن دینار قەرزارن و بەردەوامیش دەبن لە ئەنجامدانی چالاکییەکان، لەم بارەشەوە سەرهاد سەلام سەرۆکی یانەی وەرزشیی ڕواندز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «گرینگیمان بە سەرجەم یارییە وەرزشییەکان داوە لە یانەی ڕواندز هەر پاڵەوانێتییەك هەبووبێ بەشداریمان کردووە، بۆ نموونە خولی پلە یەکی کوردستان و باسکەی پلە دووی عێراقی و فوتساڵی کوردستان و عێراق لە نایاب و تێنسی سەرزەوی و شەترەنجی کوردستان و خولی لاوان، گەرچی یانەیەکی بێ داهاتین، جگە لەوەش چالاکیی جۆراوجۆرمان زۆرە کە بەشداری دەکەین، بەڵام چەندین یانەی گەورە هەیە لە کوردستان تەنیا بەشداریی یەك یاری دەکات بەو هەموو گەورەییەی خۆی»، سەرهاد سەلام لەبارەی قەرزەکانی یانەکەش گوتی: «پارەیەکی زۆر قەرزارین زیاتر لە ١٠٠ملیۆن دینارە، چەند کەسایەتییەك بەڵێنی هاوکاری کردنیان پێ دابووین، بەڵام تاکو ئێستا هاوکاری نەکراوین، بەڵام کێشەی ئێمە ئەوەیە کە هیچ سەرچاوەیەکی داهاتمان نییە، تەنیا سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆیی سۆران هاوکاریی کردووین، هیواداریین هاوکاری بکرێین بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر خزمەتی وەرزش بکەین لە سنوورەکەمان».



# پێشمەرگەی هەولێر چاوی لە ئەنجامی گەورەیە

هەر چەندە یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر ئەم وەرزە ئاست و ئەنجامی شایستە بووە لە هەردوو خولی نایابی یانەکانی کوردستان و جامی کوردستان، کە لە دواین یاریی تیپەکە لە جامی کوردستان لە ناو شاری قەڵادزێ توانی سەرکەوتنێکی گەورە بە ئەنجامی (٤-٠)گۆڵ بباتەوە و بگاتە یاریی کۆتایی و، شانبەشانی یانەی دهۆك یاریی کۆتایی ئەنجام دەدات، لە خولی نایابی کوردستانیش یەکەمی ڕیزبەندی یانەکانی گرتووە و کارگێڕی یانەکەش کار بۆ ئەوە دەکەن، کە ئەمساڵ تیپەکە بتوانێت ئاست و ئەنجامی شایستەی هەبێت لە هەردوو خول، لەم بارەشەوە نیهاد عادل جێگری سەرۆکی یانەی پێشمەرگەی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «سوپاس بۆ خودای گەورە ئێستا ئاستی تیپەکەمان باشە لە هەردوو خولی نایابی کوردستان و جامی کوردستان، کە گەیشتوینتە یاریی کۆتایی جامەکە و لە خولی نایابی کوردستانیش هێشتا خولەکە تەواو نەبووە، هەوڵ دەدەین ئاست و ئەنجامی شایستە پێشکەش بکەین و دڵی هاندەرانی یانەکەمان خۆش بکەین»، جێگری سەرۆکی یانەی پێشمەرگەی هەولێر گوتیشی: «ئەوەی لە تواناماندا بێت بۆ خزمەتکردنی یانەی پێشمەرگەی هەولێر ئەنجامی دەدەین، ئەمساڵیش خولەکە بەهێزە و یانەکان هەوڵی ئەنجامی باش دەدەن، ئامادەکاریی تەواومان کردووە بۆ ئەوەی بتوانین بە پاڵپشتی کارگێڕیی یانەکەمان و دەستەی ڕاهێنەران و یاریزانان، ئەنجامەکانمان باش و بە دەستکەوت بێت، بۆ ئێمە هەموو یارییەکان گرنگیی خۆیان هەیە، تا بتوانین لە نازناوەکان نزیك ببینەوە».

# دهۆک تووشی قەیرانی دارایی بووە

هەر چەندە تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی دهۆك لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی ئەنجامەکانی بەرچاو بوو لەم وەرزە، بەڵام چەند یارییەکە ئاستی دابەزیوە، هۆکاریشی بۆ نەبوونی توانای دارایی باش دەگەڕێتەوە، لەبارەی بارودۆخی یانەکە کاوەئیبراهیم ڕاهێنەری گۆڵپارێزەکانی یانەی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تاکو ئێستا کێشەی مووچەی یاریزانەکانمان چارەسەر نەبووە، لە یاریی بەرامبەر هەولێر کاپتنی تیپ لەگەڵ سەرۆکی حکومەتیش قسەی کردبوو، تیپی خولی کوردستان چوار مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە، خولی عێراقیش بۆ دوو مانگ دەچێت، نیو مووچەیان وەرگرتووە، سەرۆك یانە و ڕاهێنەر و کارگێڕییەکان لەماڵەوە هێنابوویان، چەکمان هەیە، پارە سەرف ناکرێت لە بانك، خۆشتان دەزانن یاریزانەکانی ئێمە پیشەگەرن لە ئەفریقیا هاتوون و بۆ مووچە و گرێبەست یاری دەکەن، یاریزانەکانی بەغدا و بەسراش بە هەمان شێوە داوای گرێبەست و مووچە دەکەن، هیواداریین سەرۆکی حکومەت هاوکارمان بێت و کێشەکانمان چارەسەر بکات و چەکەکانمان بۆ سەرف بکات، ئێمە هێشتا هەر جلی زستانمان لەبەرە بۆ یارییەکان»، کاوە ئیبراهیم گوتیشی: «ئێمە ناتوانین زۆر زەخت لە یاریزانەکانمان بکەین، کە یاریزان ئاسوودە نەبێت ناتوانێ ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، هیوادارم لە ڕێگەی پارێزگاری دهۆکەوە هاوکاریمان بکەن، چونکە یانەکانی دیکەی کوردستان هەموو هاوکاری دەکرێن، تەنیا دهۆك و جەماوەرەکەی نەبێت، مووچەی یانەکەمان ١٠٤ملیۆن دینارە کەس هاوکاریمان ناکات، یانەکانی شورتە و جەوییە مووچەیان زۆر زیاترە لە ئێمە، هیواداریین بە زووترین کات هاوکاریمان بکەن و گرفتەکامان چارەسەر بکەن، با چیتر یانەی دهۆك لەوەی خراپتر نەبێ و ناوێکی دیارین لە خولی نایابی عێراقی.





# سوودە تەندروستییەکانی پاودەری کاکاو



پاودەری کاکاو دەوڵەمەندە بە گەلێك ماددەی دژەئۆکسان لە جۆری ڤلافۆنۆلەکان Flavonols و پۆلیفینۆلەکان Polyphenols کە خانەکانی لەش لە فشاری ئۆکسان Oxidative stress دەپارێزن، هەروەها کانزاکانی زینك، ئاسن، سیلینیۆم بە ڕێژەیەکی باش لەخۆدەگرێت. پاودەری کاکاو Cocoa powder سوودی تەندروستیی زۆری هەیە، بەتایبەتی کە ڕێژەی کاکاو لە ناویدا لە ٧٢٪ کەمتر نەبێت، وەکو: باشترکردنی فرمانەکانی مێشك بەتایبەتی توانای بیرهاتنەوە، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، باشترکردنی تەندروستیی ماسوولکە و دەمارەکان، هاندانی زووتر چاکبوونەوی برین بە هۆی ڕێژە بەرزەکەی کانزای زینك (تۆتیا)، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، باشترکردنی هاتووچۆی خوێن، دابەزاندنی پەستانی خوێن، دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، کەمکردنەوی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە و چەند جۆرێکی شێرپەنجە، کەمکردنەوەی زیانە لابەلاکانی چارەسەر بە تیشك لە تووشبووانی شێرپەنجەدا، کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی ماددەی تیۆبرۆمین، هەروەها کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش.

# بەهای خۆراکیی دۆشاوی خورما

دۆشاوی خورما Date syrup وەکو شیرینکارێکی Sweetener سرووشتی و تەندروستییانە سوودی لێ وەردەگیرێت، بەتایبەتی کە دەوڵەمەندە بە کانزای ئاسن کە هاندەرە بۆ زیادبوونی خڕۆکە سوورەکانی خوێن و خۆپاراستن لە کەمخوێنی، هەروەها پرۆتین، ڕیشاڵ، شەکری سرووشتی لە جۆرەکانی گلوکۆز و فرکتۆز و سوکرۆز، لەگەڵ کانزاکانی مەگنسیۆم و فۆسفۆر و ڤیتامینەکانی B١، D، C، A، B٢، B٣،B٥، B٩.

سوودە تەندروستییەکان: وەکو سەرچاوەیەکی باشی وزە کە پێویستە بۆ هەموو چالاکییەکانی لەش و مێشك، خۆپاراستن و چارەسەرکردنی قەبزی، زیادکردنی بەکتریای سوودبەخش لە کۆئەندامی هەرسدا، پاراستنی چاو لە وشکبوون و باشترکردنی بینین، بەتایبەتی لەکاتی شەودا، خۆپاراستن وچارەسەرکردنی کەمخوێنی، بەتایبەتی لە ئافرەتی دووگیاندا، سووککردنی هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکی، زیادکردنی کێشی لەش بۆ کەسانی لاواز، پاراستنی تەندروستیی پێست و هاندانی گەشەی قژ، بەهێزکردنی ئێسکەکان و سووککردنی ئازاری ڕۆماتیزمیی جومگەکان، پاراستنی تەندروستی و تۆنی ماسوولکەکان، هەروەها سووککردنی کرانەوەی قورگ، پێویستە ئەمەش بزانرێت کە دۆشاوی خورما لەبەر ڕێژە بەرزەکەی شەکر بۆ تووشبووانی نەخۆشیی شەکرە گونجاو نییە.






# زیانە لابەلاکانی چارەسەری کیمیایی

چارەسەری کیمیایی Chemotherapy واتە بەکارهێنانی چەند دەرمانێك بۆ لەناوبردنی خانە شێرپەنجەییەکان، بەڵام ئەم دەرمانانە کاریگەری دەکەنە سەر خانە تەندروستەکانیش لە لەشدا. ئەگەرچی چارەسەری کیمیایی بۆ زۆربەی جۆرەکانی شێرپەنجە سوودی لێ وەردەگیرێت، بەڵام گەلێك زیانی لابەلای بۆ لەش هەیە، کە بریتین لە: بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نارێکبوونی لێدانەکان دڵ، لاوازکردنی سیستمی بەرگریی لەش، سکچوون یان قەبزی، هێڵنج، کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، بێهێزبوونی دەست و قاچەکان هاوکات لەگەڵ تەزین یان سڕبووندا، ئازار لەکاتی پیادەڕۆییدا، هەستکردن بە ساردبوونی لەش، ئازار و پووکانەوە یان کەمبوونەوەی بارستایی ماسوولکەکان، ئازار یان ناڕەحەتیی گەدە، گرفت لە هەستی بیستندا، هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی جەستەیی، گرفت لە بیرهاتنەوەدا، سەرسووڕان، خەمۆکی، کولبوونی دەم، پەیدابوونی پەڵەی سوور لەسەر پێستدا کە لەوانەیە هاوکات بێت لەگەڵ خورشت، گۆڕانی ڕەنگی نینۆکەکان، تەنکبوون یان هەڵوەرینی کاتیی قژ، واتە پاش تەواوبوونی کۆرسی دەرمان قژ گەشە دەکاتەوە، گرفت لە فرمانی گورچیلەکاندا بە شێوەی بینینی خوێن لەگەڵ میزدا لەگەڵ ئازار، سترێس، گرفت لە نووستندا، پەستی بەتایبەتی لە ئافرەتدا.

کە باسی شەکرەکان دەکرێت، واتە شەکرە سرووشتییەکانی ناو خۆراکی سرووشتی لەگەڵ شەکرە زیادەکان Added sugars واتە ئەو شەکرانەی کە لە پیشەسازیی خۆراکدا دەخرێنە ناو خۆراك، یان بۆ شیرینکردنی خۆراك و شلەمەنییەکان بەکار دێن، وەك: شەکری سپی بۆ چای، قاوە، کاکاو، شەربەت، کاستەر، کێك، حەلوا، ئایس کرێم... تاد. خواردنی بڕی زیادی شەکر سرووشتی بێت یان شەکری زیاد ئاکامی خراپی تەندروستیی لێ دەکەوێتەوە، ئەمە سەلمێنراوە کە زیاد خواردنی شەکر پەیوەندی هەیە بە زیادبوونی کێشی لەشەوە، نەخۆشیی شەکرەی جۆری دوو، نەخۆشیی کۆئەندامی دڵ و سووڕان وەکو بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و نەخۆشیی خوێنبەرەکانی دڵ، لەگەڵ هەندێك جۆری شێرپەنجە، بەتایبەتی شێرپەنجەی پرۆستات، پەنکریاس، لەگەڵ شێرپەنجەی مەمك. لە لێکۆڵینەوەیەکی نوێدا هاتووە کە خواردنی زیاتر لە شەش

# ڕۆژانە خواردنی زیاتر لە شەش کەوچکی شەکر زیانبەخشە!



## نیشانەکانی هەوکردنی گەدە

هەوکردنی گەدە Gastritis واتە هەوکردنی خانەکانی ناوپۆشی گەدە، هەوکردنی درێژخایەنی گەدە بە بەکتریا ڕوو دەدات. هۆکارەکانی هەوکردنی گەدە: جگەرەکێشان، خواردنەوەی ئەلکهول، زیانی لابەلای هەندێك دەرمان وەکو ئەسپرین، بەکتریای هێلیکۆبەکتیر پایلۆری H.pylori بەتایبەتی لە حاڵەتی هەوکردنی گەدەی درێژخایەندا. زۆربەی حاڵەتەکانی هەوکردنی گەدە بێ نیشانەن، بەگشتی نیشانەکان بریتین لە: ئازار لە بەشی سەرەوەی سکدا، هێڵنج، ڕشانەوە، بەدهەرسی، زوو هەستکردن بە تێربوون پاش خواردن، کۆبوونەوەی گاز لە گەدە و ڕیخۆڵەدا، لەگەڵ هەستکردن بە ماندووبوون. هەوکردنی گەدە بە پێنۆڕی گەدە Endoscopy و پشکنینی خوێن یان هەناسە بۆ بەکتریای گەدە یان هێلیکۆبەکتیر دەستنیشان دەکرێت. چارەسەرکردن: لە حاڵەتەکانی هەوکردنی گەدەی درێژخایەن بە بەکتریای هێلیکۆبەکتیر، چەند دەرمانێك بە یەکەوە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەکاردەهێنرێن بۆ لەناوبردنی بەکتریای گەدە بە ڕێنمایی دکتۆر، بەکارهێنانی ئەو دەرمانانەی کە ئاستی دەردانی ترشەڵۆکی گەدە کەم دەکەنەوە، وەکو کۆمەڵەی ئۆمیپرازۆل Omeprazole، لەگەڵ دەرمانی دیکە بۆ سووککردنی نیشانەکان لە ئازار و بەدهەرسی و هێڵنج.



کەوچکی مشتی شەکری سپی (٢٥) ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی ڕەبو، خەمۆکی، لەگەڵ جەڵتەی مێشك زیاد دەکات. هەر کەوچکێکی مشتی شەکر دەکاتە ٤,٢ گرام، کەچی کەوچکێکی پڕ دەکاتە ٧,٥ گرام، واتە خواردنی زیاتر لە سێ کەوچك و نیوی پڕ دەبێتە گرفت بۆ تەندروستی.



# چۆن مامەڵە لەگەڵ بیرکردنەوە نێگەتیڤەکاندا دەکەیت؟

بیرکردنەوەی نێگەتیڤ Negative thought واتە گەورەکردنی شتە بچووکەکان کە ببێتە مایەی نیگەرانی و ناڕەحەتی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك، یان چەند هەفتەیەك یان زیاتر. بیرکردنەوەی نێگەتیڤ هاندەرە بۆ هەستکردن بە خەم و تووڕەبوون هاوکات لەگەڵ بەلاوەنانی هەستە خۆشەکان، هەروەها هاندەرە بۆ گرفتی تەندروستیی جەستەیی (فیزیکی)، بۆیە پێویستە کە مامەڵەی دروستیان لەگەڵدا بکرێت. هەنگاوە دروستەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ بیرکردنەوە نێگەتیڤەکاندا: دوورکەوتنەوە لە دروستکردنی پەلوپۆی خراپ بۆ هەست و بیرکردنەوە نێگەتیڤەکان کە دەبێتە ئەگەری هەستکردن بە لاوازی و بێ ورەیی، لەوکاتەی کە پێویست بە هەستکردن بە بەهێزبوون دەکات، بینینی ژیانی ڕۆژانە بە شێوەیەکی گەشبینانەتر، تەرکیزکردن لەسەر هەستکردنی ئێستا لەگەڵ درککردن بەوەی کە هەستی نێگەتیڤ و خەم بەردەوام نابێت، بەشداریکردنی هەستەکان لەگەڵ کەسانی نزیك لەوکاتەی کە هەموو کەسێك تووشی بیرکردنەوەی نێگەتیڤ دەبێتەوە، ئەنجامدانی شتێکی دڵخۆشکار و شۆخی یان کەمێك دوورکەوتنەوە لە فشاری کار، نزیکبوونەوە لە شتی کۆمیدی و پێکەنین، گرنگیدان بە خۆراك و هاوسەنگکردنی، تەرخانکردنی کاتێکی باش بۆ خەو، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی کە هاندەرن بۆ هەست و بیرکردنەوەی پۆزەتیڤ، هەروەها دروستکردن و پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

# زیرەکیی دەستکرد و داهاتووی م

**ئەمڕۆژانە لە بابەتە گەرم و ڕۆژەڤەکانی ڕۆژانە، بابەتی زیرەکی دەستکردە! زەینی دەستکرد هەموو جومگەکانی ژیانی مرۆڤ دەتەنێتەوە. ئایا زەینی دەستکرد هەڕەشە و مەترسییە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی،**

زیرەکیی دەستکرد واتە (Artificial intelligence) کە زۆرتر بە کورتکراوەکەی ناوی دەهێنرێت واتە (Ai) تەکنەلۆژییەکی نوێیە بە جۆرێك لە جۆرەکان بیردەکاتەوە، مەبەست لەبیرکردنەوە وەك ئێمەی مرۆڤ نییە، بەڵام دەیەوێ لاسایی مرۆڤ بکاتەوە.

**زیرەکیی دەستکرد چییە؟**

هێشتا زانایانی بواری تەکنەلۆژیای نوێ، هاوڕا نین لە سەر پێناسەیەکی ورد بۆ زیرەکی دەستکرد، بەڵام زۆربەیان وای پێناسە دەکەن.

زیرەکیی دەستکرد وەك مرۆڤ بیردەکاتەوە، ژیرانە بیردەکاتەوە. وەك مرۆڤ هەڵسوکەوت دەکات، ژیرانە هەڵسوکەوت دەکات.

**پێناسەیەکی سادە لە زیرەکیی دەستکرد:**

زیرەکی دەستکرد Artificial intelligence لقێکە لە زانستی کۆمپیوتەر، ئامانج لێی بەرهەمهێنانی ڕۆبۆتە کە توانای ئەنجامدانی ئەرکە مرۆییەکانی هەبێت.

ئامانجی زیرەکیی دەسکرد: فێربوون، لێکدانەوە و تێگەیشتن لە فەرمانە مرۆییەکان.

مێژووی داهێنانی زەینی دەستکرد بۆ سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی دەگەڕێتەوە، ئەوکات زانایەکی بەریتانی بەناوی (ئالێن تۆرینگ) هەوڵیدا زەینێکی دەستکرد بەرهەم بێنێ کە کۆدەکانی شەڕ ئەوانەی لەلایەن ئەڵمانییەکانەوە دەنووسران بکاتەوە.

**کارایی و تواناکانی زیرەکیی دەستکرد:**

زیرەکیی دەستکرد بەگشتی خۆی دەخزێنێتە هەموو کار و ئەرکی






# رۆڤایەتی

**یا پشتیوان و یاریدەدەری مرۆڤە و ئەرکەکان ئاسان دەکاتەوە؟ هەر لە ڕاستیدا زەینی دەستکرد چییە؟**

مرۆڤایەتی، لە تەندروستی و ژینگەپارێزیەوە بگرە هەتا ئەمینیەت و ئاسایش، لە ڕاگەیاندنەوە بگرە هەتا دەگاتە پەروەردە و فێرکردن.. هەربۆیە مەترسی دەکرێت لە داهاتوودا بە هەزاران و ملیۆنان کەس لە سایەی زیرەکیی دەستکردەوە بێکار بن. ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر مرۆڤایەتی.. بۆ نموونە لە کەناڵێکی ڕاگەیاندندا پێویست ناکات سەدان کارمەند کار بکەن، دەکرێ چەند کەسێك کار بکەن کە بتوانن کۆنترۆڵی زەیرەکیی دەستکرد بکەن و کارەکان بە زیرەکی دەستکرد بسپێرن. هەروەکو ئەم ڕۆژانە بۆ تاقیکاری کەناڵێکی ڕاگەیاندنی وڵاتی کوێت تاقیکردەوە.

لە بانکەکان و لە فرۆکەخانەکان و تەنانەت کۆمپانیا و سوپەرمارکێتە زەبەلاحەکانیش ڕۆڵی گەورە دەگێڕن. هەر ئێستاکە chatGPT کە بە زمانی کوردیش وەڵام دەداتەوە، توانیویەتی لە بواری داتابەخشین شوێنگرەوەیەکی باشی بەدواداگەڕانی وێبگەڕی گوگڵ بێت. هەڵسوکەوتی مرۆڤ دیاری دەکات ئایا زیرەکیی دەستکرد دەبێتە بەڵایەك بۆخۆی، یا پشتیوان و یاریدەدەری؟

## کاتژمێرێک دەبێتە ڕیمۆت کۆنترۆڵی ئۆتۆمبیل

بیرۆکەی کاتژمیری زیرەك کە شوێنی ڕیمۆت کۆنترۆڵی ئۆتۆمبیل بگرێتەوە، بیرۆکەیەکی زۆر سەرکەوتووانە و بە سوودە. کۆمپانای BYD خاوەنی ئەم بیرۆکەیە و بە کردەوەش هەنگاوی بۆ بەرهەمهێنانی کاتژمێرێکی زیرەك بەرهەم ناوە کە شوێنگرەوەی سویچی ڕیمۆت کۆنترۆڵی ئۆتۆمبیل دەگرێتەوە. کاتژمێرە زیرەکەکە سەرەڕای ئەوە وەك هەموو کاتژمێرێکی زیرەك، تایبەتمەندییەکانی تایبەت بە وەرزش و چاودێری تەندروستی تێدایە، دەبێتە ڕیمۆت کۆنترۆڵ نە تەنیا بۆ ئۆتۆمبیل بەڵکو بۆ کردنەوەی دەرگای گەراجیش.

دوگمەی پێکردنی ئۆتۆمبیل لە خوارەوە و دوگمەی تایبەت بەداخستن و کردنەوەی دەرگاکانیش لەسەرەوەیە. جگە لەوەش دەکرێت بە سیستەمی زیرەك، کۆنترۆڵی جامەکان، سندوقی پشتەوە و قفڵکردنی خۆکاریش بکرێت. کۆمپانیای بەرهەمهێنی کاتژمێری زیرەك پێیوایە، چونکە کاتژمێر بەردوەوام بە خاوەنەکەیەتی بۆیە زۆر باشتر و گونجاوترە لە سویچ کە زۆر کاران بەکارهێنەرەکەی لەبیری دەکات.



# باندێکی هواوی و تایبەتمەندە جیاوازەکانی



هواوی لە دونیای تەکنەلۆژیای نوێدا ناوێکی ناسراوە، کۆمپانیایەکی گەورەی چینیە کە چالاکییەکانی لە بواری تەکنەلۆژیای نوێدا چڕکردۆتەوە.

لەم دواییەدا کۆمپانیای ناوبراو باندێکی نوێی بەرهەم هێناوە کە بەجۆری Huawei TalkBand B7 ناسراوە. ئەم باندە تایبەتمەندییەکانی لە باندی دیکە جیاوازە. (باند وەك کاتژمێری دەست دەچێت، بەڵام بە کاتژمێر دانادرێت).

شاشەیەکی چەماوەی هەیە کە بەشێوەی 3D نیشان دەدات. لە پۆڵای دژە ژەنگ دروستکراوە. بە داگرتنی دوگمەیەك، بەشی شاشەکە جیا دەبێتەوە و دەبێتە ئایرفۆنێکی تایبەت. لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەدرێت و پەیوەندییەکان لە ڕێگای ئایرفۆنەکەوە وەردەگیرێن. مایکەکەی دەنگەدەنگی زیادی وەرناگرێت.

هەستەوەری لێدانی دڵ، پێوانی ئوکسیجن، هەستەوەری تایبەت بە سوڕی مانگانەی خانمان و هەستەوەری خەوتن و دڵەراوکێی تێدایە. جگە لەوەش چەندین حاڵەتی وەرزشی تێدایە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، نازانم هۆکاری چییە لە فایلێکی word دا پەراوێزەکان پرێنت نابن؟**

خوێنەری بەڕێز، چەند هۆکارێك هەیە بۆ پرێنت نەبوونی پەراوێزەکان، یەکێك لەوانە ئەوەیە کە سنووری لاپەڕەی پرێنتکردنەکەت کەمترە لە خودی لاپەڕەکە، بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا لە بەشی Design بەشی page Borders هەڵبژێرە و دواتر کلیك لەسەر option بکە و ئەم فەرمانە لێبدە Edge of page و بیکە بە text. ڕێگایەکی تر ئەوەیە ئەم فایلەت بگۆڕە کە کێشەی تێدایە و بابەتەکەت بۆ فایلێکی دیکە بگوازەوە. یان فایلەکەت بە pdf خەزن بکە و دواتر پرێنتی بکە.

# ئامێرێکی بچووکی بڵاوکردنەوەی فیلم و دەنگ

کۆمپانیای سۆنی ژاپۆنی لە بەرهەمهێنانی ئامێری بڵاوکردنەوەی دەنگدا، ئەوەی کە پێشووتر بە MP3 ناسرا بوو، لە ڕیزی دەستەبژێرەکان دێت. بەهۆی گشتگیربوونی مۆبایل، ئامێرەکانی بڵاوکردنەوەی گۆرانی و مۆسیقا، بایەخی خۆیان لەدەستدا، چونکە مۆبایل هەموو ئەو پێداویستیانەی تێدایە کە بەکارهێنەر پێویستیەتی.

سۆنی گۆڕانکاری لە ئامێری بڵاوکردنەوەی مۆسیقادا پێکهێنا فۆرماتی MP3 بە فۆرماتی HIDIZS گۆڕی، ئەم فۆرماتە دەنگ بە کوالیتی زۆر بەرز بڵاودەکاتەوە. ئامێری تایبەت بەو فۆرماتەش بەرهەم هاتن کە ئامێری AP80 Pro-X یەکێکە لەو ئامێرانە. ئەو ئامێرە ڕاستەوخۆ فایلی گۆرانی لە ئینتەرنێت وەردەگرێ، هەروەها لەگەڵ مۆبایل و کۆمپیوتەر دەبەسترێتەوە. ئامێرەکە هەم دەنگ تۆمار دەکات و هەم دەنگ وەردەگرێ، نە تەنیا دەنگ بەڵکو فیلمیش بڵاودەکاتەوە. خودی ئامێرەکە لە ئەلۆمینیۆم دروستکراوە و لە مۆبایلێك بچووکترە.





# مۆبایلەکەت بکە بە کامێرایەکی کلاسیک

کامێرا کلاسیەکان و ئەوانەی فیلمیان دەچوو سەر، دوگمەیەکیان هەبوو کە بە دوگمەی شاتر ناسرابوو، بە داگرتنی ئەم دوگمەیە وێنەت دەگرت.

ئامێری SnapGrip ShiftCam وەك دەستگیرەیەك (یدة) دەخرێتە سەر مۆبایل و بەکارهێنەر وا هەست دەکات کامێرایەکی کلاسیکی لەبەردەستدایە و وێنەگرتن بەم ئامێرە چێژی زیاتر بە بەکارهێنەرەکەی دەبەخشێت لەکاتی وێنەگرتندا. ئامێری ناوبراو جگە لەوە پاوەربانکێکی بەهێزە و دەتوانێت، دوو جار لەکاتی پێویستدا هەم بە شێوەی وایەر و هەم بەشێوەی بێ وایەر مۆبایلەکەت شەحن دەکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش دەکرێت وەك پایەیەك بۆ وێنەگرتن سوودی لێوەربگری. کێشی ئەم ئامێرۆکەیە تەنیا ١٤٠ گرامە و قەوارەیەکەشی بچووکە و بەقەد نیوەی مۆبایلێك دەبێت.



## ماڵپەڕێک بۆ بەشی نەخشەسازی و گرافیک


لە بەشی گرافیك و نەخشەسازیدا، ئەوەی ڕۆڵی گرنگ دەبینێت، بێگومان وێنەیە. چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ وێنە ئاستی زیرەکی دیزاینەرەکە دیاری دەکەن. لە سایەی ژیری دەستکرددا ئاسانکارییەکی زۆر بۆ هەموو بەشەکانی جیهانی دیجیتالی کراوە، یەکێکیش لەوانە بەشی گرافیك و دیزاینە. ماڵپەڕی zyro.com/tools/image-upscaler ڕێك بۆ ئەم مەبەستە داندراوە. لەم ماڵپەڕەدا بەکارهێنەر بەبێ شارەزاییەکی ئەوتۆ دەتوانێت کوالیتی وێنەکەی بەرێتە سەرێ، دەستکاری هەموو بەشەکانی بکات، وێنەیەکی فول کوالیتی بۆ مەبەستەکەی خۆی هەڵبژێرێت.

# چاککردنەوەی فایلە ڤیدیۆییە خراپەکان بەو پرۆگرامە بسپێرە

زۆر جاران لەسەر CD یا DVD فایلێکی ڤیدیۆیمان هەیە و فایلەکە نایکاتەوە، یا دەیکاتەوە و لە نیوەی ڕادەوەستێ، یا لەنەکاو دەڵێت فایلەکە تێکچووە. لەکاتێکدا ئەو فایلە ڤیدیۆییە لەلای ئێمە زۆر گرنگە و کەچی لەسەر کۆمپیوتەر بە هیچ پرۆگرامێك ناخوێندرێتەوە.

پرۆگرامی Kernel Video Repair ڕاست بۆ ئەم مەبەستە داندراوە، ئەم پرۆگرامە هەموو فایلە ڤیدیۆییە تێکچووەکان چاك دەکاتەوە و پشتیوانی لە هەموو جۆرە فۆرماتێکی ڤیدیۆیی دەکات. بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامەکە ئەمانەن:

- چاککردنەوەی گشت جۆرە فایلێکی تێکچووی ڤیدیۆیی بە هەر قەوارەیەك و بێت.
- پشتیوانی لە فۆرماتە گرنگەکانی ڤیدیۆیی و هەموو فۆرماتێك دەخوێنێتەوە.
- بەکارهێنانی زۆر ئاسانە و تەنانەت بەکارهێنەری زۆر ناشارەزاش دەتوانێت بەکاری بێنێت.
- کوالیتی فیلمەکە دەپارێزێ و تێکی نادا.
- بەر لە خەزنکردنی فیلمەکە بە چاککراوی، بۆ دڵنیایی بەکارهێنەرەکەی فیلمەکە نیشان دەدات.




# چەند ڕەنگێک نینۆکە کورتەکانت درێژ دەر دەخەن



ئەو ڕەنگانەی یارمەتیدەرن بۆ درێژنیشاندنی نینۆك، بریتیین لە ڕەنگە تاریك و تۆخەکان، کە جیاوازی لەگەڵ ڕەنگی پێست و دەست دەبێت، هەروەها دانانی نەخشی ستوونی بە ئاراستەی پەنچەکان دەبێتە هۆی نیشاندانی نینۆکەکان بە درێژترین شێوە، بۆ نموونە ئەگەر ڕەنگی نینۆکەکانت قاوەیی یان سەوز بێت، نەخشێکی ستوونی لە نینۆکەکان بە ڕەنگی سپی لەگەڵ قاوەیی و شین لەگەڵ سەوزەکەدا نینۆکەکانت درێژتر دەردەخەن. بۆ ئەوانەی کە نینۆکیان درێژە، نایانەوێت درێژییان بەرچاو بێت، دەتوانن نەخشی ئاسۆیی لە نینۆکەکانیاندا بەرپا بکەن، لەگەڵ هەڵبژاردنی ڕەنگی کراوە وەك: سوور، بێجی، زەرد. لەلایەکی دیکەشدا ئەو ڕەنگانەی باون بۆ ساڵی تازە کە لەلایەن دیزاینەر (سالی هانسەن) ئاماژەی پێداوە، بریتییە لە پێنج ڕەنگی دەوڵەمەند بە ڕەنگی سوور، لەوانە: سووری خاو، سووری جەرگی، سووری خوێن، سووری تۆخ، سووری بریقەدار، هەموو ئەوانە جوانترین ڕەنگی ساڵی تازەن، ئەگەرچی گرنگی بە ڕەنگەکانی دیکە نەداوە، چونکە ئەو پێنج ڕەنگەی بۆ شوێنی گشتی و دەرچوون تەرخان کردووە.







# نەرم و ناسکیی پێیەکانت نازداریت دەردەخەن

دەگوترێت یەکێك لە نیشانەکانی ناسکی و نازداریی خانمان ئەوەیە کە دەست و پێیەکی ناسك و جوانی هەبێت، بەو پێیەی کە هەمیشە دەست و پێ بەدەرەوەن، بۆیە زیاتر بەرچاون، خانمان بەهۆی کاری ڕۆژانەوە پێیەکانیان لە نێو ئاودایە و لە کاتی ئیشدا تووشی چەندین کێشە دەبنەوە، کەشی گەرماش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر پێستی پێیەکان دەبێت، کە دەبێتە هۆی قلێشان و چرچ و لۆچ بوون، هەروەها شێوەی پێیەکان نەشیاو و ناشیرین دەکەن، چارەسەریش لە ڕێگەی پۆشینی سەندڵی قوماش و خوری و بەنە، کە ئەو جۆرە پێڵاوە جگە لەوەی مۆدێکی ناسك و شیکە، هەروەها کەرەستەیەکە بۆ پاراستنی قاچەکان، وێڕای ئەوەی هۆکارێکیشە بۆ ڕێگەگرتن لە کەوتن و بەربوونەوە لە نێو ماڵدا، جگە لەوەی قاچەکانت لە ساردی دەپارێزن، بە تایبەت ئەو کاتانەی کە خەریکی کاری ماڵ دەبیت. ئێستا ئەو جۆرە سەندڵە لە بازاڕەکاندا هەن، نموویەکی زیندوون بۆ جوانی و شیکیی مۆدێکی ناسك لە قاچەکاندا، ئەرکێکی دیکەش لە دەگرێتە ئەستۆ کە پاراستنی قاچەکانە لە سەرما، تۆش هەوڵ بدە ڕەنگی سەندڵەکەت پەمەیی، سوور، شین، سەوز بێت، یان ئەوانەی بە نەخش و قردێلە ڕازاوەتەوە.

# شێوازی دروستی هەڵبژاردنی جانتای دەست



جانتای دەستت، هێمای جوانی و کارامەییت لە هەڵبژاردنی کەرەستەکاندا دیاری دەکات، کاتێك لەگەڵ کچە هاوڕێکانت بەیەکەوەن، یەکێکیان دەپرسێت جانتاکەت جوانە و لە کوێت بەدەستهێناوە، مانای ئەوەیە کە کەرەستەیەکی دروستت هەڵبژاردووە، مارکەی شانێل، هەمیشە پێشەنگە لە دەرخستنی جانتا تازە و ناوازەکان، کە زۆربەیان جێگەی سەرنجی هەمووانن و هەروەها بە دەست ئافرەتانەوەن، جوانترین دیمەن بە لەشولاریان دەدەن. بەرهەمە تازەکەی شانێل، بریتییە لە جانتای بریقەدار و ڕەنگ زیووی، کە لە دوو جۆر پێك هاتوون، جۆری یەکەم دەسکی جانتاکە درێژە و دەخرێتە سەر شان، جۆری دووەمیش جەنتای دەستە و دەسکی نییە، تەنیا بە دەستەوە دەگیرێت، ئەو جۆرە نوێیە بە ناوی ( Flap)ـە، جوانیی ئەو جانتایە لەوەدایە کە دەسکەکەی لە هەمان ڕەنگی جانتاکەدا نییە، بەڵکو ڕەنگێکی دیکەیە، هەروەها سێ چارەك یان بەشێکی جانتاکە لە نەخشێکی دیکەیە، کە جیاوازە لەگەڵ نەخشی سەرەکی جانتاکە.





# شتڵە تەماتەیەکی پڕ بەرەکەت

سرووشتی شتڵ و داری تەماتە، ژمارەیەکی کەم تەماتە دەگرێت، کە ئەوەش خەونی جووتیاران نییە، بەڵام جۆرە شتڵە تەماتەیەکی ئیتاڵی سەرنجی جووتیارانی ڕاکێشاوە بەوەی زۆرترین تەماتە دەگرێت، ئەو شتڵە تەماتەیە، بە ئەختەبووت ناسراوە، بەهۆی ئەوەی ڕەگ و لق و پەقێکی فراوان و بەربڵاوی هەیە، هەروەها ڕێژەیەکی زۆر تەماتە دەگرێت، ئەو دارە بە شتڵە تەماتەی (ئیتاڵی) ناسراوە، ئەو دارە ئێستا لە نمایشگایەکی نزیك شاری (واڵت دیزنی) لە شاری فلۆریدای ئەمریکی دانراوە، کە درێژیی لق و پۆقی ئەو شتڵە تەماتەیە دەگاتە (٧) مەتر و (٢٦) سەنتیمەتر، بەهۆی درێژییەکەی کەپرێکی بچووکیان بۆ کردووە تا لە ئاسماندا بەرز ببێتەوە و هەموو خەڵك بە سانایی بەرچاوی بکەویت، دارەکە پڕ بەرووبەوومە و هەر تەماتەیەکی (٦) سەنتیمەتر دەبێت، جگە لەوەی تەماتەکانی گەورەن، هەروەها ژمارەیەکی زۆریش دەگرێت.





# مل خولاندنەوەی کوندەبوو

کوندەبوو بەوە ناسراوە کە دەتوانێت سەری بە پلەی (٢٧٠) پلە بخوولێنێتەوە، بەبێ ئەوەی زیانیشی پێبگات، کە ئەو حاڵەتەش زۆر بە ئەستەم دەبینرێت تەنیا لەو کاتانەی کە کوندەبوو بیەوێت لە دوای نێچیردا بێت، یان بۆ حەسانەوەی سەر و ملی ئەو کارە دەکات، وێنەگرێکی بەریتانی بە ناوی (مایلز هێربێرت) ی (٥٣) ساڵ، توانی سووڕای ملی کوندەبوو بکاتە جوانترین وێنە فۆتۆگرافەرەکانی خۆی، لەو کاتەی سەردانی دارستانی (فریتهام) لە نێو فۆریستی شاری هامشایر دەکات، چاوی ئەو کوندەبوویە دەکەوێت و وێنەی ئەو کاتەی سووڕانی ملی کوندووبوویەکە دەگرێت، کە بە خێرایەکی یەکجار زۆرەوە ملی دەسووڕێنێت.



# حەمە ڤاینەر: لە سەردەمی مۆبایلی نۆکیاوە دەستمان بە ڤیدیۆ و گرتەی ڤاین کرد

**موحەمەد ڕزگار، ئەو کوڕە گەنجەی توانی لە تەمەنێکی بچووکەوە بە هاندی ئاسایی و ساڵانی ٢٠٠٧ شارەزایی لە کاری نواندن و ڤیدیۆی کورتی کۆمێدیی (ڤاین) چەندین کاری بچووک بکات، تا ئەو کاتەی لەلایەن کەسانی دیکەوە ستایشی کارەکانی کرا و جەماوەری هەبوو توانی لەسەر ئەو کارە بەردەوام بێت، بە قسە خۆش و ڤیدیۆ پڕ زەردەخەکانی، توانیویەتی دڵی جەماوەر و هەوادارانی خۆش بکات، لە چاوپێکەوتنێکی گوڵاندا وەڵامی چەند پرسێکی دایەوە بەم جۆرە:**

*** نازناوی حەمە ڤاین یان ڤاینەر چۆن پەیدا بوو، ئایا پێت خۆشە بەو ناوە ناسراویت؟**

- ئێمە لە ساڵی ٢٠١٢ دەستمان بە کاری کۆمیدیا کرد، بۆیە ئەو ناوەشمان هەڵبژارد چونکە ناوی موحەمەد زۆرە، من ناوی خۆم موحەمەد ڕزگارە، لایڤێکمان کردەوە کە ڕای خەڵکمان وەرگرت، کە چ نازناوێك بۆ کارەکەم گونجاوە، خەڵك زۆربەی گوتوویان (ڤاینەر)، ڤاین واتە کورتە ڤیدیۆی کۆمێدی، ڤاینەر واتە ئەوەی کۆمیدیا بەڕێوە دەبات، زۆریش دڵ خۆشم و ناوبانگێکی باشم پێی پەیدا کرد.

*** بیرۆکەی دەستپێکردنت بە کاری ڤاینەری چۆن بۆ هات؟**

-لە ساڵی ٢٠٠٧ بە هاندی زۆر ئاسایی بە دوو مۆبایل بە ئامێرەکانی نۆکیا کورتە کۆمێدی و شیعرخوێندنەوە و شتی خۆشیمان وێنە و ڤیدیۆ دەکرد، کارەکەمان لەوێوە سەری هەڵدا.

*** بڕوانامەت لە چیدا هەیە و چۆن شارەزای بەکارهێنانی ڤیدیۆ و ڤاینکردن بوویت؟**

-ئێستا لە زانکۆی سەلاحەدین لە بەشی زمانی تورکی دەخوێنم، شارەزاییم لە ڤیدیۆ و کارەکەمدا وەك وەرەسەیەك لە کەسانی خزم و باوباپیرانمان بۆ ماوەتەوە، نموونەش هونەرمەند و ئەکتەری گەورە خوای لێ خۆش بێت، جەلال بەیارە، کە خاڵی باوکمە.

*** لە نێو ناودارانی ڤایندا یەکێکیت لە کەسێتییە دیارەکان، تا چەند هەست دەکەی جەماوەر بەو کارەت دڵخۆشن؟**

- بەهۆی ئەوەی خەڵك ئێمەی خۆش دەوێت و کارەکەمان لەگەڵ کۆمەڵگەیە، نەمانویستووە خەڵك بەلاڕێدا ببەین، زیاتر ویستوومانە پەندێك یان وانەیەك ببەخشین، تاوەکو ئێستا ٥٠٢ ڤیدیۆمان هەیە و بەردەوامیش دەبین، چونکە خەڵك ئێمەی گەورە کردووە و پشتگیریمان دەکەن.

*** پاڵپشتی خێزان و دایك و باوکت چۆن بوو کە دەستت بە کاری ڤاین کرد؟**

-وەکو پاڵپشتی گەورەم دایکمە، کە زوو زوو دەڵێ کوا ڤیدیۆی نوێت، من خوشك و برام نییەو تاقانەم، لەلایەن خاڵم و دایکم گەورە کراوم، هاوسەرگیریشم نەکردووە.

*** پڕۆژە و کاری داهاتووت هەیە؟**

- کاری داهاتووم، زۆر جار هەوڵی کاری فیلمی سینەماییم داوە، بەڵام پشتگیریم نەبووە، تاوەکو بەم دواییە سیناریۆیەکی خۆم لەلایەن خۆم و تیمەکەمەوە ئامادە کرا، کە دوو کاتژمێر و نیوە وە و سێ مانگی خایاندووە بە ناوی (شەهید) بەڵام سپۆنسەر نەبوو و تەنیا وەزارەتی ڕۆشنبیری وەك مەعنەوی پشتگیری کردین، بەڵام دەرامەتمان نەبوو کاری لەسەر بکەین، کە نرخێکی زۆر کەمە، بەڵام پشتگیریمان نەبووە.

*** مانگانە چەند ڤین لە سناپ و ستریك و پۆست بڵاو دەکەیتەوە؟**

- ئێستا هەفتانە ڤیدیۆیەك بڵاو دەکەینەوە واتە مانگی چوار ڤیدیۆ، بەڵام ڤیدیۆکانی ئێستا درێژن و وەکو جاران نییە کە کورت بێت، زیاتر لە ئینستاگرام و یوتۆب و فەیسبووك، کە هەندێکیان زیاترن لە ١٢ خولەك، لە ساڵی ٢٠١٩ پلەی یەکەمی ئاستی کوردستان بووین لە بواری کۆمێدیا و خاوەن فیریڤا و بڕوانامە و قەڵغانی یوتوبین، کارەکانمان ڕێگە پێدراوە، هەروەها خاوەن گۆڵد ستارین لە سناپچات.

*** بۆ خۆشی و کامەرانیی خۆت یان بۆ بەدەستهێنانی ماددی کاری ڤین و بلووگەری دەکەی؟**

-پێشتر من لە ساردەمەنی کارم دەکرد، بەهۆی کاری ڤاینەوە وازم لە کارەکەم هێنا کە داهاتێکی باشم هەبوو، تاوەکو شەش ساڵ بە خۆڕایی ئەو کارەم دەکرد و بەبێ بەرامبەریش ڤیدیۆمان بڵاو دەکردەوە، تەنانەت بە تاکسی هاتوچۆی زانکۆ و کاری خۆم دەکرد، دواتر خزمان و کەسانی نزیك ڕخنەی ئەوەیان گرت، کە کارێکی پرۆفیشناڵ دەکەن، بۆ بە خۆڕایی ئەو کارە دەکەی، ئێستا کارەکانمان بەردەوامە، چەندین ڕێکلامم ڕەت کردووەتەوە کە بە پارەی زۆرەوە بۆم هاتووە، بەڵام زیانی بۆ خەڵك هەبووە، بۆیە نەمکردووە.

# خاوەنی زیاتر لە ٤٠٠ جووت پێڵاوە



هەمیشە خانمان حەز بە زۆرترین جلوبەرگ و هەبوونی کۆمەڵێك پێڵاوی جۆراوجۆر دەکەن، کە هەر ئافرەتێك زیاتر لە (٤) تا (٥) جووتە پێڵاوی هەیە، بەڵام کەسیان ناگەن بەو کچە بەریتانییەی خاوەنی خانوویەك پێڵاوە، ئەو کچە ناوی (کاتی پۆرتەر)ە، تا ئێستا نزیکەی (٢٨) هەزار دۆلاری لە کڕینی (٤٠٠) جووتە پێڵاودا سەرف کردووە، ئەو ئافرەتە خولیای پێڵاوە و هەر ڕۆژێك زیاتر لە سێ تا چوار جووت پێڵاو لە پێی دەکات، شوێنێکی تایبەتی بۆ پێڵاوەکانی تەرخان کردووە کە (٢٠) مەتر دووجا دەبێت، خووگرتنی ئەو ئافرەتە بە پێڵاوەوە لە تەمەنی (١٢) ساڵییەوە دەستی پێ کردووە و تا ئێستا بەردەوامە.



## دیمەنە سەیرەکان

هۆکاری جەنگی جیهانی ئەو پیاوەیە (ناوی گاڤریلۆ پرێنسیپ)ـە و لەدایکبووی ٢٥ی تەمموزی ساڵی ١٨٩٤ لە سربیا، ئەم کەسە وای کرد کە جەنگی یەکەمی جیهانی ڕوو بدات، کە بووە هۆکار مردنی ملیۆنەها کەس، چونکە لەو کاتە هەڵسا بە کوشتنی شازادەی جێنیشینی نەمسا، لە دوای ئەوەوە کێشەکان گەورە بوون و بووە هۆی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی.

## یاسا



**ئەگەر پیاو داوای جیابوونەوە بکات چی لەسەر دەکەوێت**

یەکەم/ تا سێ مانگی دوای تەڵاقەکە ژنەکە مانگانە نەفەقەی دەکەوێت کە بڕەکەی ١٢٥هەزارە بۆهەر مانگێك.

دووەم / منداڵەکان نەفەقەیان دەکەوێت، کوڕ تا خوێندن تەواو بکات و کچیش تا هاوسەرگیری بکات، بڕی نەفەقەکەش بۆ هەردووکیان ٣٠٠هەزارە.

سێیەم / ژنەکە مافی وەرگرتنی کرێی دایەنیی هەیە کە مانگی ٨٠ هەزارە، ئەمەش تا ئەوکاتەی منداڵەکان دەبنە ١٥ساڵ.

چوارەم / ژنەکە مافی ئەوەی هەیە داوای قەرەبووی تەڵاقی ناڕەوا بکات کە بڕەکەی سێ بۆ چوار ملیۆن دینارە.

پێنجەم / ژنەکە هەموو ئاڵتوونەکانی دەکەوێت بە پێشەکی و پاشەکییەوە.

شەشەم/ لە کەلوپەلی ناوماڵ هەرشتێك ژنەکە خۆی کڕیبێتی یان خزمانی بۆیان هێنابێت، دەبێت پێی بدرێتەوە.

حەوتەم / ئەگەر پیاوەکە خانووی تاپۆی هەبێت، ئەوە دەبێت چۆڵی بکات و تاماوەی سێ ساڵ ژنەکەو منداڵەکان تێیدا بژین.

هەشتەم / هەرشتێك بەدیاری درابێت بە ژنەکە، بۆخۆی دەبێت، بۆنموونە لەکاتی هاوسەرێتییاندا پیاوەکە بەدیاری دە مسقاڵ زێڕی بۆکڕیبێت.

**کاوڕ** ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەو ڕێگەیەی لەلایەنی پیشەییەوە هەڵتبژاردووە ڕاستە، تەنیا پێویستە لەسەری بەردەوام بیت و ڕێگە نەدەیت بەربەستەکان بتوەستێنن و پاشگەزت بکەنەوە، کاتێك دەدۆزیتەوە بۆئەوەی لەگەڵ خۆشەویستەکەت بیت و زۆرترین کات پێکەوە بەسەر بەرن.

**گا** ٤/٢٠ - ٥/٢٠

کەسێکی نزیکت دەبینیت و گرفتەکانتی بۆ باس دەکەیت، ئەمەش یارمەتیت دەدات زووتر ڕێگەچارەکان بدۆزیتەوە، باشترە ئەم ماوەیە وریاتر پارەکانت خەرج بکەیت، دەنا زیانت پێ دەگات و تووشی گرفت و ئاستەنگی دارایی دەبیتەوە.

**جمک** ٥/٢١ - ٦/٢٠

گۆڕینی پیشەکەت یارمەتیت دەدات داهاتێکی باشترت هەبێت، هەروەها گۆڕانکاری سوودی هەیە بۆ ئەوەی لە ڕۆتینی ڕۆژانەت دوور بکەویتەوە، لە ڕووی تەندروستییەوە پێویستە هەنگاوێکی ئەرێنی بنێیت بۆئەوەی جەستەیەکی چالاکت هەبێت.

**قرژاڵ** ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەو گرفتانەی ماوەیەکی زۆرە مێشکی سەرقاڵ کردویت چارەسەر دەبن و ئاسوودە دەبیت، لە لایەنی پیشەییەوە هەوڵ بدە زیاتر بەدواداچوون بکەیت و زانیاری کۆبکەیتەوە، ڕێگە مەدە سەرقاڵیت وا بکات تەندروستیت فەرامۆش بکەیت.

**شێر** ٧/٢٣ - ٨/٢٢


ئەگەر دەتەوێت چێژ لە کاتە پشووەکانت وەرگریت، پێویستە بزانیت خۆت بە چییەوە سەرقاڵ دەکەیت، خۆت بە کێشەی کەسانی دیکەوە سەرقاڵ مەکە، لە ڕووی پیشەییەوە بەهۆی ئەوەی کارەکانت بەو شێوە بەڕێوە ناڕوات کە پلانت بۆی داناوە بێ هیوا دەبیت.

**گوڵەگەنم** ٨/٢٣ - ٩/٢٢


بە یارمەتی خێزانەکەت دەگەیت بەو ئاستەی ماوەیەکی زۆرە خەونی پێوە دەبینیت، باشترە ئەم ماوەیە ڕەخنەکانت بۆ کەسانی چواردەورت کەم بکەیتەوە، دەنا زیان بە پەیوندییە کۆمەڵایەتییەکانت دەگەیەنیت و دواتریش پەشیمانی سوودی نابێت.

بۆ زانیاریت

## هەسارەی Cancri



هەسارەی Cancri کە بەشێکی تەواوی بریتییە لە ئەڵماس، بەم دواییانە دۆزراوەتەوە نرخی ئەم هەسارەیە خەمڵێندراوە بە ٢٦,٩٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ نۆنلیۆن دۆلاری ئەمریکی، بەڵام بە داخەوە دووریی ئەم هەسارەیە مرۆڤی بێ ئومێد کردووە لەوەی کە پێی بگات، چونکە ٤٠ساڵی ڕوناکی لێمانەوە دوورە کە دەکاتە ٢٣٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ ترلیۆن مایل، پلەی گەرمیی سەر ئەم هەسارەیە زۆر بەرزە کە دەگاتە نزیکەی ١٦٤٨ پلەی سەدی و بارستاییەکەی هەشت ئەوەندەی بارستایی زەویە و بە دەوری ئەستێرەیەکدا دەخولێتەوە کە لە خۆر دەچێت، وە دەکەوێتە مەداری قرژاڵەوە، ئەم هەسارەیە بە خێراییەکی زۆر بە دەوری ئەستێرەکەیدا دەخولێتەوە، بە ڕادەیەك کە یەك ساڵی سەر هەسارەکە ١٨ کاتژمێر دەخایەنێت، سێ یەکی ئەم هەسارەیە ئەڵماسە، کە دەکاتە سێ ئەوەندەی بارستایی زەوی.



## پەند و وتە

جەیمس کارۆتێرس گاریسۆن، یەکێك لە ڕابەرانی ئەتۆرنی ئۆرلیانسی پاریش، هەروەها ئەندامی پارتی دیموکراتە لە ئەمریکا، لە دایکبووی ساڵی ١٩٢١ی شاری لووایە لە ئەمریکا، لە ساڵی ١٩٩٢ لویزانا کۆچیی دوایی کردووە، دەربارەی باسکردنی خەڵك دەڵێت: ئەو کاتەی هەستت کرد کە جێگەی باسکردنی خەڵکیت و قسە و باست لەسەرە، گوێی پێ مەدە و دووبارە هەڵسەنگاندنی خۆت بکەوە و خۆت لەو زەرەرە بە دوور بگرە کە زیان بە ڕۆح و هەستت دەگەیەنن.

## فیلم

### قژ زەرد بەشی(٣)
### Legally Blonde 3




یەکێکە لە زنجیرە فیلمەکانی قژ زەردینە، کە لە ساڵی ٢٠٠١ دەستی پێکردووە، باس لە کچێکی قژ زەرد دەکات کە هەمیشە کێشە دەنێتەوە و چەندین جاریش تێکەوتووە، بەشی یەکەمی فیلمەکە لەلایەن کچە ئەکتەر ڕیس ویسەرسپوون بوون، لە ساڵی ٢٠٢٣ بەشی سێیەمیشی بەرهەم هاتووە، کە باس لە کەتنەکانی کچە قژ زەردینەیەك دەکات، فیلمێکی کۆمیدی و سەرکێشیە، لە دەرهێنانی جەیمی یوك، لە بەرهەمهێنانی ڕیس ویسەرسپوون و مارك پلاکە، لە نواندنی ڕیس ویسەرسپوون و جینیفەر کولیدگ و جەسیکا کاوفی و ئەلانا ئۆباچ و لوك ویلسۆن.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کێشەکانت لە ڕووی پیشەییەوە بە ئاسانی چارەسەر نابن و ئەنجامەکانت بەو شێوەیە نابێت کە داتناوە، بیر لەوە بکەرەوە داوای هاوکاری لە هاوپیشەکانت بکەیت، ئێستا کاتێکی باشە بۆ ئەوەی هەستەکانت بۆ خۆشەویستەکەت دەربخەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کەسانێك ناچارت دەکەن دەست لە خەونەکانت هەڵگریت، باشترە وا ئاسان خۆت نەدەیت بە دەستەوە، بە زوویی دەستبەرداری ئەو شتانە مەبە کە دەتەوێت پێی بگەیت، ئەگەر هیچ کەسێك لە ژیانتدا نییە، بەم زووانە دەکەویتە داوی خۆشەویستییەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە ژیانی تایبەتیت ئەمڕۆ زۆر درەوشاوە و پڕشنگدار نابێت بۆ تۆ، ڕەنگە هەندێك لە کێشەکانت وا بە زویی چارەسەر نەبن، پێویستە ئارام و خۆراگر بیت، لەروی سۆزدارییەوە لەگەڵ خۆشەویستەکەت کات بەسەر دەبەیت و ئاسودە دەبیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


بیرۆکەیەکی باش دەبێت ئەگەر لەگەڵ کەسێکی خۆشەویستت گەشت بکەیت و فشاری دەروونی کەم بکەیتەوە، کەمێك لە بەرپرسیارێتی دوور بکەوەرەوە و کاتەکانت لە ناو سرووشتدا بەسەر ببە، ناتوانیت بزانیت کێ لە چواردەورت متمانەپێکراوە، هەربۆیە وریای خۆت بە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

کاتێکی باش نییە بۆ ئەوەی تەواوی گرفتەکانت بۆ کەسانی دیکە باس بکەیت، تەنیا خۆت دەتوانیت یارمەتیدەری خۆت بیت، تەندروستییەکی باش یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی کاری باشتر بکەیت و بەرهەمی باشترت هەبێت لەلایەنی پیشەییەوە.


### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠


ئەو پەیوەندییانەی ماوەیەکی زۆرە بچڕاندوتە، ئێستا کاتیەتی دووبارە پەیوەندییەکان بنیاد بنێیتەوە و کۆتایی بە ناکۆکییەکان بهێنیت، لە لایەنی داراییەوە توشی گرفت نابیت، لە ڕووی سۆزدارییەوە خوانێکی ڕۆمانسی بۆ خۆشەویستەکەت ئامادە بکە.



بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly May 8, 2023 Issue,No.1363


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:
گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی راستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626